زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# بنیاتی شوێن لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا

## دەقەکانی (دلاوەر قەرەداغی و کەژاڵ ئیبراهیم خدر) وەک نموونە

**نامەیەکە**

پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆلێژی زمان زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر کراوە
وەک بەشێک لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردید ا

**لەلایەن**
**کەژاڵ عەبدولقادر عوسمان**
بەکالۆریۆس لەزمان و ئەدەبی کوردی - ٢٠٠٩

**بەسەرپەرشتی**
**پ.ی.د. فوئاد رە شید محەمەد**

ڕەزبەر ٢٧١٥

# بەڵێنامە

من بەڵێن دەدەم کە ئەم ماستەرنامەیە کە ناونیشانەکەی بریتیە لە ***بنیاتی شوێن لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا.. دەقەکانی " دلاوەر قەرەداغی و کەژاڵ ئیبراهیم خدر" وەک نموونە*** هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بەسەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی قوتابی: ***کەژاڵ عەبدولقادر عوسمان***

بەروار:

# پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لەپسپۆری ئەدەبی کوردی من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەمشێوەیەی ئێستا پێشکەشی لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

ناو: **پ. ی. د. فوئاد ڕەشید محەمەد** واژوو:

بەروار: / / ٢٠١٥

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوە و هەروەها ئاماژە بەپشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەم نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:
ناو: **ئیدریس عبدالله مصطفی**
سەرۆکی بەشی کوردی
بەروار: / / ٢٠١٥

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی باڵا لەکۆلێژ
واژوو:
ناو: **د. عاطف عبدالله فەرهادی**
بەروار: / / ٢٠١٥

# بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە

ئێمە وەکو لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەو ماستەرنامەیەمان کە ناونیشانی بریتی بوو لە: (***بنیاتی شوێن لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا.. دەقەکانی " دلاوەر قەرەداغی و کەژاڵ ئیبراهیم خدر" وەک نموونە)*** خوێندەوە و قوتابیەکەمان بە ناوی ***(کەژاڵ عەبدولقادر عوسمان)***بوو، لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستیەکانی بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردیدا تێدایە.

واژوو :
ناو: **پ. د. محمد دلێر ئەمین**
ئەندام
بەروار: / / ٢٠١٥

واژوو:
ناو: **پ. ی. د. ئیدریس عبدالله مستەفا**
ئەندام
بەروار: / / ٢٠١٥

واژوو :
ناو: **پ. ی. د. فؤاد رشید محمد**
ئەندام و سەرپەرشتیار
بەروار: / / ٢٠١٥

واژوو:
ناو: **پ. د. عبدالله عزیز خالد**
سەرۆکی لیژنە
بەروار: / / ٢٠١٥

واژوو:
ناو: **پ. ی. د. شادان جمیل عباس**
ڕاگری کۆلیژی زمان
بەروار: / / ٢٠١٥

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| بەڵێنامە | II |
| پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | III |
| بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە | IV |
| پێشەکی | ١ |
| بەشی یەکەم :- شوێن لەنێوان  واقیع و ئەدەبدا | ٣-١٦ |
| تەوەری یەکەم:- مرۆڤ و شوێن | ٣ |
| أ- ڕەهەندی فەلسەفی | ٥ |
| ب- ڕەهەندی فیزیکی | ٧ |
| تەوەری دووەم:- شوێن وەک ڕەگەزێکی ئەدەبی | ٩ |
| تەوەری سێیەم:- بنیاتی شوێن لەشیعردا | ١٢ |
| -چەمکی بنیات لەڕووی زمانەوە | ١٢ |
| - بنیات وەکو زاراوەیەکی مەعریفی | ١٣ |
| -شوێن لەشیعردا | ١٤ |
| بەشی دووەم:- ئامادەبوونی شوێن لەدەقی شیعری هاوچەرخی کوردیدا بەنموونەی دەقەکانی (دلاوەر قەرەداغی و کەژاڵ ئیبراهیم خدر) | ١٧-٧٤ |
| تەوەری یەکەم:- جۆرەکانی شوێن | ١٧ |
| أ- شوێنی واقیعی | ٢٤ |
| ب- شوێنی خەیاڵی | ٢٩ |
| ج- شوێنی هۆگر | ٣٢ |
| د- شوێنی ناهۆگر | ٣٧ |
| ه- شوێنی کراوە | ٤١ |

| | |
|---|---|
| و- شوێنی داخراو | ٤٦ |
| ی- شوێنی دەروونی | ٤٩ |
| ز- شوێنی جەستەیی | ٥٣ |
| تەوەری دووەم:- تۆبۆگرافیای دەق | ٥٨ |
| جۆرەکانی تۆبۆگرافیای شیعری | ٦٤ |
| أ- بۆشایی | ٦٤ |
| ب- بەبڕگەکردن | ٦٨ |
| ج- دەقی پەراوێز | ٧٢ |
| - پێشکەشکردن | ٧٣ |
| بەشی سێیەم:- پەیوەندی شوێن بەڕەگەزەکانی تری هونەرەوە | ٧٥-٩٩ |
| تەوەری یەکەم:- شوێن و وێنەی هونەری | ٧٥ |
| أ - جۆرەکانی وێنە بەپێی ئاستی پێکهاتنیان | ٧٥ |
| -وێنەی تاک یان (سادە) | ٧٥ |
| -وێنەی لێکدراو | ٧٩ |
| -وێنەی گشتی | ٨٢ |
| ب – جۆرەکانی وێنە لەڕووی هەستییەوە | ٨٦ |
| -هەستی بینین | ٨٦ |
| -هەستی بیستن | ٨٨ |
| -هەستی بۆنکردن | ٨٩ |
| -هەستی بەرکەوتن (دەستلێدان) | ٩٠ |
| تەوەری دووەم:- دوالیزمی کات و شوێن | ٩٢ |
| ئەنجام | ١٠٠ |
| سەرچاوەکان | R١٠٣-R١٠٧ |
| کورتەی لێکۆڵینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی | i |

**پێشەکی:**

پرسی شوێن جێگەیەکی گەورە و فراوانی لە هزری مرۆڤ گرتووەتەوە، چونکە شوێن بە دەرکەوتەکان و شێوە و ڕواڵەتە جۆراو جۆرەکانی، خاوەنی گرنگییەکی دەروونی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هزری گشتییە لە هەر لایەنێک لە لایەنەکانی ژیاندا .

لە بەرهەمی ئەدەبیشدا، شوێن پێگە و گرنگی خۆی هەیە، چونکە ئەرکی هونەری و ڕەهەندی جیاواز لەخۆ دەگرێت، لەم سۆنگەیەوە شاعیران لە دەقە شیعرییەکانیاندا بایەخیان بە چەمکی شوێن داوە و ئەمەش کەم تا زۆر لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە .

**هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:**

ئاشکرایە گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی زیاتر لە چوارچێوەی ژانری چیرۆک و ڕۆماندا گرنگی بە ڕەگەزی (شوێن) داوە و کەمتر ئاوڕی لە شیعر داوەتەوە. جا بۆ ئاشنابوون بە چۆنیەتی و چەندایەتی مامەڵەکردنی شاعیرانی کورد لەگەڵ چەمکی (شوێن) ، ئەم بابەتەمان هەڵبژاردووە .

**گرنگی و بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە:**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕادەی کاریگەری و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی چەمکی (شوێن)مان بۆ ڕوون دەبێتەوە، لەنێو شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چونکە لێکۆڵینەوەکە بابەتی چۆنیەتی مامەڵەکردنی شاعیری کورد لەگەڵ چەمکی (شوێن) لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، بە تایبەتی لە ئەزموونی ئەدەبی هەردوو شاعیر (دلاوەر قەرەداغی و کەژاڵ ئیبراهیم خدر) دا .

**ڕێبازی ئەم لێکۆڵینەوەیە:**

لە بەشی پراکتیکی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لە چوارچێوەی ڕەخنەیەکی شیکاریدا سوودمان لە زمان و کەرەسە جیاوازەکانی ڕەخنەی (هونەری) و (شێوازگەری) بینیوە، بە پێی پێداویستی بابەتیانەی لێکۆڵینەوەکە .

**پێکهاتەی ئەم لێکۆڵینەوەیە:**

بە شێوەیەکی گشتی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە :

بەشی یەکەم: بە ناونیشانی (شوێن لە نێوان واقیع و ئەدەبدا) بەشێکی تیۆرییە و لە سێ تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا باسی پەیوەندی (مرۆڤ و شوێن)م کردووە لە هەر یەک لە ڕەهەندەکانی فەلسەفی و فیزیایی. لە تەوەری دووەمدا هەوڵمداوە بە شێوەیەکی گشتی باسی شوێن بکەم، وەک ڕەگەزێکی ئەدەبی، لە تەوەری سێیەمدا باسم لە چەمک و زاراوەی بنیات کردووە، دواتر بە شێوەیەکی تایبەتی باسی (شوێن)م لە شیعردا کردووە.

بەشی دووەم: بە ناونیشانی (ئامادەبوونی شوێن لە دەقی شیعری هاوچەرخی کوردیدا)، ئەم بەشە تیۆری و پراکتیکییە و لە دوو تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا بە شێوەیەکی تیۆری باسی جۆرەکانی (شوێن)م کردووە، کە پێکهاتووە لە (شوێنی واقیعی، شوێنی خەیاڵی، شوێنی هۆگر، شوێنی ناهۆگر، شوێنی کراوە، شوێنی داخراو، شوێنی دەروونی، شوێنی جەستەیی) لە دوای هەر جۆرێکیش نموونەم لە دەقە شیعرییەکانی شاعیران (دلاوەر قەرەداغی و کەژاڵ ئیبراهیم خدر) هێناوەتەوە. لە تەوەری دووەمدا باسی تۆبۆگرافیای شیعری و جۆرەکانیم کردووە کە بریتین لە (بۆشایی، بە بڕگەکردن، پێشکەش کردن)، لەگەڵ هێنانەوەی نموونەی شیعری بۆ هەر یەک لەم جۆرانە.

بەشی سێیەم: تایبەتە بە (پەیوەندی شوێن بە ڕەگەزەکانی تری هونەرەوە). ئەم بەشە تیۆری و پراکتیکیە و لە دوو تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا باسی شوێن و (وێنەی هونەری)یم کردووە بە پێی دابەشکردنێک کە بریتین لە ١- جۆرەکانی وێنەی هونەری بە پێی ئاستی پێکهاتنیان کە لە (وێنەی تاک، وێنەی لێکدراو، وێنەی گشتی) پێکدێت. ٢- جۆرەکانی وێنە لە ڕووی هەستییەوە کە لە (هەستی بینین، هەستی بیستن، هەستی بۆنکردن، هەستی بەرکەوتن) پێکهاتووە، لە تەوەری دووەمدا باسی دوالیزمی (شوێن و کات)م کردووە، لەگەڵ هێنانەوەی نموونەی شیعری.

لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە بە چەند خاڵێک خراوەتە ڕوو، لەگەڵ ڕیزکردنی لیستی سەرچاوەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی، پاشان پوختەی لێکۆڵینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.

# بەشی یەکەم:-
# شوێن لەنێوان واقیع و ئەدەبدا

**١-١: مرۆڤ و شوێن :-**

مرۆڤ و شوێن پەیوەندییەکی بەهێزیان لە نێواندا هەیە، ئەم پەیوەندییەش بۆ سەرەتای ژیانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، لەو کاتەوەی مرۆڤ ژیانی لە ئەشکەوتەکاندا بەسەر بردووە و وەکو ماڵ و جێگەیەک ژیانی خۆی تێیدا پاراستووە، لەناو ئەو پەیوەندییەشدا هەندێجار شوێن کاریگەری خۆی خستووەتە سەر مرۆڤ، جا چ لە ڕووی دەروونییەوە ، یان لە ڕووی گوزەران و کۆمەڵایەتییەوە بێت. هەندێجاریش مرۆڤ کاریگەری خۆی خستووەتە سەر شوێن، کەواتە کارتێکردنی بەردەوام و ئاڵوگۆڕ لەنێوان مرۆڤ و شوێندا هەبووە و هەیە.

وەکو دەزانین ((یەکەم شوێن و سەرەتای دەسپێکی ژیانی مرۆڤ لە منداڵدانی دایکەوە دەست پێدەکات، دواتر بێشکە و دواتر ماڵ و شەقام و دواتر قوتابخانە و دواتر شار یان گوند و ئینجا هەندێ شوێنی دیکە وکۆتاییەکەشی بە گۆڕ دوایی دێت))[١] شوێن سەرچاوەی بوونی مرۆڤە، مرۆڤ لە کۆنەوە گرنگی بە شوێن داوە، بە تایبەتیش ئەو شوێنەی کە تێیدا دەژێت، کەواتە : شوێن ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی هەموو مرۆڤێکدا هەیە، چونکە ئەگەر شوێن نەبێت مرۆڤیش نابێت.

مرۆڤ و شوێن دوو دیوی تەواوکەری یەکترین، هەر مرۆڤە ژیان بە بەر ئەو شوێنەدا دەکات کە تێیدا دەژێت و هەر شوێنیشە ناسنامە بەو مرۆڤە دەبەخشێت کە بەسەریدا گوزەردەکات. (( شوێن بەبێ مرۆڤ بریتیە لە ڕووبەرێک شتی بێ گیان، کە نە ژیان و نە گیانی تێدایە، چونکە مرۆڤ بەو هەست و سۆزەی ، کە لە کەشەکان و وەرزەکانی سروشت وەری دەگرێت یارمەتی دەدات بۆ نەخشاندنی شوێن، واتە وەکو هونەرمەندێک وایە کە ڕەنگەکان هەڵدەبژێرێت ، بۆ ئەوەی تابلۆیەکی هونەری بکێشێت تا لەو ڕێگەیەوە ئەوەی مەبەستییەتی بیڵێت و بیگەیێنێت.))[٢] شوێن ڕەگەزێکی بنچینەیی لە ژیانی مرۆڤ پێک دەهێنێت، کە پەیوەندییەکانی من بە جیهانی دەرەوە توند و تۆڵتر دەکات و ئەو گۆڕانکارییانەش ، لە هزری مرۆڤایەتی بەسەر شوێندا هاتووە زۆرن، کە لەگەڵ خۆیدا لە شوێنێکی سەرەتاییەوە دەگۆڕێت بۆ پێگەیەکی ڕۆشنبیری و دواتر دەیکاتە شوێنێکی ئیستاتیکای هونەری.

---

(١) غاستون باشلار، جماليات المكان، ت:غالب هلسا، ط٢،المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت،١٩٨٤.ص٥.

(٢) شاكر النابلسي، جماليات المكان في الرواية العربية، ط٢، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٤، ص٩٦.

مرۆڤ فاکتەری سەرەکی تێپەڕاندنی ئەو قۆناغانە بووە کە شوێن بڕیویەتی لە ناسینەوەی خۆیدا. ((گواستنەوەی شوێن لە پێگە فیزیکییەکەوە بۆ پێگە ڕۆشنبیریەکەی بە ڕێگەی مرۆڤایەتییەوە تێپەڕ بووە، لەبەر ئەوەی پەیوەندی بوونەوەرانەی شوێن و مرۆڤ بە پەیوەندییەکی پەیوەست دەناسرێتەوە.))([١])

مرۆڤ و شوێن کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەیە، واتا هەم مرۆڤ کاریگەری خۆی خستۆتە سەر شوێن، هەمیش شوێن کاریگەری خۆی خستۆتە سەر مرۆڤ، بەوەی کەوا لە مرۆڤ دەکات لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەی جیاواز، هەڵسوکەوتی جیاواز بکات. بۆ نموونە: ((شوێنە ئاینییەکان وامان لێ دەکات کە پۆشاکێکی داپۆشراو لەبەر بکەین و بە دەنگێکی نزم قسان بکەین، هەروەها شوێنی کارکردنیش پێداویستی خۆی و نەریتی خۆی هەیە، هەروەها شوێنی گاڵتە و گەپ و ڕابواردنیش نەریتی خۆی هەیە.))([٢]) کەواتە هەموو شوێنێک چەند ڕەفتارێکی تایبەت دەسەپێنێتە سەر ئەو خەڵکانەی ، کە تیایدا دەژین کاتێک هەستکردن بە شوێنەکان بەیەکادەچن و نەریت و بەهاکان تێکەڵ دەبن و زاڵ دەبن بەسەر هەموو ئەو شوێنانەوە، جۆرێک لە ئاڵۆزی لە ڕەفتار و لە واتای جیاواز دروست دەبێت. هەر لێرەوە پەیوەندیمان بە شوێنەوە دەوەستێتە سەر چەندین لایەنی تێکەڵەوە، کەوا لە ژیانمان دەکات تێیدا ببێتە پرۆسەیەک ، تێپەڕی توانای هۆشیاریمان بکات و لە نەستەوە تەواو ببێت .

بە پێچەوانەی کاریگەری شوێن لەسەر مرۆڤ لە هەندێ حاڵەتدا مرۆڤ کاردەکاتە سەر شوێن، بۆ نموونە لە کاتی شەڕ و جەنگدا کاتێک سەربازەکانی وڵاتێک بە ئامرازەکانی جەنگ هێرش دەکەنە سەر شارێک یاخود شوێنێک، ڕەنگە بەشێکی زۆری ئەو شوێنە خاپوور ببێت و بە پێچەوانەی ئەوەشەوە کاتێک مرۆڤ دەست دەکات بە بنیاتنانی شارێک یاخود شوێنێکی دیکە، کە بە ئارەزووی خۆی نەخشەی تەلارسازی بۆ دەکێشێ و بنیاتی دەنێت، کەواتە مرۆڤ کاریگەری خۆی لەسەر شوێن بەجێدێڵێت هەم بە لەناوچوونی و هەمیش لە بنیاتنانی. بۆیە دەتوانین بڵێین ،کە : شوێن ڕاستی ژیانە، چۆن کاریگەری بەسەر خەڵکییەوە هەیە، بە هەمان ئەندازەش ئەوان کاریگەرییان بەسەرییەوە دەبێت.

بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر کاریگەری و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شوێن لە چەند ڕەهەندێکی جیاوازەوە لێی دەدوێین :-

---

[١] فيصل غازي محمد النعيمي، العلامة في ثلاثية ارض السواد لعبدالرحمن منيف (دراسة سيمائية، اطروحة دكتوراه، كلية التربية، جامعة الموصل، ٢٠٠٥.ص٨١.

([٢]) سيزا قاسم، القاريء والنص (العلامة والدلالة)، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ٢٠١٣، ص٤٦.

## ١- ڕەهەندی فەلسەفی:-

لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان گرنگییەکی زۆریان بە چەمکی شوێن داوە و قسە و بیروڕای جیاوازییان لەبارەی شوێن و چیەتی شوێن و واتاکانییەوە درکاندووە. (ئەفلاتوون) بە یەکەم فەیلەسووف دادەنرێت کە پێناسەی بۆ شوێن کردووە و، وەکو دەستەواژە بەکاری هێناوە و، وەکو لە خۆگرێکی تەنەکان هەژماری کردووە. ((شوێن گرتنەخۆ و تێدابوونە، بوونێکی ڕاستەقینەی هەیە و لە سێ مەودای درێژی و پانی و بەرزی پێک دێت.))([١]) کەواتە هەموو تەنێکی دەوروبەرمان لەسەر زەوی، شوێنێک داگیر دەکەن و قەبارەیەکی دیاریکراویشیان هەیە. (ئەرستۆ) پێچەوانەی (ئەفلاتوون ) گوتوویەتی: شوێن لە هەموو تەنەکان سەربەخۆیە. واتا (( شوێنی وەکو ڕووکارێک ناساندووە نەوەکو کرۆک و ناوەرۆک.))([٢]) دواتر بێجگە لە سێ ڕەهەندە ئیقلیدیسییەکان* (درێژی و پانی و بەرزی). ئەرستۆش ڕەهەندی دیکەی بۆ شوێن دەستنیشان کردووە، ئەوانیش بریتین لە ((" ژوور، ژێر، ڕاست، چەپ، پێش، پاش." دواتر بەسەر دوو بەشدا دابەشیکردووە، گشتی و تایبەتی: گشتی ئەوەیە هەموو تەنەکان لەخۆ دەگرێت. تایبەتیش ئەوەیە کە تەنیا تۆ لەخۆ دەگرێت و هیچی تر.))([٣]) پاشان پێناسەی شوێنی بەوە کردووە کە بریتیە لە ((کۆتایی جەستەیەکی چوار دەورە دراو.))([٤]) فەیلەسووفە موسڵمانەکانیش لە بەرهەمە فەلسەفییەکانیاندا وێنای خۆیان بۆ شوێن دارشتووە لەوانە: (فارابی و ئیخوان سەفا* و ئیبن سینا). ئەوانە زیاتر کاریگەر بوون بە بیروڕاکانی ئەرستۆ.

ئیبن سینا- شوێن بەم جۆرە دەناسێنێ: بریتییە لە (( ڕووتەختی ناوەوەی ئەو تەنە لەخۆگرتووەی بەر ڕووتەختی دەرەوەی تەنە لە خۆ گیراوەکە دەکەوێت.))([٥])

---

([١]) نعمة محمد ابراهيم، نظرية المكان في فلسفة الحسن بن الهيثم الطبيعية ، مجلة اداب مستنصرية ، عدد ١٢، ص ٥٢٠.

([٢]) غيداء احمد سعدون،(د) المكان والمصطلحات المقاربة له دراسة مفهوماتية، مجلة ابحاث كلية التربية الاساسية، المجلد١١، العدد ٢،٢٠١١، ص٢٤٦.

●(ئقلیدیس) زانایەکی بیرکاری زۆر کۆنی یۆنانییە، سێ سەد ساڵ پێش زایین ژیاوە بە (باوکی ئەندازە) ناسراوە. (http:// ar. Wikipedia.org

([٣]) ارسطو طاليس، الطبيعة، ت: اسحاق بن حنين، عبدالرحمن بدوي، الدار القومية للطباع والنشر، القاهرة، مصر، ١٩٦٤، ص٣١٢.

([٤]) سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

- چەند فەیلەسووفێکی موسڵمانن لە سەدەی (١١)ی زاینی لە بەسرە ژیاون، ئەمانە هەوڵیانداوە بیروڕای فەلسەفی بە بیروڕای ئایینی ببەستنەوە. http:// ar.wikipedia.org

([٥]) حسين مجيد العبيدي، نظرية المكان في الفلسفة ابن سينا، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد- العراق، ١٩٨٧، ص٣٣.

ئەگەر بێینە سەر سەدەی نوێ بە تایبەتیش لە سەدەی نۆزدەدا دەبینین (( چەمکی شوێن بەرەو پێشچوونێکی باشی بەخۆوە بینیوە ، بەوەی چەند چەمکێکی نوێی شوێن دەرکەوتن ، کە هەر یەک لە گالووس و ڕیمۆن و هیلمۆنز و لویشفسکی و کەسانی دیکە بوونی شوێنی دیکەیان سەلماند بێجگە لە (شوێنی ئیقلیدسی)*، واتا دەتوانرێت چەندین ڕەهەندی دیکەی شوێن وێنا بکرێت، کە شوێنی ئیقلیدسی تەنیا یەکێکە لەوانە.))(١)

فەیلەسووفەکان لە پێناسەکردنی کات و شوێن بوون بە دوو بەشەوە:-

بەشێکیان پێیان وایە کات و شوێن دوو ڕەگەزی لێکدانەبڕاون، بەشەکەی تریان پابەندبوونی کات و شوێن ڕەتدەکەنەوە. ماتریالییەکان وایدەدەنێن کە (( کات و شوێن دوو شێوەی سەرەکین و، گشتگیرن بۆ بوونی ماتریالێکی جووڵاو، بە هیچ شێوەیەک لەیەکتر جیا ناکرێنەوە.))(٢) کەواتە کات بەبێ شوێن هیچ بوونێکی نییە و جووڵەش لە شوێن و تەنەکاندایە. (سمویل ئەلکساندەر) پێی وایە کات و شوێن دوو توخمی لێکدانەبڕاون. (( پەیوەندی کات و شوێن وەکو پەیوەندی ئەقڵ و جەستە وایە، ئەگەر یەکەمیان نەبێ، ئەوا دووەمیان نابێت، هەروەها ژیانیش نابێ، تەنیا ئەگەر نەبوونی ئەوانە پێکەوە نەبێت، جا ئەگەر شوێن سەربەخۆ بێت لە کات، ئەوا شوێنێکی مردوو دەبێت، جەستەش ئەگەر سەربەخۆ بێت لە ئەقڵ، ئەوا لە بازنەی مرۆڤایەتی دەردەچێت.))(٣)

(نیوتن) کات و شوێنی لەیەکتر جیاکردووەتەوە و هەر یەکەیان بە سەربەخۆ دەزانێت. (( کات و شوێن سەربەخۆییەکی تەواویان لە ڕووی مادده و جووڵەوە هەیە و، جیاوازن لە یەکتری.))(٤) نیوتن شوێنی ڕەهای لە شوێنی ڕێژەیی جیاکردووەتەوە و دەڵێت :- (( شوێنی ڕەها لە سروشتە تایبەتییەکەیدا نەگۆڕە و جێگیرە و ناجووڵێت، بەڵام شوێنی ڕێژەیی ڕەهەندێکی گۆڕاو و جووڵاوی هەیە.))(٥)

کەچی ( لیبنتس ) بە پێچەوانەی ( نیوتن ) پێی وایە (( شوێن نە ڕەهایە و نە گەوهەر، بەڵکو پەیوەندییە، واتە سیستەم و ڕێکییە، کاتیش شتێکی زەینی و ئایدیالییە، بە واتای

---

- بریتییە لەوشوێنەی کە لە سێ ڕەهەندی جیاواز پێکهاتووە ئەوانیش ( درێژی ، پانی، بەرزی)

(١) عبدالرحمن بدوي، موسوعة الفلسفة، ج٢، منشورات ذوي القربى، ١٤٢٨ الهجري، ص٤٦٢.

(٢) علي ابراهيم(د)، الزمان والمكان في روايات غائب طعمة فرمان (دراسة نظرية تطبيقية)، ط٢، الاهالي للطباعة والنشر والتوزيع، ديمشق، سورية، ٢٠٠٢، ص٩٣.

(٣) حنان محمد موسى(د)، الزمكانية وبنية الشعر المعاصر (احمد عبدالمعطي نموذجا)،ط٢، عالم الكتب الحديث، عمان، الاردن، ٢٠٠٦، ص٢٠.

(٤) علي ابراهيم (د)، الزمان والمكان في روايات غائب طعمة فرمان، ص ٩٤.

(٥) عبدالرحمن بدوي (د)، موسوعة الفلسفة، ص٢٦٤.

ئەوەی شوێنی واقیعی لە دەرەوەی جیهانی ماددی نییە، لەبەر ئەوەی شوێن لە خودی خۆیدا شتێکی زەینی و ئایدیالییە.))([1])

(ئەنشتاین)یش لە تیۆرەکەیدا ( تیۆری ڕێژەیی ) شوێن و کاتی لە چەمکی شوێنکاتدا کۆکردووەتەوە، پاش ئەوەی کە سەلماندی (( شوێن و کات ڕێژەیین و هەردووکیان پێکەوە لکاون و، هەموو ئەگەرەکانی ڕووداو لە کات و شوێندا ڕوودەدەن، لەم بارەشدا کات دەبێتە ڕەهەندی چوارەم لەو سێ ڕەهەندەی کە شوێن پێوەی ناسراوە.))([2]) ئەم تیۆرە کاریگەری هەبوو لەسەر بەرهەمی ئەدیبان، بە تایبەتیش لە دوای پەڕتووکە بەناوبانگەکەی ( گاستۆن باشلار ) بەناوی ( ئیستاتیکای شوێن ) کە چەمکی شوێن گەشەکردنێکی ڕیشەیی باشی بەخۆیەوە بینی و، بووە جێگەی گرنگیپێدان لە بوارەکانی زانست و ئەدەبدا.

٢- **ڕەهەندی فیزیایی:-**

هەندێ لە توێژەران پێناسەی شوێنیان کردووە لەوانە (("ستۆکۆلز و شوماخەر" وای دادەنێن ، کە شوێن ئاماژەیە بۆ جێگەیەکی دیاریکراو کە دەوری مرۆڤی داوە و، مرۆڤیش ناوی لێناوە، ئەو شوێنەش بە چەند سیفەتێکی دیاریکراو دەناسرێتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە بنچینەدا بیرۆکەیەکی ئەقڵی ڕووتە.))([3]) هەروەها (( دەوروبەری فیزیکی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دروستکردنی هەستەکان بەرامبەر بە واتا و ڕێکخستن لە ژیانماندا. ئەوەش شتێکی نامۆ نییە کە هەستی پەیوەستبوونمان بەو شوێنەی کە تێیدا دەژین، پەیوەندی بە ناسنامەی کەسایەتیمانەوە هەبێ مادام ئێمە بە شێوەیەکی زۆر پشت بەو شوێنە دەبەستین کە تێیدا ژیاوین و شارەزاییمان تێیدا بەدەستهێناوە.))([4]) ژیان بەبێ ماڵ بریتییە لە ونکردنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی. (( ژیان بەبێ ماڵیش بە ڕووداوێکی ژیانی هەڵچوونی نائارام دادەنرێت و دەبێتە مایەی شۆکێکی دەروونی توند، ماڵ

---

([1])عبدالرحمن بدوي (د)، موسوعة الفلسفة، ص٤٦٢.

([2]) سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

([3]) شاكر عبدالحميد، الوعي بالمكان ودلالاته في قصص (محمد العمري) مجلة الفصول، العدد الرابع، المجلد الثالث عشر، ١٩٩٥م، ص٢٤٩.

([4]) فرانسيس.ت. ماک اندرو (د)، علم النفس البيئي، ترجمة: د. عبداللطيف محمد خليفة و د. جامعة سيد يوسف، مطبوعات جامعة الكويت، ٢٠٠٢، ص٣٤٥.

پەیوەستبوونێکی سەرەتاییە لەنێوان کەسەکان و سەرجەم جیهاندا، بۆیە ماڵ بۆتە هێمایەک بۆ خود سەبارەت بەو کەسانەی تێیدا دەژین.))([1])

( جی ئیبلتۆن ) ی جوگرافیناس لە تیۆرەکەیدا بەناوی (( "تیۆری ڕوانگە و پەناگە" گرنگییەکی زۆری بە شرۆڤەکردنی تایبەتمەندییەکانی شوێن داوە لە وەسفکردنی ئەو شوێنەی کە مرۆڤ تیایدا دەتوانێ ببینێت بەبێ ئەوەی ببینرێت. واتا ئەو شوێنەی کە مرۆڤ دەتوانێ چوارچێوەیەکی سایکۆلۆژی گونجاو و چێژبەخش لە دەوروبەرەکەیدا دەستەبەربکات.))([2]) مرۆڤ پەیوەستییەکی سۆزداری و دەروونی زۆر بەهێزی بەو شوێنەوە هەیە کە تێیدا دەژێت، بە شێوەیەک کە پشت بە ناوچەیەک ، یان بە جۆرێک لە ژینگە دەبەستێت وەکو: ( شار، چیا، بیابان )، هەروەها پەیوەستبوونی مرۆڤ بە شوێن پەیوەستبوونێکی ویژدانی و ئەرێنییە لەنێوان مرۆڤ و ئەو ژینگەیەی تێیدا نیشتەجێیە، واتا ئەو پەیوەستبوونەیە کە تێیدا هەست و سۆز و حەسانەوە و ئاسایش دروست دەکات، ئەوەش پێی دەگوترێت (( ئەوینی شوێن ))([3]) پەیوەستبوونی مرۆڤ لەو شوێنەی تێیدا دەژێت لە گۆڕاندایە بە پێی دۆخەکان، بۆیە ( رۆبنشتاین ) وەسفی ڕووگەی جیاوازی کردووە کە خاوەن ئاستی جیاوازن لە پەیوەستبوون، ئەوانیش :

١- **ئاستی پەیوەستبوونی نزم:** دەشێ مرۆڤ ئەو شوێنە بناسێ و بیری لێ بکاتەوە بەبێ ئەوەی هەست بە هیچ سۆزێکی بەهێز یان یادەوەریەکی کەسی بەرامبەر بەو شوێنە بکات .

٢- **پەیوەستبوونی کەسی یان خودی:** کەسەکە هەندێ یادەوەری لەبارەی شوێنەکەوە هەیە، ناکرێ لە شارەزایی کەسەکە جیابکرێتەوە، قوتابخانە و کێڵگە و دارستان دەکرێ پەیوەستبوونێکی خودیمان بۆ دروست بکات .

٣- **ئاستی سێیەم درێژبوونەوە:** مرۆڤ لە ڕووی دەروونییەوە تێکەڵ بە شوێنێک دەبێت، بەهەر شێوەیەک بێت، ئەوا شارەزایی پەیوەستبوونەکە زیاتر توند دەبێت .

٤- **ئاستی چوارەم تێکەڵ بوون:** بریتییە لە ئاستی پەیوەستبوونێکی زۆر توند، کە هەر ئەویش سنوورەکان و ناوبڕەکانی نێوان خود و ژینگە دەسڕێتەوە، وەکو ئەو ماڵەی مرۆڤ ژیانی تێدا بەسەر بردووە یان ئەو گۆڕەی کە هاوسەرەکەی تێدا نێژراوە یان

---

([1])فرانسیس.ت. ماک اندرو (د)، علم النفس البيئي، ترجمة: د. عبدالطيف محمد خليفة و د. جامعة سيد يوسف، مطبوعات جامعة الكويت، ٢٠٠٢، ص٣٤٥.

([2]) شاكر عبدالحميد (د)، التفضيل الجمالي، عالم المعرفة، (٢٦٧) مطابع الوطن، الكويت، ٢٠٠١، ص٣٧٨.

([3]) فرانسيس. ت. ماک اندرو، (ا.د) علم النفس البيئي، ص٣٣٩.

یەکێک لە منداڵەکانی یان دایک یان باوکی، کە هەست بە سۆزێکی زۆر تایبەت و توندی بەرامبەر بەو شوێنە هەیە، بە شێوەیەک کە بۆ ئەو تاکانە ناسنامەی کەسایەتی و ناسنامەی شوێنەکە تێکەڵ بەیەکتر دەبن، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە دایکبووی ئەو ژینگەیەیە کە تێیدا ژیاوە، بۆیە زۆرجار ژینگەی مرۆڤ لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتییەوە دەناسرێتەوە.([1])

شوێن پەیوەستییەکی پێکەوە گرێدراوی بە چەمکی ئازادییەوە هەیە، بێگومان ئازادیش بریتیە لە ئازادیی جووڵە، دەکرێ بڵێین پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شوێن، لە دووتوێی باسەکانی پەیوەندی دیالێکتیکی نێوان شوێن و ئازادی دەردەکەوێت، بۆیە ئازادی لەو میانەدا بریتیە لە کۆمەڵێک کردەوە و هەڵسوکەوت کە دەکرێت مرۆڤ ئەنجامی بدات .

**١-٢: شوێن وەکو ڕەگەزێکی ئەدەبی:-**

ئاشکرایە شوێن پەیوەندی و کاریگەری فرە لایەنی بەسەر ژیان و مرۆڤەوە هەیە، لە چوارچێوەی بەهێزی ئەم پەیوەندییە، شوێن نەک هەر واتا جوگرافییەکەی ئامادەبوونی لەبەرهەمە هونەرییە ئەدەبییەکانی مرۆڤدا هەبووە، بەڵکو تایبەتمەندی خۆیشی پێدراوە. ئیتر لە ڕوانگەی هونەرەوە شوێن تەنها چەمکێکی جوگرافی ڕووت نییە، ئەوانە هەموو ئەوە دەردەخەن کە هەر چەندە لە سەرەتادا وا دەبینرا کە شوێن تەنها پانتاییەکە بۆ ژیان، بەڵام دواتر وای لێهات کە (( گوتەی شوێن ئەستەم بێت تەنیا وەکو بابەتێکی خاوەن سروشتی میتافیزیکی سەیر بکرێت کە دوای ئەوەی تەنیا لە سنووری جوگرافیا و کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە هەستی پێ دەکرا، لەبەر ئەوەی شوێن پەیوەندی بە خودی وەرگر و داهێنەرەوە هەیە، کۆمەڵێک سیفەتی هاوشێوە وەردەگرێت، هەر ئەوەش وای لێدەکات ئەو گوتانە زیاتر ئاڵۆز بێت لە ڕووی ئاستەکانی واتاو بنیاتنانەوە.))([2]) بە دەربرینێکی دی شوێن لە نێو کاری هونەرییدا (( بریتیە لە دەفرێک هەرچەندە بچێتە نێو بەرهەمی هونەرییەوە بەهاکەی زیاد دەکات، ئەویش ئەو قەوارە کۆمەڵایەتیەیە کە کورتەی کارلێکی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگە لەخۆ دەگرێت، شوێنیش بریتیە لەو تێنووسە ئاوێنەدارە نزیکەی کە مرۆڤ تێیدا ڕۆشنبیری و بیرۆکەی هونەر و ترس و ئاوات و

---

([1]) فرانسيس. ت. ماك اندرو، (ا.د) علم النفس البيئي، ل٣٤٥.

([2]) حبيب مونسي (د)، فلسفة المكان في الشعر العربي (قراءة موضوعاتية جمالية)، مطبعة اتحاد الكتاب العرب، دمشق- سورية، ٢٠٠١، ص١٢٧.

نهێنییەکان و هەموو ئەو شتانەی پێی دەگات و پێی گەیشتووە لە ڕابردوو ئەوەی بۆی ماوەتەوە بۆ ئاینده تێدا تۆمار دەکات.)) ([1])

ئیدی لەم گۆشە نیگایەوە هونەرمەندان و شاعیران وێنەی تایبەت بە شوێن بەکاردەهێنن. (( لە پێناوی ئاماژەدان یان دروستبوونی حاڵەتی دەروونی ناخەکی تایبەت بەخۆیان کە بە سروشتی خۆی ئەوە هونەری شوێنە، لەوەشدا پێویستی بە شوێنێکی تایبەت هەیە، کە پانتاییەک بێت بۆ ڕووداوەکان، شوێنێک کە ڕەنگە ببێتە پانتایی وێناکردنی واقیع یان دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هونەری یان بەرهەمهێنانەوەی ڕووداوە ئەندێشەییە تایبەتییەکان کە کاری هونەری مەبەستییەتی.))([2]) گرنگی شوێن لە کاری ئەدەبیدا سەرچاوەکەی تەنها بۆ خودی ئامادەبوونی شوێن ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ ئەو ئەرکانە دەگەڕێتەوە کە نووسەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بە چەمکە شوێنییەکانی دەبەخشێت، چونکە شوێن بەقەد ئەوەی بە ڕوونی و هەستکردنی هەستەکی دەناسرێتەوە، بەقەد ئەوەش هەڵگری خاوەن واتایەکی نادیاری و ناڕاستەوخۆیە لەسەر ئاستی وشەکەوە، لێرەوە شوێن ڕۆڵ و گرنگی خۆی دەبینێت لە چۆنیەتی و چەندایەتی کاری هونەرییدا.

لەم چوارچێوەیەدا فەیلەسووفی ئەڵمانی ( شوبنهاوەر )(١٧٨٨-١٨٦٠) دەڵێت:- ((شوێن بریتییە لە ئەندێشەی من ))([3]) ئەو شوێنەی ئەندێشە داگیری دەکات، (( وەکو شوێنێکی گرنگی پێنەدراو نامێنێتەوە، کە تەنها ملکەچی ڕەهەندە ئەندازییەکان بێت، بەڵکو شوێنێکە خەڵکی تێیدا ژیاوە نەک بە ڕێگەیەکی بابەتیانە، بەڵکو بە هەموو ئەو شتانەی کە ئەندێشە لایەنگیری بۆ دەکات، ئەو جۆرە لایەنگیریەش شتێک بەرهەم دێنێت کە پێی دەڵێن شوێنی ئەدەبی.))([4]) سەبارەت بە چیرۆکیش دیارە شوێن لە چیرۆکدا مەرج نییە شوێنێکی ڕاستەقینە بێت، بەڵکو زۆرجار شوێنێکی ئەندێشەییە و لە وشە دروست دەکرێت، چیرۆکنووس لە خەیاڵی خۆیدا دروستی دەکات، هەرچەندە هەندێجار چیرۆکنووس وێنەی شوێنی چیرۆکەکەی بە شێوەیەک دەکێشێت تاکو وا لە خوێنەر بکات هەست بە بوونی ڕاستەقینەی ئەو شوێنە بکات، بۆ ئەمەش پەنا دەباتە بەر شێوازی درێژ دادڕی لە

---

([1]) فاطمة عيسى جاسم (د)، غائب طعمة فرمان روائيا، دراسة فنية، ط١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠٤، ص١٥٧-١٥٨

([2]) نوزاد احمد اسود، المدينة في قصص جليل القيسي (قراءة سايكوسوسيولوجية)، رسالة ماجستير، كلية اللغات، جامعة السليمانية، ٢٠٠٧، ص٣٥

([3]) غاستون باشلار، جماليات المكان، ص١٤٥.

([4]) فتحية كحلوش، بلاغة المكان (قراءة في مكانية النص الشعري)، ط١، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت، لبنان، ٢٠٠٨، ص١٧-١٨.

وەسفکردندا. (( هەموو لایەنەکانی شوێن بە دوور و درێژی وەسف دەکات، وەک هەوڵێک بۆ ئەوەی خاسیەت ، یان سروشتی شوێنی واقیعی (ڕاستەقینە)ی بداتی.))([1])، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆکنووس چ شوێنێکی ڕاستەقینە یان گریمانەیی هەڵبژێرێت ناتوانین بەو شوێنە واقیعیەی دابنێین کە لەسەر ئەرزی واقیعدا بوونی هەیە و تێیدا دەژین .شوێن لە چیرۆکدا چەند ئەرکێک دەگێڕێ :

یەکێک لەو ئەرکانەی ئەوەیە کە چوارچێوەیەک بۆ چیرۆک دروست دەکات و، ڕووداو و کەسانی ناو چیرۆک دەگرێتە خۆی، واتە چیرۆکنووس بە مانا لاساییەکەی بوونی شوێن لە واقیعدا بە مەبەستی گرتنەخۆ و تێدابوون بەکارهێناوە. ئەرکێکی دیکەی شوێن ئەوەیە کە لەپاڵ دروستکردنی چوارچێوەیەک بۆ چیرۆکەکەی ڕۆڵێکی گرنگیش لە بنیاتی ڕووداو و پێکهاتەی کەسەکاندا دەگێڕێت .([2])

لە ڕۆمانیشدا شوێن وەکو توخمێکی سەرەکی پەیوەندییەکی پتەوی بە توخمەکانی تری ناو ڕۆمانەوە هەیە و، کاریگەریشیان بەسەریەکەوە هەیە. لە ڕێگەی شوێنەوە دەتوانین ((ململانێی دەروونیی و، هەروەها دروست کردنی پەیوەندییەکانیان لە ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پیشەییدا بەدیار بخەین.))([3])

چۆنیەتی بەکارهێنانی شوێن لەناو ڕۆماندا بەیەک شێوە نییە، بەڵکو بەپێی تێڕوانینی ڕۆماننووسە. لە ڕووی تێگەیشتن لە ئەرکی شوێن مامەڵەی جیاوازی تێ دەکەوێت، بۆیە هەندێ جار شوێن ڕۆڵ و ئەرکەکەی بەوە دەناسرێتەوە ،کە دەبێتە چوارچێوەیەک بۆ ڕووداو و کەسەکان، واتە شوێنەکە کەس و ڕووداوەکان لەخۆ دەگرێت، هەندێ جاریش شوێن دەبێتە توخمێکی گرنگی بنیاتی پێکهاتنی دەقەکە ، کە خۆی بەرجەستە دەکات لەو کاریگەرییەی شوێن دەیبەخشێتە سەر کەس و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان. کەواتە: شوێن ڕۆڵێکی گرنگ لە بنیاتی ڕووداوەکان و پێکهاتنی کەسەکان دەبینێت .

---

([1]) پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، دەزگای چاپ پەخشی و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٣٢٦.

([2]) سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٢٩.

([3]) نەجم ئەڵوەنی (د)، سێ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی شیکاری لە بارەی ڕۆمانی کوردییەوە، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل٧٠.

شوێن لە کاری ئەدەبیدا لە ڕووی هونەری و بابەتییەوە چەند ئەرکێکی هەیە لەوانە :

**١- ئەرکی هێماگەریانەی شوێن :-**

شوێن ئەرکی هێماگەری وەردەگرێت ، کاتێک جەخت لەسەر بنیاتی سەرەکی کەسایەتییەکان دەکات ، شارەزابوونی شوێنێک بۆچەندینجار ئەو هەستە زیاتر دەکات و وادەکات ئینتیمای بۆ شوێنەکە زیاتر بێت .

**٢- ئەرکی دەربڕینی شوێنی :-**

هەڵبژاردن و دەربڕین و وەصفکردنی شوێن لە لایەن کەسەکان و گواستنەوە تیایاندا ، ڕێگایان پێدەدات ، کە بەئارەزووی خۆیان گوزارشت لە بەهای تاکی و کۆمەڵییەکان بکات ، ئەوەش ڕەنگە کۆمەڵێک لە بەهای ئابووری و کۆمەڵآیەتی ، یان ئیستاتیکایی بێت، ئەو ئەرکەش پەیوەستە بە ئەرکی هێمایی شوێنەوە.([1])

**١-٣: بنیاتی شوێن لە شیعردا :-**

بە شێوەیەکی گشتی لە لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکاندا زیاتر لەنێو ژانری چیرۆک و ڕۆماندا گرنگی بە ڕەگەزی شوێن دراوە و کەمتر لە چوارچێوەی شیعردا قسەی لەسەر کراوە.

- **چەمکی بنیات لەڕووی زمانەوە:-**

وشەی بنیات لە زمانە ئەوروپیەکاندا لە وشەی (stuere)ی لاتینییەوە هاتووە. ((کە بەواتای بینا یاخود بنیادنان دێت، پاشان واتاکەی فراوان بووە، لە ڕوانگەی هونەری تەلارسازییەوە کە واتای دانانی بەشەکانی تەلارێک دەگەیەنێت، لەبەر ئەو جوانییە شێوەکارییەی کە دەیبەخشێت.))([2]) لە زمانی عەرەبیشدا وشەی (بنیە) لە کرداری سیانی ((بنی، یبنی، بناء، وبنایە، وبنیە)ـەوە هاتووە، دەکرێ وشەی (بنیە) واتای پێکهاتن و دروست بوون بگەیەنێت، بەڵام وشەکە واتای چۆنیەتی دروستکردنی تەلارێک دەگەیەنێت))([3])

---

([1]) شاكر عبدالحميد، الوعي بالمكان و دلالته في قصص (محمد العمري)، ص٢٥٨-٢٦٠.

([2]) صلاح فضل(د)، نظرية البنائية في النقد الادبي، ط٣، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧، ص١٧٥.

([3]) زكريا ابراهيم (د)، مشكلة البنية، دار مصر للطباعة، القاهرة، ص٢٩.

لە زمانی کوردیدا وشەی بنیات بە واتای بناغە و دروستکردن هاتووە، هەر وەکو لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە) وشەی بنیات بە مانای ((بنەڕەت و بناغە))([1]) هاتووە .

هەروەها لە فەرهەنگی (خاڵ)یش وشەی بنیات بە مانای (( بناغە و بنیات هاتووە))([2])، کەواتە وشەی بنیات لە بنەڕەتدا لە بواری بیناسازیدا بەکارهاتووە، دواتر هاتووەتە نێو بواری فەرهەنگ و ئەدەبیاتەوە .

- **بنیات وەکو زاراوەیەکی مەعریفی :-**

(بنیات) وەکو زاراوەیەک لە بوارە جیاوازەکانی مەعریفیدا بە دەربڕینی جیاواز پێناسەکراوە، بۆ نموونە (ژان پیاژێ) دەڵێت: (( بنیات سیستەمێکە لە گۆڕانکاری، کە ڕێسای تایبەت وەکو هەر سیستەمێک لە خۆ دەگرێت.))([3]) (ئەندریە مارتین)یش پێناسەیەکی دیکەمان سەبارەت بە بنیات پێشکەش دەکات، کە یارمەتیمان دەدات لە دەست نیشانکردنی بنیاتە ئەدەبیەکان و دەڵێت: (( بنیات وێناکردنێکی ڕووتی دروست کراوی زەینییە و تایبەت نییە بە شتێک، بەڵکو نموونەیەکە کەوا لێکۆڵەر بە شێوەیەکی ئەقڵی دروستی دەکات، بۆ ئەوەی بە ڕێگەیەکی باشتر و ڕوونتر لەو شتە بگات، کە لێی دەکۆڵێتەوە، بۆیە بنیات بە شێوەیەکی بەهێز بوونی لە هەموو کارێک هەیە.))([4])

( ریڤاتێر )یش بەم شێوەیە پێناسەی بنیات دەکات و دەڵێت: (( بنیات سیستەمێکە لە چەند ڕەگەزێک پێکدێت، ناکرێت هیچ کامیان تووشی گۆڕانکاری بێت، بەبێ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە هەموو ڕەگەزەکانی تردا.))([5]) هەروەها (د. زەکەریا ئیبراهیم) لەبارەی پێناسەی بنیاتەوە دەڵێت: (( بنیات هەموو ئەو پێکهاتانە دەگرێتەوە کە لە دیاردە بەیەکەوە بەستراوەکان پێکدێت، هەر یەک لەسەر ئەوەی دیکە دەوەستێت، هەر خۆی بەبێ بوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بوونی نییە.))([6])

---

([1]) عبدالرحمن شرفکندي (هەژار)، هەنبانە بۆرینە، (کوردی-فارسی) چاپ سوم، چاپخانەی انتشارات سروش، تهران، ١٣٨١، ص٦١.

([2]) محمد خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، بەشی یەکەم، چاپخانەی، سلێمانی، ١٩٦٠، ل١٣.

([3])ا صلاح فضل (د)، نظرية البنائية في النقد الادبي، ص١٨٨.

([4]) سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٩٣.

([5]) جبار ئەحمەد حسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق(١٩٥٠-١٩٧٠)، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٧٧.

([6]) علي تاهیر حسین، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٨، ل٢٥.

لە کۆی ئەم پێناسانەی خرانەڕوو، دەکرێ بڵێین نزیک لە پێناسەکانی (ئەندریە مارتین) و (ریڤاتێر) چەمکی شوێنیش ببێتە ڕەگەزێکی پێکهێنەری بنیاتی هونەری دەقی شیعری، لێکۆڵەری شیعریش بۆی هەیە لە پێگە و کاریگەری و پەیوەندی ئەم ڕەگەزە بە ڕەگەزەکانی دیکەی دەقەوە بکۆڵێتەوە .

- **شوێن لە شیعردا :-**

شوێن لە داهێنانی ئەدەبیدا بە شێوەیەکی گشتی و لە داهێنانی شیعریدا بە تایبەتی ((تەنیا وێنەیەکی فۆتۆگرافی، یان شێوەیەکی نەخشەسازی ئەندازەیی (تۆبۆگرافی نییە، هەروەها ئەو بە شێوەیەکی زانستی یان دیمەنی یان شیکاری وەسف نەکراوە، بەڵکو دەربڕینە یان ئاخاوتنێکی زمانەوانییە یان وشەیەکە لە دووتوێی خۆیدا هەڵگری واتایەکە دواتریش دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەیەکی دیاری کراو.))([1]) شیعر بنیاتێکە هەموو بنەماکانی لە بنچینەی ئەو ڕۆشنبیرییە وەردەگرێت کە شاعیرەکە هەیەتی. ((بەڵام ناچێتە ژێر ڕکێفی ئەوەوە، بەڵکو بنیاتێکی هاوسەنگ و هاوڕێک بۆ ئەو بنیاتە دروست دەکات، کە ڕەنگدانەوەی ئامرازەکانی بەرهەمی زانیاری بێت، نەک بۆ جێگیرکردنی بەڵکو بۆ دۆزینەوەی هاودژەکانی.))([2])

شوێن لە شیعردا لە ڕێگەی زمانەوە دروست دەبێت، بەڵام وەنەبێت تەنیا پشت بە زمان ببەستێت، بەڵکو ئەندێشەش حوکمی بەسەردا دەکات، واتا لە ڕێگەی ئەندێشەی نووسەرەوە کە ئەویش لە ڕێگەی مێژوویەکی دوور و درێژ و لە ژێر واقیعێکی دۆخی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕامیاری و ئایینیەوە بەرهەم دێت .

واتا تایبەتمەندی شوێن لە شیعر دیاری دەکرێت بەو بیرۆکانەی کە لێیەوە هەڵدەقووڵێن، هەروەها بەو وێنانەی کە تێیدا لەدایک دەبێت و بەو مێژووەی کە لە ڕێگەی ئەوەوە دروست بووە

---

([1]) عبدالرزاق المساوي، جمالية المكان في الشعر، مقاربة اسلامية للمفهوم للشعر والمساجلات والمشاركات الشخصية والمنقولة، ص٣. www.ryomty.com

([2]) اعتدال عثمان، جماليات المكان في الشعر، مجلة اقلام، العدد٢، ١٩٨٦، ص٩٩.

**شوێنی شیعری ڕووخساری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەیە :-**

**١- رووخساری ڕاستەوخۆ:**

مەبەست لەم چەمکە شوێنی جوگرافییە، وەک چیا، گرد، دۆڵ، دەشت، دارستان، دەریا، ڕووبار، ..هتد. جوگرافیا خۆی دەستنیشانی شوێن دەکات و، سنووری دەکێشێت و کەش و هەواو و بەرزی و نزمی و تەختی نیشان دەدات.

**٢- رووخساری ناڕاستەوخۆ:**

مەبەست لەو وشە و دەستەواژانەی کە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئاراستەکانی شوێن دیاری دەکەن، وەک: ناوەوە، دەرەوە، ژێرەوە، سەرەوە، ئەم لا، ئەو لا، تەنیشت، کەنار، پێش، پاش، دوا، ئاست..هتد. (١)

شوێنی شیعری لە چەند پەیوەندییەکی جیاجیاوە سەرچاوە دەگرێت، دەبینین پەیوەندی بەو خودەوە هەیە کە پێوەی پەیوەست دەبێت، یان لێی جیادەبنەوە، وەکو شوێنی هاوبەش و شوێنی تایبەت، هەروەها شوێنی دوور و نزیک، شوێنی ناوەوە و شوێنی دەرەوە، هەروەها پەیوەندی بە جووڵە و جێگیرییەوە هەیە، وەک شوێنی کردار و ڕووداو و شوێنی ئەو شتانەی لە ڕواڵەتدا وەستاو دەردەکەون، پەیوەندی هەیە بەو بەهایەی خودی تاک و خودی دەستەجەمعی بەرهەمیان دەهێنن، وەک شوێنی ڕۆشنبیری و سیاسی و ئایینی، هەروەها شوێنی هوگر و ئەرێنی یان شوێنی دژانە و نەرێنی.(٢)

هەستکردنی شاعیریش بە شوێن بە تایبەتی ئەگەر (( شوێنەکە لای شاعیر هۆگر بێت و هەروەها لێیەوە دوور بێت، ئەوا ئەو هەستە زیاد دەبێت، ئەوەی ئەو هەستەش زیاتر دەکات ، بریتیە لە نووسین لەبارەی وڵات لە تاراوگەدا.))(٣)

بوونی کەسێک لە تاراوگەدا، واتا دابڕانی ئەو کەسە لە وڵاتدا، لە هەمان کاتدا واتای درێژبوونەوەیەکی ناخەکییە بۆ خودی ئەو بوونە، بۆیە کاتێک بوونی وڵات دەبێتە شتێکی ناخەکی، جووڵەی خەیاڵ چالاک دەبێت و، چەندین ئاستی جیاجیای خەون و یادەوەری

---

(١) تانیا ئەسعەد محمد صالح، بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هیلانە- ئەڤدیها) ، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠١، ل٤٩.

(٢) رشيد يحياوي، تجليات المكان الشعري، (تحولات وفضاءات المقال) ص٢.(www. Arrafid . ae)

(٣) اعتدال عثمان، جماليات المكان، ص٧٧.

سەرهەڵدەدات، بۆیە ئەو تاکە شوێنە لە چەندین شوێنی دیکە جیادەبێتەوە. زەمەنی ژیانیش لە ژێر ئاسمانی ئەودا دەگۆڕێت، بۆ زەمەنی مێژوویی، یان کەسایەتی یان ئەفسانەیی.(١)

جا بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی ئەو شوێنانەی کە شاعیر لە هۆنراوەکەیدا بەکاریان دەهێنێت، خوێنەر بەپێی تێڕوانینی خۆی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ واتاکانی ئەودیوی دەقەکە دەکات، چونکە بە وتەی (رۆڵان بارت) ((هەموو وتراوێک نەوتراوێک دەشارێتەوە.))(٢)

بۆ تێگەیشتن لە چەمکی شوێن لە چوارچێوەی ئەزموونی ئەدەبی دەق، دەکرێ لەناوەرۆکەکەی وردبینەوە، لێرەشەوە لە میانی خوێندنەوەیەکی بابەتیانەدا بگەینە مانا و رامانی ئەم چەمکە لەم دەقەدا، چونکە (( تێگەیشتن لە قۆناغی هەر سەردەمێک لە ڕووی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە، ئاسۆیەکی فراوانمان بۆ دەخاتە سەر پشت بۆ تێگەیشتنی شیعر لە مەبەستەکانی شیعر لەو کاتەدا، هەروەها وامان لێدەکات هێماکانی بکەینەوە و، ڕواڵەتەکانی شی بکەینەوە و لەسەر واتاکانی و بەهای جوانی وهونەرەکانی بوەستین )) (٣) کەواتە مەبەست لە تێگەیشتنی شیعر هەندێ جار دەستگرتنە بەو شوێنەی شاعیر مەبەستیەتی، واتا پشکنینێکە بۆ دەقی شیعری.

---

(١)اعتدال عثمان، جماليات المكان، ص٧٧.

(٢) نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، شیعریەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٣.

(٣) حيدر لازم موتلك، المكان في الشعر العربي قبل الاسلام، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٧، ص١٩.

# بەشی دووەم:-
# ئامادەبوونی شوێن لە دەقی شیعری هاوچەرخی کوردیدا
# دەقەکانی (دلاوەر قەرەداغی و کەژاڵ ئیبراهیم خدر )
# وەک نموونە

**٢-١: جۆرەکانی شوێن :-**

ڕەخنەگران و لێکۆڵەران هەر یەکەو بە پێی تێڕوانینی خۆیان و لە دید و گۆشەنیگای جیاوازەوە جۆرەکانی شوێنیان پۆلین کردووە.

(مۆل و ڕۆمێر) بەپێی ئازادی مرۆڤ و ئەو دەسەڵاتەی بەسەر شوێندا هەیەتی، جۆرەکانی شوێنیان دابەشکردووە بەسەر چوار جۆردا .

**١- شوێن لای من :-**

دەکرێت ناویش بنرێت شوێنی تایبەتی کەس، ئەو شوێنەیە ، کە تیایدا دەسەڵاتی خۆمی تیا ڕایی دەکەم، بۆ منیش شوێنێکی نزیک و ئاشنایە.

**٢- شوێن لای کەسانی تر :-**

شوێنێکە لە زۆر ڕووەوە لەوەی یەکەم دەچێت، بەڵام لەوەدا جیاوازە ، کە من تیایدا ملکەچی باری دەسەڵاتی کەسانی ترم و ناچارم دان بەو دەسەڵاتەدا دابنێم.

**٣- شوێنە گشتییەکان :-**

ئەو شوێنانەن ، کە موڵکی کەسێکی دیاریکراو نین، بەڵکو موڵکی دەسەڵاتی گشتی (دەوڵەت)ن، کە لە کۆی هەمووانەوە سەرچاوەی گرتووە .

**٤- شوێنە بێکۆتاییەکان :-**

ئەو شوێنە بە گشتی خەڵکی تێدا نییە، ئەو زەویەیە کە کەس دەسەڵاتی بەسەریدا نییە، وەک بیابان و دەریا و دنیای هەسارە و ئەستێرەکان . ([١])

بەڵام لێکۆڵەری ڕووسی (میخائیل باختین) چوار جۆر شوێنی دیاریکردووە کە بریتین لە:

**١- شوێنی دەرەوە .**

**٢- شوێنی ناوەوە .**

**٣- شوێنی دژیەک .**

**٤- شوێنی ئاستانە .**

---

([١]) یوری لوتمان، مشكلة المكان الفني ضمن كتاب جماليات المكان (مجموعة من الباحثين)، ط٢، دار البيضاء، ١٩٨٨، ص٦١-٦٢.

شوێنی ئاستانە ئەو شوێنەیە کە خۆی لە نێوان دەرەوە و ناوەوەی شوێنێکی دیاریکراودا دەبینێتەوە، وەک ڕاڕە و و دەرگا و پەنجەرە و ئۆتۆمبیل و شەمەندەفەر و پاپۆڕ. ([1])

(پرۆپ) شوێنی لە چیرۆکی ئەفسانەییدا دابەشکردووە بۆ سێ بەش:-

١- **شوێنی ڕەسەن .**

واتە شوێنی لە دایک بوون یاخود گەڕەکی خێزان.

٢- **شوێنی کاتی یان پانتایی .**

ئەو شوێنانەی تاقیکردنەوەیەکی هەڵبژێردراو لە خۆیەوە دەگرێت.

٣- **شوێنی ناوەندی**

ئەو شوێنەیە کەوا تاقیکردنەوەیەکی سەرەکی یان کرداری تیادا ڕوودەدات.([2])

(غالب هلسا) شوێنی کردووە بە سێ بەشەوە بەو بڕوایەی کە ئەم سێ شوێنە دەتوانن شوێن لە زۆربەی ڕۆمانە عەرەبییەکاندا بگرنە خۆ.

١- **شوێنی خوازەیی :-**

ئەو جۆرە شوێنەیە کە لە ڕۆمانە پڕ لە ڕووداوە یەک لەدوای یەکەکان و تاسەسازیدا بەرچاو دەکەوێت، نووسەر بۆیە ئەو شوێنە بە خوازەیی ناو دەبات، چونکە بوونی سەد لە سەد نییە، بەڵکو لە گریمانەوە نزیکە، لێرەدا شوێن جگە لە مەیدانی ڕووداوەکان، دەلالەت لە کەسانی ڕۆمانەکە دەکات، لەو لایەنەی کە پەیوەندی بە شوێنی چینایەتی، یان شێوەی ژیانەوە هەیە، هەروەها تەواوکەری ڕووداوەکانیشە، ئەمە بە ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی کاری هونەری دانانرێت، بەڵکو تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەیە و بەس، بۆیە بە شوێنێکی نێگەتیف دادەنرێت، چونکە سەربەخۆ نییە .

---

([1]) شريبط احمد شريبط، الفضاء، المصطلح والاشكاليات الجمالية، المدى، العدد ١٦، ١٩٩٤، ص١٤.

([2]) احمد رشيد وهاب الدرة، السردية في النقد الروائي العراقي (١٩٨٥-١٩٩٦)، رسالة ماجستير، كلية التربية للبنات، جامعة بغداد، ١٩٩٧، ص١٧٢.

**٢- شوێنی ئەندازەیی :-**

بەو شوێنە دەگوترێت کە ڕۆمان دەیخاتە ڕوو، لە میانەی وەسفی دوورییەکان و ڕووی دەرەوەی، واتە کاتێک ئەو شوێنە هەڵدەوەشێنێتەوە، دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵێک ڕەنگ و ڕوو و شتی تر، کە بە جیا بەرچاو دەکەون .

**٣- شوێنی تاقیکراوە :-**

بەو شوێنە دەگوترێت کە نووسەر تێیدا ژیاوە، دوای ئەوەی لێی دوور کەوتووەتەوە([1])

(یاسین نصیر) ڕەخنەگری عێراقی شوێنی بەسەر سێ جۆردا دابەشکردووە.

**١- شوێنی گریمانەیی :-**

بریتیە لە شوێنێکی ئەندێشەیی گریمانەیی، لە ڕێگەی پەنابردن بۆ ئەندێشە بۆ داڕشتنەوەی بنیاتی ئەو شوێنە دروست بووە، دۆزینەوەی ئەو شوێنە لە ڕێگەی ڕاستیەتی ئەو واقیعە گریمانەیە و، ئاماژەدان بە پرەنسیپی هاووڵاتیبوونی باو کە سەرچاوەی گرتووە لە هەموو شوێنێک، کە بریتییە لە شوێنێکی گونجاو، ژیانیش لەنێو ئەندێشەدا گۆڕەپانێکی گەورەی داهێنان دێنێتەدی .

**٢- شوێنی بابەتی :-**

بەواتای ئەو شوێنە داخراوانەی کە بە کردەی بارودۆخە گشتییەکان سەریهەڵداوە، وەکو زیندان و تاراوگە و شوێنە چۆڵەکان. دیارە ئەو شوێنانە لە زۆربەی کاتدا پەنجەرەیەکن بۆ تێڕامان و بیرۆکەکان، کە لە دووتوێیدا ڕەنگدانەوەی بەسەر هەستکردن بە شوێنە کراوەکاندا دەبێت و بە شێوەیەکی خەیاڵی تێیدا دەژێت .

**٣- شوێنی یەک ڕەهەند :-**

ئەم جۆرە شوێنانە شوێنی گشتیین و خاوەن یەک ناسنامەی تایبەت نین لەنێو دەقی داهێنەرانەدا، ئەو شوێنانە نووسەری ڕۆمان گرنکی پێنادات و وەکو بەشێک لە بنیاتی بەرهەمی ڕۆمان سەیری ناکات، بەڵکو گرنگیدانەکەی لەسەر بنەمای باری

---

([1]) سەباح ئیسماعیل، چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩،ل٣٢.

کەسایەتییەکانی ڕۆمان و ئەو بیرۆکانە دەبێت کە باسی دەکات، بەبێ ئەوەی ڕۆڵێکی دیاریکراوییان هەبێت . [1]

( د.شجاع مسلم العانی ) لە نامەی دکتۆراکەیدا شوێنی دابەشکردووە بەسەر چوار جۆردا :

**١- شوێنی شانۆیی :-**

ئەم شوێنە بە شوێنێکی گریمانەیی یان دروستکراو دەناسرێتەوە کە هیچ بوونێکی کردەیی نییە ، لە زۆربەی کاتدا هەڵگری تێزێکی نەرێنییە، ڕۆڵەکەی دەوەستێتە سەر گەشەسەندنی ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان کە سەر بەوانە، بە شێوەیەک کە زۆربەی جار لە کارلێکردنی لەگەڵیاندا دوور دەکەوێتەوە، بۆیە ئەمە کار ناکاتە سەر گرێی ڕۆمان و گەشەکردنەکانی، دیارە سەرهەڵدانی ئەم جۆرە شوێنە بۆ قۆناغی یەکەمی سەرهەڵدانی ڕۆمان دەگەڕێتەوە.

**٢- شوێنی مێژوویی :-**

شوێنێکە ڕەهەندی کاتێکی دیاری کراو لە خۆ دەگرێت، لە تایبەتمەندییەکانی بریتیە لەوەی کە سروشتێکی گۆڕاوی هەیە بە پشت بەستن بە گۆڕانی بارودۆخە کۆمەلایەتییەکان.

**٣- شوێنی هۆگر :-**

ئەو شوێنەیە کە کەسێک پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ ئەو شوێنەدا دادەمەزرێنێت کە تێیدا هەست بە دڵنیایی و ئاسایش دەکات، هەروەها ئەو شوێنە کاریگەرییەکی دیار بەسەر دەروونی نیشتەجێبووەکانیدا جێدەهێڵێت .

**٤- شوێنی ناهۆگر :-**

هەموو ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ ناچار دەکەن تێیدا بژین، ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ تێیدا هەست بە دڵتەنگی و بێزاری و دوژمنایەتی بکات، نموونەی ئەم شوێنانە

---

[1] یاسین النصیر، الروایة والمکان، دراسة في الفن الروایة العراقیة المعاصرة، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، دار الحریة، بغداد، ١٩٨٠، ص٣٠.

وەکو زیندان و تاراوگە و شوێنە جەنگییەکان .([1])

(حمید الحمدانی)یش شوێنی بۆ چوار جۆر دابەشکردووە :

**١- فەزای جوگرافی :-**

ئەو شوێنەیە کە پاڵەوانەکان تێیدا دەجووڵێن و ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدەن، شوێنێکی دانەبڕاوە لە دەلالەتی شارستانیەتی و کۆمەڵایەتییەوە.

**٢- فەزای دەق :-**

ئەو ڕووبەرەیە کە نووسین داگیری دەکات لەسەر ڕووی لاپەڕە، وەک (پیتەکان، ڕووبەری لاپەڕە، بەرگ)، ئەمانە وادەکەن کە شتێک لە زەینی خوێنەر تۆمار بکرێت، کە دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان دەق و خوێنەر دروست ببێت، هەروەها لەوانەیە وا لە خوێنەر بکات بە جۆش و خرۆشەوە دەقەکە بخوێنێتەوە بە شێوەیەکی قووڵ شیکردنەوەی بۆ بکات.

**٣- فەزای مانا :-**

(جیرار جینیت) لە گرنگترین ئەو کەسانەیە کە باسی ئەم جۆرەی شوێنی کردووە و دەڵێت: (گوزارشتی ئەدەبی تەنیا مانایەکی نییە)، مەبەستی لەمە ئەوەیە کە لە وانەیە تەنیا یەک وشە دوو مانا بگەیەنێت، کە لە ڕەوانبێژیدا بە یەکەمیان دەوترێت ڕاستەقینە (حقیقی) بە دووەمیان دەوترێت مەجازی (دروستکراو).

**٤- فەزا لە گێڕانەوەدا :-**

ئەوەیە کە (جوولیا کریستیڤا) باسی کردووە کە گۆشەنیگای ڕۆماننووس یان چیرۆکنووس لەبارەی جۆر و چۆنیەتی خستنەڕووی بەرهەمەکەی دەگرێتەوە.([2])

---

([1]) شجاع مسلم العاني(د)، البناء الفني في الرواية العربية في العراق، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٧، ص٢٥٨-٢٥٩.

([2]) حميد الحمداني(د)، بنية النص السردي، من منظور النقد الادبي، ط٣، المركز الثقافي العربي للطباعة والنشر والتوزيع، الدار البيضاء، المغرب، ٢٠٠٠، ص٦١-٦٣.

(پەرێز سابیر)یش لەنامەکەیدا دەربارەی چیرۆکی هونەری کوردی ، دوو جۆر شوێنی سەرەکی دیاری کردووە کە ئەویش (شوێنی ڕاستەقینە) و (شوێنی گرێ)یە. لەناو ئەو دوو جۆرە شوێنەشدا چوار جۆر شوێنی تری دیاری کردووە کە بریتین لە شوێنی کراوە، شوێنی داخراو، شوێنی ئاشنا، شوێنی نائاشنا.(1)

هەروەها (تانیا ئەسعەد محەمەد) لە نامەی دکتۆراکەیدا لە سێ ڕوانگەوە شوێنی لە ڕۆماندا پۆلین کردووە.

**١- لە ڕوانگەی هەبوونی شوێنەوە :**

واتە بوونی واقیعی شوێن، یان نەبوونی لە واقیعدا کە ئەویش (شوێنی واقیعی و شوێنی خەیاڵی)یە.

**٢- لە ڕوانگەی چەمکی هۆگرییەوە :**

دووجۆر شوێنی ڕۆمانی دیاریکردووە کە ئەوانیش (شوێنی هۆگر و شوێنی ناهۆگر)ـە .

**٣- لە ڕووانگەی بەکارهێنانی شوێنەوە :**

دوو جۆر شوێنی دیاری کردووە کە ئەوانیش (شوێنی کراوە و شوێنی داخراوە). (2)
جگە لەم جۆرە دابەشکردنانە هەندێکی تر شوێنیان دابەشکردووە بەسەر جۆر و چیەتی و گۆشەنیگا.

**١- جۆر :-**

شوێنی شیعری لە چەندین جۆر و پەیوەندییەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوەش وامان لێدەکات بگەینە ئەوەی بڵێین شوێنی شیعری لە ڕووی جۆرەوە دوو خەسڵەتی هەیە، ئەوانیش بریتین لە توانای بەشوێن بوون و توانای پارچەپارچە بوون، بە زانینی خەسڵەتی یەکەمیش تێگەیشتنمان لە شوێنی شیعری شوێنە جوگرافی و کۆمەڵایەتییەکان تێ دەپەڕێنێت بەرەو کۆمەڵێک لە بەکاربردنە شیعرییەکان، لەنێویشیاندا شوێنە نهێنی و دەروونی و مەجازی و شاراوەکان. هەرچی خەسڵەتی دووەمە کە بەستراوەتەوە بە جۆری شوێنەکانەوە لە ڕووی توانای بە شوێن بوون، ئەوە خەسڵەتی پارچە پارچە

(1) پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا جەنگی دووەمی جیهانی، ل٣٢٥-٣٤٥.
(2) تانیا ئەسعەد محەمەد، بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هیلانە، ئەژدیها)، ل٦٧.

بوونە، مەبەستیش لەمە ئەمەیە کە یەک شوێن دەبێتە چەندین پارچە شوێن، کە ئەوانیش دیسان پارچە پارچە دەبنەوە.

**٢- چییەتی (الماهیە) :-**

مەبەست لە چییەتی شوێن، حەقیقەت و ئەوەی لە پێکهاتەی ماددییەوە پێکدێت، لەو حاڵەتەدا دەبێ هەردوو خاسیەتی پێشوو (بەشوێن بوون و پارچە پارچە بوون) بهێنینەوە یادمان بەهۆی ئەو دوو خاسیەتە شوێن دەبێتە شتێکی زۆر نەک یەکەیەک، دەق تەنیا لە یەک شوێندا ناوەستێت، تەنیا بە وەسفکردنی وەکو مۆڵگەیەک نەبێت بۆ پارچە پارچە بوون و بڵاوبوونەوە، لە کۆتاییدا وا لە دەقەکە دەکات بریتی بێت لە چەند شوێنێکی بەراگەندە بە حوکمی هەردوو هۆکاری پارچە بوون و بڵاوبوونەوە، کە شیعر شوێنەکانی دەگۆڕێت بۆ چەند فەزایەک و بنیاتێک کە یەکتر ببڕن، بە پشت بەستن بە کارایی خواستن و ئایرۆنی دژیەکی و وەرگرتنەوە .

**٣- گۆشەنیگا :-**

شاعیر لە ڕێگەی چاو و زمان و ئەندێشە و گومان و یادگە و بەهاوە دەبینێت، مامەڵە لەگەڵ چەمکی شوێن دەکات. مەبەستیشمان لە گۆشەنیگای شوێن چۆنیەتی ئەو نواندنەیە کە شاعیر شتەکان لەنێو دەقدا دەخاتە شوێنی خۆیانەوە، ئەو چۆنیەتییە پەیوەندی شوێن و ڕێگە و هەستەکان و کارلێکردنەکانی دیاری دەکات. (١)

مەبەست لەو دابەشکردنانەی شوێنیش، ئەوە نییە کە جۆرەکانی شوێن لە شیعر لەیەکتر جیابکەینەوە، لەبەر ئەوەی شوێن لە هەموو بارەکاندا لە ئەنجامی هۆشیاری، یاخود درککردنێکی تەواوی ئەو تایبەتمەندییانەی شوێنە کە لە بیری شاعیر دروست بوون .

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا لە ڕووی پراکتیکیەوە بە ڕەچاوکردنی چۆنیەتی و چەندایەتی ئامادەبوونی ڕەگەزی شوێن لەنێو دەقە شیعرییەکانی (دلاوەر قەرەداغی و کەژاڵ ئیبراهیم خدر) قسە لەسەر جۆرەکانی شوێن دەکەین .

---

(١) رشيد يحياوي، تجليات المكان الشعري، ص٦. www.arrafid.ae

**١- شوێنی واقیعی:-**

بریتییە لە شوێنێکی جوگرافی کە وەرگر دەیناسێت و بە چاوی خۆی دەیبینێت و لەبەرامبەریەتی وەکو شار- گوند- ڕووبار- شەقام- خانوو... هتد، دەتوانین جەخت لە بوونە ڕاستەقینەکەی بکەینەوە .

شوێنی واقیعی بە شوێنێکی گرنگ هەژمار دەکرێت، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی هونەری واقیع دەگوازێتەوە و وێنەی ئەو شوێنە بۆ وەرگر دروست دەکات ،کە کارە هونەرییەکە بەرهەمی دەهێنێت، کە ئەویش ئەو شوێنەیە ئاراستە دەکرێت بۆ سەرچاوەکەی بە هەموو پێداویستییەکانی و هەستێکمان لە بارەی ڕاستگۆیی شوێن ، یان ڕاستگۆیی واقیعیەتەکەی پێ دەبەخشێت. ئەمەش جەخت لە ئینتیمای بەرهەمی ئەدەبی دەکاتەوە، بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی ، یان تا ڕادەیەک بۆ ئەو دەگەڕێتەوە .

شاعیر بە بەکارهێنانی ناوی ڕاستەقینەی شوێن وا لە خوێنەر دەکات بەبێ ماندووبوون و بیرکردنەوە ئەو شوێنانە بناسێتەوە، بەڵام شوێنی ڕاستەقینەی شیعرێک هەمان ئەو شوێنانە نییە کە لە واقیعدا هەن، بەڵکو نووسەر سوود لە شوێنە واقیعیەکە وەردەگرێت و پاشان بیر و ئەندێشە و سایکۆلۆژیای خۆی تێکەڵ بەو شوێنە دەکات، بۆیەش دەڵێین واقیعی نییە، چونکە لە ڕاستیدا وشەی (واقیعی) بە مانای دوور کەوتنەوە لە میسالیەت و خەیاڵە. لە چیرۆکیشدا بە هەمان شێوە ((شوێن لە چیرۆکدا شوێنی ڕاستەقینە نییە لە شتە هەبووەکانەوە دروست نەکراوە، بەڵکو شوێنێکی ئەندێشەییە و لە وشە دروست دەکرێت.))([١]) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار شاعیر یان ڕۆماننووس هەوڵی ئەوە دەدات ئەو شوێنەی هەڵی دەبژێرێت خاسیەت و سروشتی شوێنی واقیعی و ڕاستەقینەی بداتێ، بۆ ئەمەش پەنا دەباتە بەر ((وەسفکردنێکی دوور و درێژی شوێنەکە تا لە واقیعی نزیک بکاتەوە و وا لە خوێنەر بکا هەست بە بوونی ڕاستەقینەی ئەو شوێنە بکات.))([٢]) کەواتە شوێنی واقیعی شوێنێکی هونەری ناو دەقە، لە دەقی هونەری دروست کراوە.

(دلاوەر قەرەداغی) باسی ڕووداوێکی ڕاستەقینە لە شوێنێکی ڕاستەقینەدا دەکات و دەڵێت :-

([١]) پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، ل٣٢٥.

([٢]) تانیا ئەسعەد محمد صالح، بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، ل٦٨.

له سبەینێوە دەرژێمە شارەکانتانەوە
بەجادەکانتانا پیاسە دەکەم
بە کۆڵانەکانتانا دەگەڕێم
لەبەر دوکانەکانتانا ڕادەوەستم
کە دوکاندارە پیرەکانتان نیوەڕوان دەچن بۆ نوێژ
من ئاگام لە دوکانەکانیان دەبێ و
نوقڵ و دەمانچەی ئاو و کۆلارەیان بۆ دەفرۆشم
بەیانیان زوو نانەواخانەکانتان دەکەمەوە
جەریدەی گەرم دەگەینمە کتێبخانەکانتان
له سبەینێوە لەبەردەم زانکۆدا
بکوژەکانی خۆم… هاوسەفەرە بێ وەفاکانم ئەبینم([1])

(شار- جادە- کۆڵان- دوکان- نانەواخانە- کتێبخانە- سەر شۆستە- زانکۆ…هتد) ئەمانە هەموو شوێنن و بوونیان لە هەموو شارەکاندا هەیە، بەڵام لەم شیعرەدا قەرەداغی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ شاری هەولێر دەکات، چونکە وەک لە شیعرەکەدا دیارە باسی تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان)* و (سۆران مامە)* دەکات، بە تایبەتی (سەردەشت) کە لە شاری هەولێر تیرۆر کرا. دوکاندارە پیرەکان ئاماژەیەکە بۆ تایبەتمەندی شاری هەولێر کە بە شارێکی دێرین و کۆن ناسراوە، زانکۆش یەکێکی ترە لەو ئاماژانەی کە سەردەشت قوتابی زانکۆ بووە.

هەندێک جار ڕووداوی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان بەهۆی کەلتوورێکی دیاری کراوەوە یان هەر ڕووداوێکی تر وادەکات ئەم شوێنە پێی بەناوبانگ بێت و، ئەم ڕووداوە دەبێتە ناسنامەیەک بۆ شوێنەکە و وای لێدەکات لەنێو هەموو شوێنەکانی دیکەدا دیار بێت، دیارترین نموونەی کوردستانیش شاری (هەڵەبجە)یە، بەهۆی ڕووداوێکی سیاسی کە ئەویش کیمیابانکردنی بوو لە (١٩٨٨/٣/١٦) لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە، ئەم ڕووداوە بووە هۆی ناساندنی هەڵەبجە بە جیهاندا .

([1]) دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، چ١، بەرگی دووەم، چاپخانەی جایی، تاران، ٢٠١٣، ل٢٦٨-٢٦٩.
* ڕۆزنامەنووس و قوتابی زانکۆ بوو لە شاری هەولێر تیرۆر کرا.
* ڕۆژنامەنووسێک بوو لە شاری کەرکوک تیرۆر کرا.

له شیعرێکی تریدا دەڵێت :-

ڕێگەکان نە دێنەوە بانە و
نە دەچنەوە ڕۆما
دواجار هەموو ڕێگەکان دێنەوە ئێرە
دێنەوە بەر سەرا
دواجار هەموومان لەسەرا یەکتر دەبینینەوە
لەسەرا بەدوای یەکدیدا دەگەڕێین و یەکتر دەدۆزینەوە
لەسەرا یەکتر دەناسینەوە
لەسەرا گوێمان لە دەنگی دڵی خۆمان
لە ترپەی دڵی یەکتر دەبێ(١)

سەرای شاری سلێمانی، ئەمە ئەو شوێنەیە کە (قەرەداغی) ناوی ڕاستەقینەی ئەو شوێنەی هێناوە، چونکە وەک دیارە کاتێک شاعیر ناوی ڕاستەقینەی شوێنێک دەبات، ئەوا خوێنەر بە ئاسانی و بەبێ ماندووبوون ئەو شوێنە دەناسێتەوە. لێرەدا شوێن چەقی بابەتەکەیە، شوێنێکە مرۆڤ دەتوانێ ئازادانە ڕای خۆی دەربڕێ، هەروەها ئەو شوێنە بۆتە هۆی کۆکردنەوەی دەنگە ناڕەزاییەکان و هەروەها دۆزینەوە و ناسینەوەی یەکتر.

(کەژاڵ ئیبراهیم) لە شیعری (نیشتمانێک لە ئەرخەوان)دا ناوی چەند شوێنێکی ڕاستەقینە دەهێنێت و دەڵێت :-

ئەگەر ڕۆژێک هات و،
لەشارەکەمدا دیار نەمام
لە دار ئەرخەوانەکانی سەیوانی
وەرزی وەرین بۆم بگەڕێن
ڕەنگە لەسەر گۆڕی شەهیدان بم
ئەگەر لەوێش نەمدۆزنەوە
ڕەنگە لە کۆڵانێکی داڕوخاوی قەڵادزێ و
لە ماڵی ژنە بێوەژنێکی پاکیزەیی

(١) دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب٢، ل٢٩٩.

دوای ئەنفالی گەرمیان بم([1])

(سەیوان) مەبەست لە گردی سەیوانە، کە یەکێکە لە گۆڕستانەکانی شاری سلێمانی، کە چەندەها شاعیر و شەهیدانی کوردستانی لێ نێژراوە، ئەم شوێنە (سەیوان) شوێنێکی ڕاستەقینەیە و بوونی لە واقیعدا هەیە. لەم شیعرەدا (کەژاڵ ئیبراهیم) تیشک دەخاتە سەر ئەو کارەساتانەی کە بەسەر قەڵادزێ و گەرمیاندا هاتوون و کە بەهۆیەوە دەیان هاووڵاتی سڤیل شەهید بوون. (کۆڵانێکی داڕووخاوی قەڵادزێ) ئەمە ئاماژەیە بۆ بۆردومانکردنی قەڵادزێ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە ١٩٧٤/٤/٢٤ کە بەهۆیەوە ئەم شارە زۆربەی وێران بوو. (ماڵی بێوەژنەکەی گەرمیان)یش ئاماژەیە بۆ کارەساتی ئەنفالی گەرمیانییەکان .

لە شیعرێکی تریدا دەڵێت :-

هەڵەبجە هەرگیز پیر نابێ
تا دێ کلو کلو بەفری سپی
بەدووکەڵێکی شنرۆیدا
لەسەر ڕوومەتی دەنیشێ
هەموو دەمێک چاوی قەڵادزێ و
بە فرمێسکی شێخ وەسانان
کێڵگەی دڵی تەڕ تەڕ دەبێ([2])

(هەڵەبجە و شنرۆێ و قەڵادزێ و شێخ وەسانان) شوێنی ڕاستەقینەن و بوونیان لەسەر ئەرزی واقیعدا هەیە، جگە لەوەی کە ڕاستەقینەن، ڕەهەندی سایکۆلۆژیش لەخۆ

([1]) کەژاڵ ئیبراهیم خدر، تاریکی شەو و پەنجەرەی عەشق، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢، ل٧١-٧٢.

([2]) کەژاڵ ئیبراهیم خدر، تاریکی شەو و پەنجەرەی عەشق، ل١٨٣.

* (کەژاڵ ئیبراهیم) ساڵی (١٩٦٨) لە شاری قەڵادزێ لە دایک بووە، سەرەتا بە شیعر و چیرۆکی منداڵان دەستی پێکردووە، پاشان لە ساڵی (١٩٨٩) یەکەم بەرهەمی شیعری خۆی بڵاوکردۆتەوە، ئێستاش خاوەنی دوو دیوانە شیعرە بەناوەکانی (ئاونگی وەرینی گوڵەکان) کە لە ساڵی ٢٠٠٧ چاپکراوە، (تاریکی شەو و پەنجەرەی عەشق) لە ساڵی ٢٠١٢ چاپکراوە.

دەگرن، بەهۆی ئەو کارەساتە خوێناویانەی وەک ئەنفال و بۆردومانکردن و... هتد، کە بەسەر ئەو ناوچانە و زۆرێک لە ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا هاتووە.

ئەگەر سەیرێکی شیعرەکانی (کەژاڵ ئیبراهیم)* بکەین، دەبینین چەندین بەرهەمی شیعری بۆ هەڵەبجە و قەڵادزێ و ئەنفال نووسیوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاعیر خەڵکی (قەڵادزێ)یە و لەناو بەشێکی ئەو کارەساتانەدا بووە .

(کەژاڵ ئیبراهیم) لەشیعری (سوتانی رۆح لەبەردەم ئاوێنەی گریاندا ) دەڵێت :-
کەبیستم شارەکەم بۆتە وێرانە
منیش ویستم
ئەو واقیعە قێزەونە جێ بهێڵم و
سەرێک لە کۆڵانەکانی شێتی بدەم
ئای خودا بە ئیزرائیل بڵێ :
با قدومی بفەرمووێ بۆ کێشانی ڕۆحم([1])

بە ڕەچاوکردنی هەندێ ئاماژە کە لەم شیعرەدا هەن، وا دەردەکەوێ کە ئەم شیعرەی بۆ قەڵادزێ نووسیبێ. پێم وایە (شارەکەم) مەبەستی (قەڵادزێ)یە، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی ئەم شوێنە مەڵبەندی لەدایکبوونی شاعیرە، دیارە باسکردنی یەکەمین شوێنی نیشتەجێبوون، کە پەیوەندی بە بیرەوەرییەکانی ڕابردوو و منداڵییەوە هەیە لە یەکەمین ئەو هەنگاوانەیە کە شاعیران پەنای بۆ دەبەن. جگە لەمەش (وێران) ئاماژەیەکی ترە بەوەی کە مەبەستی شاعیر بۆردومانکردنی ئەو شارەیە، وەک ئاشکرایە قەڵادزێ لە (١٩٧٤/٤/٢٤) لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە بۆردومان کراوە، بەهۆیەوە بەشێکی خانووەکانی داڕووخان و شارەکە وێرانکارییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی. شاعیر داوا لە خودا دەکات کە ئیزرائیل بێ و ڕۆحی بکێشێت، ئەمە ئەو پەڕی نارەحەتی و دڵتەنگی شاعیرە بەرامبەر بەم کارەساتە، چونکە ڕووداوەکە هێندە دڵتەزێن و گەورەیە، هەر بۆیەش شاعیر خۆزگە بۆ مردن دەخوازێ، دیارە ئەمەش یەکێکی ترە لەم ئاماژانە. کەواتە هەرچەندە شاعیر ڕاستەوخۆ ناوی شوێنەکەی نەهێناوە، بەڵام هەموو ئەم ئاماژانەی باسمان کردن وا دەردەکەوێ ، کە مەبەستی شاعیر لە شاری قەڵادزێیە، کە شوێنێکی ڕاستەقینەیە و بوونی لەسەر ئەرزی واقیعدا هەیە.

---

([1]) کەژاڵ ئیبراهیم خدر، ئاونگی وەرینی گوڵەکان، چ١، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٤٦.

## ٢- شوێنی خەیاڵی:-

ئەو شوێنانەن کە بوونێکی ڕاستەقینەیان لەسەر زەویدا نییە و دوورن لەواقیع، هەروەها ناتوانرێت ببینرێت، یان بوونەکەی بسەلمێنرێت، بەڵکو ئەو وێنەیەکی زەینی گریمانە بۆکراوە، سەرچاوەکەیشی خەیاڵە، واتە خەیاڵی نووسەر دروستی دەکات، ((گرنگترین خاسیەتەکانی شوێنی خەیاڵی ئەوەیە کە مێشک دروستی دەکات و بە شێوەیەکی سەرەکی سەرچاوەکەی خەیاڵ و ئەندێشەی چیرۆکنووسە.))([1]) گومانی تێدانییە، شوێنی خەیاڵی لە زۆربەی کاتدا لەسەر بنچینەی جیهانی واقیعی بنیات دەنرێت، بە واتای ئەوەی سوود لە سەرچاوەی واقیعی وەردەگرێت بۆ وێناکردنی، بۆیە ئەو شوێنانە نزیک دەبنەوە لە واقیع، ئەوە سەرەڕای ئەوەی لە واقیعدا بوونیان نییە، بە پێچەوانەی شوێنی فەنتازی کە سوود لە سەرچاوەی واقیعی وەرناگرێت لە وێناکردنەکەی، سەرەڕای ئەوەی خەیاڵیشە، سەرەڕای ئەوەی کە زۆر دوورە لە واقیع، هەروەها تا ئاستێکیش بەرگی ئەفسانەیی دەپۆشێت، واتە شوێنی فەنتازی بەرهەمی خەیاڵی نووسەرە، ئەویش ئەو شوێنەیە، کە ئارەزووەکانی تێدا دێتەدی ،کە ناتوانرێت لە واقیعدا بێتەدی .

کەواتە دەکرێ بڵێین دوو جۆر شوێنی خەیاڵی هەیە :

١- شوێنی خەیاڵی ئاسایی :- واتە ئەو شوێنانەی ،کە لەسەر بناغەی واقیع بنیات نراون، بۆیە جیهانی دەرەوەی دەق دەنوێنن .

٢- شوێنی خەیاڵی نائاسایی یان فەنتازی :- واتە ئەو شوێنانەی ، کە لەسەر بناغەی خەون و خەیاڵی دوور لە واقیع بنیات نراون، بۆیە جیهانی ئەفسانە و خوڕافیات دەنوێنن .([2])

شوێنی خەیاڵی بریتیە لە فەزای ناوەوەی ئارەزووی خود، بۆیە ئەو هەمیشە لە یادەوەریدا گوزەر دەکات، لەبەر ئەوەی مرۆڤ پێیەوە کۆت و بەند بووە، لەوە زیاتر هیچ شتێک نابینێت یان وەکو (جان بیرجۆن) دەڵێت: ((ئێمە ئەو کاتە هەین، کە ئامادەنین.))([3]) پابەند دەبین بە شوێنی بیرەوەرییەکانمانەوە، هەندێک لە شاعیران گرنگییەکی زۆر بە شوێنی خەیاڵی دەدەن، چونکە لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەو شوێنەوە ئەزموونی شیعری

([1]) پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، ل٢١٧.
([2]) تانیا ئەسعەد محەمەد سالح، بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، ل٨٠.
([3]) قادة عقاق، دلالة المدينة في الشعر العربي المعاصر، (دراسة في اشكالية التلقي الجمالي للمكان)، اتحاد الكتاب العرب، ديمشق، ٢٠٠١، ص٢٦٢.

شاعیر دەردەکەوێ، هەروەها جۆرێک لە ئازادی بە شاعیر دەبەخشێت لەکاتی بەکارهێنان و بنیاتنانیان، لێرەوەش تێڕوانینی داهێنانی شاعیر و ئەو توانایەی کە هەیەتی لە گۆڕانی شوێنی واقیعی بۆ خەیاڵی لەسەر ڕووی دەق بەدیار دەکەوێت.

(دلاوەر قەرەداغی) لەم شیعرانەی خوارەوەدا چەند شوێنێکی خەیاڵی لە دەقە شیعرییەکەیدا بەرجەستەکردووە و دەڵێت :-

خۆم دەدەمە دەم با
لەسەر سینگی دونیا ڕادەکشێم
پەلکی دار مێوێک دەقرتێنم و
بە مەرەکەبی ترێ
ناوت لەسەر خۆڵەمێش دەنووسم(1)

لە شیعرێکی تریدا دەڵێت :-

جێپێت لەئاودا هەڵدەگرم
لە بەلەمێکی کاغەزیندا
تا غەرق دەبم
هەر سەوڵ لێدەدەم و
بە ئۆقیانووسەکاندا
بەشوێنتەوەم(2)

( لە سەر سینگی دونیا ، لەسەر خۆڵە مێش ، بەلەمی کاغەزی) ئەمانە شوێنی خەیاڵین و زادەی خەیاڵی شاعیرن، شوێنپێ لە ئاودا هەڵناگیرێ، بەڵام شاعیر هەموو ئەو وێنە خەیاڵیانەی لە هزری خۆیدا دروست کردووە، کە ئەم وێنانە بوونەتە هۆکاری بنیاتنانی شوێن .

---

(1) دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب2، ل157.
(2) سەرچاوەی پێشوو، ل157.

(کەژاڵ ئیبراهیم) وێنەی چەند شوێنێکی خەیاڵی دەکێشێت و دەڵێت :-

لە نێو باخچەیەکی پەمەیی دەریادا
لەنێو شەپۆڵی سەرشێتی بەر بادا
لەنێو پەرداخێک لە تریفەی
بەجێماوی سێبەری بەرهەتاوی ئاودا
بۆت دەگەڕێم
تاکو ناسکترین وشەی نووری وەرزت
لە خوێنی بەفر
بۆ بکەمە باخێک لە قەفەسی
سەفەری تەنهایی[1]

لەنێو باخچەیەکی پەمەیی دەریا، لەنێو شەپۆڵ، لەنێو پەرداخ ، باخێک لەسەفەری تەنهایی) ئەمە ئەو شوێنە فەنتازییانەن که زۆر دوورن لە واقیع، شاعیر لە هزری خۆیدا وێنەی ئەو شوێنانەی دروست کردووە .

بۆت دەگەڕێم
لەنێو بەهەشتێکی ون بوودا
لەنێو زەریایەکی بە لم داپۆشراوی
سەرهەڵگرتوودا
که پڕ بێت لە ئازاری ماچی گەڵا و
کۆچی مانگە شەوی پایز و
قەدەری پەژارەی
چەپکە گیایەکی سەوز[2]

دیارە زەریا بە لم دانەپۆشراوە، کەواتە لێرەدا زەریا خاسیەتی ڕاستەقینەی خۆی ونکردووە، که ئاوە. شاعیر لە ڕێگەی وشە و زمانەوە هەڵساوە بە دروستکردنی وێنەیەکی دەستکرد و سیفەتی بیابانی بە زەریا داوە، ئەمەش بۆتە هۆکاری بنیاتی شوێنێکی خەیاڵی، هەروەها ویستوویەتی لە ڕێگەی واقیعەوە وێنەیەکی خەیاڵی سەرنج

---

(1)کەژاڵ ئیبراهیم خدر، تارکی شەو و پەنجەرەی عەشق، ل٣٥.
(2) سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

ڕاکێش دروست بکات، بەڵام مەبەستی سەرەکی شاعیر لە زەریا بیابانە، کە ئەنفالی کورد لەو بیابانەدا بووە، دیارە زەریاش ڕەمزە بۆ گەورەیی و قووڵی خەم و کارەساتەکە و زۆری قوربانییەکان.

### ٣- شوێنی هۆگر:-

ئەو شوێنەیە کە تێیدا ژیاوین و هەستمان بە ئارامی و پاراستن کردووە. ((بە شێوەیەک کە ئەو شوێنە بۆتە بابەتێک بۆ یادەوەریمان، بۆنموونە ماڵ بە تایبەتی ماڵی منداڵیمان ، باشترین جۆری شوێنی هۆگرە، چونکە وەکو دەزانین ، ئێمە لە ڕێگەی یادەوەریمانەوە هەمیشە دەگەڕێینەوە بۆ ماڵی منداڵیمان، ئەمە سەرەڕای ئەو سۆزەی کە یەکەمجار پێی بەخشیوین و ئەو باوەشە گەرمەی ئێمەی گرتەخۆ.)) ([1])

مەرج نییە هۆگری و پەیوەست بوون تەنیا لە ماڵی منداڵی چڕ بێتەوە، بەڵکو دەکرێ ئەو شوێنەی لە بەرامبەریدا هەست بە هۆگری دەکەین شارێک بێت یان گەڕەکێک یان شەقامێک یان ژوورێک..هتد. (باشلار) لە لێکۆڵینەوەی شوێندا جەخت لە کۆکردنەوەی سەرجەم دیاردەکانی هەست و نەستی دەروونی دەکاتەوە، کاتێک هەوڵی داوە ئەو هۆکارانە دیاری بکات کە پاڵمان پێوە دەنێت بۆ بەستنەوەمان بە شوێنێکەوە تا ڕادەیەک پێوەی هۆگربووین .

هەست کردن بە هۆگریی یان نا هۆگریی بەرامبەر بە شوێنێک هەستێکی ڕێژەییە و، لەبەر ئەوەی بەهۆی حاڵەتی هەستەکی هەر کەسێک دەگۆڕێت کە لەو شوێنەدا لێی دەژێت، بۆ نموونە شوێنێکی وەکو تاراوگە لەوانەیە بۆ هەندێ کەس خۆشترین شوێن بێت بەهۆی ئەو دیمەن و سروشتە جوانەی کە هەیەتی، ڕەنگە لەلای ئەم کەسە زۆر لە نیشتمانەکەی خۆشتر بێت، بەڵام ڕەنگە بۆ هەندێکی تریش تاراوگە تاڵترین شوێن بێت و هەست بەو پەڕی نامۆیی بکات بەهۆی دووری لە نیشتمانەکەی کە جێگەی زێد و باپیرانیەتی. جگە لەمە دەکرێت هەندێ جار شوێنی هۆگر بگۆڕدرێت بۆ شوێنێکی نا هۆگر ((هەرکاتێک شوێنی هۆگر زیاتر داخرا، تەنگ بووەوە و بوو بە لەمپەرێک لەبەرامبەر جووڵانەوە و بەدیهێنانی ئارەزووەکانی یان بگۆڕێت بۆ شوێنێکی شەرم هێن، ئەوا ئاوەژوو دەبێتەوە و دەبێتە شوێنێکی ناهۆگر.))([2]) هەروەها ((ئەگەر ژووری خۆت کە هۆگری بوویت ماوەیەک

---

([1]) قادة عقاق، دلالة المدينة في الشعر العربي المعاصر، (دراسة في اشكالية التلقي الجمالي للمكان)، اتحاد الكتاب العرب، ديمشق، ٢٠٠١، ص٢٦٢.

([2]) سەباح ئیسماعیل، چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، ل٤٥.

تیایدا بەند بکرێیت یان شوێنی کارەکەت ببێتە مایەی چەوسانەوە و ناخۆشی و نائارامی، ئەوا لێت دەبێتە شوێنێکی ناهۆگر.))([1])

کەواتە: شوێنی هۆگر بۆی هەیە، هەندێ جار بگۆڕێت بۆ شوێنی ناهۆگر، ئەو شوێنانەش کە مرۆڤ لەبەرامبەریدا هەست بە هۆگری و پەیوەست بوون دەکات، ئەوا ئەم هۆگربوونە دەبێتە پەیوەستبوونی مرۆڤ بەو شوێنەوە لە هەردوو ئاستی دەروونی و جەستەییش.

(دلاوەر قەرەداغی) لەم شیعرانەیدا بە شێوەیەکی گشتی هۆگری خۆی بۆ نیشتمان دەخاتە ڕوو و دەڵێت :-

دەڵێی خەون دەبینم
دەڵێی ئەو ساتەیە و بەفر دەبارێ و
شەڵاڵم بە خوێندنەوەی
یەکەمین نامەی تۆ
دەڵێی ئەو ساتەیە
کە ئێوارە بە چراکانییەوە دێ
لەسەر ڕەفەیەک تەنیایی
شان دادەداو سیغارێک پێ دەکاو
بەدەم سەیرکردنی کۆڵانەوە
وەنەوز دەیباتەوە و دەنوێ
دڵم خۆشە
منالی خستوومییەتیە فڕین
دەڵێی وام لەژێر یەکەمین باراندا و
لەیەکەمین پیاسەم و
تەڕ تەڕم بە لێزمەی ناکاوی
یەکەمین ئەوین! ([2])

([1])سەباح ئیسماعیل، چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، ل٤٥.
([2]) دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب١، ل٣٥٧-٣٥٨.

ئەو هۆكارانەی كە پەیوەستكردن بە شوێنێكەوە بەدی دەهێنن، لایەنە سۆزدارییەكەی مرۆڤە سەبارەت بەو شوێن و جێگەیەی كە تیای دەژی، پابەند دەبین بە شوێنێک لەبەر ئەوەی بەشێكە لە ڕابردووی ئێمە و ئەوشتانەی كە خۆشمان دەوێت، بەشێک لە ڕابردوومان پێكدەهێنن. دیارە دووركەوتنەوەشمان لەو شوێنە، هەمیشە ئەندێشە و خەون و هەستەكانمان داگیر دەكات، لەبەر ئەوەی زۆرجار یادگە لە كاتی خەوندا دووبارە بیروەرییەكانی ڕۆژانی منداڵی لەلایەن كەسی خەونبینەوە دەگەڕێتەوە.

(كۆڵان) وەک شوێنێكی هۆگر و خۆش لای شاعیر دەردەكەوێت، هەستی غەریبی شاعیر لە دوورە وڵات و هۆگری بۆ نیشتمان و لەناویشیدا (كۆڵان) شاعیر دەباتەوە سەردەمی منداڵی، كە باس لە خۆشی و یادگارییەكانی خۆی دەكات، كە لە ڕابردوودا بەسەری بردووە، چونكە بیرەوەری منداڵی لە هەر شوێنێک بێت هەمیشە بە زیندوویی لەناخی هەموو مرۆڤێكدا دەمێنێتەوە.

تۆ هەر نیشتمانی منی
چ فەرق ناكا
لە زەمەنی ئازادیدا بێ

یاخود لە زەمەنی دیلیی[1]
هەروەها دەڵێت :-

بەیانیت باش ئەی نیشتمان
بەیانی حیكایەتێكی نوێت باش
بەیانی دڵەخورپەیەكی تر... ئەی نیشتمان
ئەی نیشتمان... ئێوارەی ئومێدێكی ترت باش
بەیانیت باش... ئەی نیشتمانی شەلاڵ بە حیكایەت
ئەی حیكایەتی شەلاڵ بەغەمی نیشتمان
بەیانیت باش![2]

---

[1]دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب٢، ل٨٢.
[2]سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٩.

(نیشتمان) هەمیشە بەشوێنێکی هۆگر و خۆش دادەنرێت، بەبەراورد لەگەڵ تاراوگەدا، شاعیریش هەمیشە بە سۆزەوە لە نیشتمانەکەی دەڕوانێ، چونکە نیشمان وڵاتی هۆگربوون و ئینتیمایە، کە خۆی لە حاڵەتی پەیوەستبوون بە خاکەوە دەبینێتەوە، (قەرەداغی) هەستێکی ڕاستەقینەی بۆ نیشتمان هەیە، کە هەستێکی ڕەسەن و قووڵە، ئەو هەستەش زیاتر بووە کاتێک لە نیشتمانەکەی دوور کەوتووەتەوە.

من لەم ماڵەدا کوڕێکی بەختەوەر بووم
خۆش بوون ئەو خەونانەی، کە لەم ماڵەدا بینیمن
میهرەبان بوو ئەو هەتاوەی
کە بەچەپک خۆی دەکرد بە ژووردا
ناشبێ نەزاکەتی ئەو مەلانەم بیربچێ
کە دەیانزانی شاعیرم و
کاتێ دەهاتمە ماڵەوە و خۆم بەحەوشەدا دەکرد
بە ئەدەبەوە دەیانجریواند ([1])

( ماڵ ) بە هەموو بارودۆخەکانییەوە شوێنی هۆگر بوونە، یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکان کە بیرۆکە و یادگاری و خەونەکانی مرۆڤ تێکەڵ دەکات، بۆیە لای شاعیران دەبێتە جەمسەری پەیوەندییەکی سۆزداری کە بۆ لای خۆی کێشی دەکات. لەم بارەیەوە (باشلار) دەڵێت: (( ماڵی کۆن، واتە ماڵی منداڵی، شوێنێکی هۆگرە و ناوەندی وەرگرتنی خەیاڵە، کاتێکیش کە لێی دوور دەکەوینەوە، ئەوا بەردەوام بیرەوەریەکانمان دێنێتەوە یاد.))([2])

دیارە شاعیر لەو ماڵەدا هێندە بەختەوەر و دڵخۆش بووە بە ڕادەیەک کە خۆشییەکانی گەیشتوونەتە لوتکە و شوێنیش بۆتە چڵەپۆپەی خەونەکان. ئەمەش لە دەرئەنجامی هەست کردن بەو هۆگرییەی کە لەو ماڵەی لێی ژیاوە.

دیارە (باوەش) وەکو شوێنێکی جەستەیی لەلای (کەژاڵ ئیبراهیم) ئەوەندە هۆگرە ، کە حەز بەوە دەکات لە باوەشدا بینێژن .

---

([1])دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب٢، ل٢٦٢.
([2]) غاستون باشلار، جماليات المكان، ص٩.

حەزم دەکرد ڕووباری سەرەڕۆی سیروان و
نەغمەی ئاوازی بولبول و
شنەی شەماڵی ئێواران و
لەگەڵ نمەی هەناسەی تۆدا بڕۆیشتمایە
بۆ دواجاریش حەزم دەکرد دوای مردنم
لەباوەشی تۆدا گۆڕیان بۆ هەڵبکەندمایە (١)

(باوەش) لە تایبەتمەندییەکانی دایکە، وەکو دەڵێن ئاسمانیش لە باوەشی دەگرێت، ئەوەش ئاماژەیە بۆ پانتایی سۆزی دایکایەتی، ئەو جێگەیە کە شاعیر تێیدا لە دایکبووە، بەهۆی خۆشەویستییەکی زۆری بۆ ئەو شوێنە سیفەتی مرۆڤی داوەتێ، شوێنی کردووە بە جەستەی دایک .

هەروەها دەڵێت :-

ناکرێ بڕۆی
ئەم دەڤەرە هەمووی شوێنی
یادگارییەکانی من و تۆیە
بەرد پەیکەری ژووانەکانە و
ڕووبار فرمێسکی چاومانە
گوڵاڵەکان خونچە گووڵی ماچەکانن؟!(٢)

(ئەم دەڤەرە هەمووی شوێنی یادگارییەکانی من و تۆیە) لێرەدا باس لە دوو کەس دەکات پێم وایە (من) مەبەستی شاعیر خۆیەتی (تۆ)ش لەگەڵ هاوسەرکەیەتی (ڕووبار فرمێسکی چاومانە) ئاماژەیە بۆ خەم و خەفەت و گریانی زۆر، ڕەنگە مەبەستی ئەو کارەساتانە بێت کە بەسەر ئەو دەڤەرەدا هاتووە. لەم شیعرەدا (دەڤەر) وەکو شوێنێکی هۆگر لای شاعیر دەردەکەوێ، هەرچەندە لەوێدا فرمێسکێکی زۆری بۆ ناخۆشیەکان ڕشتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێچەوانەی ئەمە شاعیر کۆمەڵێک یادگاری خۆشی هەن،

(١) کەژاڵ ئیبراهیم خدر، تارکی شەو و پەنجەرەی عەشق، ل١٤٨.
(٢)کەژاڵ ئیبراهیم خدر ، ئاونگی وەرینی گوڵەکان ، ل٢٣٥.

کە ڕەنگە دوورکەوتنەوەی لە نیشتمان و لە زێدی لە دایکبوون  و لەو شوێنەی تێیدا ژیاوە، کەمێک سەخت بێت و هەمیشە وەکو خوولیایەک لە کەڵکەڵەی مێشکیدا زرینگەی بێت.

### ٤- شوێنی ناهۆگر:-

شوێنی ناهۆگر، پێچەوانەی شوێنی هۆگرە، شوێنێکە کە لەبەرامبەریدا مرۆڤ هەست بە هیچ هۆگرییەک ناکات، بەڵکو هەست بە دوژمنایەتی و ڕق لێبوونەوە دەکات، ((ئەو شوێنانەیە کە مرۆڤ لەژێر بارودۆخێکی ناچارییدا تیایاندا دەمێنێتەوە، وەکو تاراوگە و زیندان و شوێنە بۆ دوورخراوەکان و ئەو شوێنانەی کە خاڵییە لە مرۆڤ و شوێنەکانی نامۆیی.))([1])

هەروەها وەک چۆن شوێنی هۆگر بۆی هەیە بگۆڕدرێت بۆ شوێنێکی ناهۆگر، بە هەمان شێوەش شوێنی ناهۆگر هەندێ جار بۆی هەیە بگۆڕدرێت بۆ شوێنێکی هۆگری. بۆ نموونە کاتێک مرۆڤ بۆ یەکەم جار دەچێتە شوێنێک یان خانوویەک ڕەنگە لە سەرەتادا ئەو شوێنە بۆی هۆگر نەبێت، لەبەر ئەوەی پێشتر تێیدا نەژیاوە و بەلایەوە نامۆیە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات وردە وردە ئاشنایەتی لەگەڵ کەلوپەلەکانی ئەو ماڵە پەیدا دەکات و، دواجاریش لەگەڵیدا ڕادێت و، بەمەش بۆی دەبێتە شوێنێکی هۆگر. مەرجیش نییە شوێنی ناهۆگر تەنیا زیندان یان تاراوگە بێت کە لەلای کەسەکان ئەو شوێنە جێگای خۆشحاڵی نییە، لێرەدا ((زۆرێک لەو شوێنانە هەیە کە لە دەرەوەی ئەو جۆرە دیاردیکردنانەیە، وەکو ژوورە دابڕاوەکان، خانووە کۆنە هاوبەشەکان، ژێرزەمینەکان، کە کەسەکانی تێیدا دەژی، بەڵام دەبینین ئەو شوێنە ڕەتدەکەنەوە و، لە جۆرێک لە ململانێی نەشیاو دەژیت، جا ئەوە لەگەڵ کەس و کارەکانیان بێت یان لەگەڵ دەرکەوتە باوەکان.))([2])

کەواتە دەتوانین بڵێین شوێنی ناهۆگر هەموو ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ بە ناچاری تێیدا دەژی، هەربۆیە لەبەرامبەریدا هەست بە دژایەتی و بێزاری دەکات، چونکە لەوانەیە مەترسی مردنی لێ بکرێت، جا لەبەر هەر هۆکارێک بێت، بۆیە مرۆڤ هەمیشە هەوڵدەدات تا دەکرێت خۆی لەو شوێنانە بەدوور دەگرێت .

---

([1]) رولان بورنوف و ريال اوئيلية، عالم الرواية، ت.نهاد التكرلي، ط١، دار الشؤون الثقافية العامة، وزارة الثقافة والاعلام، بغداد، ١٩٩١، ص١١٣-١١٤.

([2]) احمد رشيد وهاب الدرة، السردية في النقد الروائي العراقي، (١٩٨٥-١٩٩٦) ص١٨٩.

(دلاوەر قەرەداغی) لە زۆربەی شیعرەکانیدا کێشەی خۆنەگونجاندنی لەگەڵ مەنفادا هەیە، لەم شیعرانەی خوارەوەشدا ئەمە زیاتر ڕووندەبێتەوە .

مەنفا
کردنی دەستێک ئەزنیفە
لە تەنیاییدا
لەگەڵ خۆت
مەنفا هەوڵدانێکی بێهوودەیە
بۆ بردنەوە لەخۆت (١)

مەنفا لە زۆربەی شیعری شاعیراندا بە شوێنێکی ناهۆگر و ناحەز بەکارهاتووە، چونکە مەنفا دابڕان یاخود دوورکەوتنەوەیە لە نیشتمان، شاعیران لەم شوێنەدا هەست بە تەنیایی و ناخۆشی دەکەن، زۆربەی جاریش ئەمە لە شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. (قەرەداغی)یش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە مەنفا لای ئەو شوێنێکی ناهۆگرە، لەم شیعرانەشیدا ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە، کە هەرچەندە بتەوێ هەست بە خۆشی بکەیت ئەوا لە مەنفادا ناتوانی ئەو هەستە بەدی بهێنی. هەر لەبارەی مەنفاوە دەڵێت :-

هیچ شتێک لەم شارە ساردانەدا ڕوونادا
هیچ شتێک دڵمان لەم شارە ساردانەدا
خۆش ناکا
قەدەری من تێکشکانێکی گەورەیە
لەم شارە ساردانەدا
قەدەری من ڕەقبوونەوەیەکی هەمیشەییە
لە ئاوێنەی زوقمبەندی ئەم شارە ساردانەدا
هیچ جێگایەک وەک ئەم شارە ساردانە
ڕەش ناچێتەوە بە بەخت (٢)

---

(١)دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب٢، ل١٥٩.
(٢)سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٩.

لەبەر ئەوەی قەرەداغی لە تاراوگە دەژێت و دوورە لە نیشتمان، بۆیە کە سەیری شیعرەکانی ئەم شاعیرە دەکەین هەمیشە ناهۆگری و تەنیایی و نائومێدی لە شیعرەکانیدا بەدی دەکەین، شاعیر باسی شارە سارد و سڕەکانی سوید دەکات، کە هیچ شتێک نابێتە هۆی دڵخۆشکردنی لەم شارانە.

(کەژاڵ ئیبراهیم) لە ڕێگای کارەساتی ئەنفالەوە باسی شوێنێکی ناهۆگرمان بۆ دەکات، ئەویش بیابانەکانی باشووری عیراقە ، دەڵێت :-

ئەو ژن بوو،
پێش ئەنفال لەناو گیرفانی خۆیدا،
بەردێکی گوندەکەی هەڵگرت...
لەسەری نووسی،
ئەی بەرد تۆ جەستەت چەند ڕەقە و، منیش دڵم
عەرعەریش ناتوانێ نیشتمانم بیرباتەوە...([1])

لە شیعرێکی تریدا دەڵێت :-

ئەو کچ بوو،
لەسەر مشتەخۆڵێکی تەعریبکراوی باشوور
نامەیەکی تۆمارکرد،
نووسیبووی:
لەناو خۆڵی ئەم بیابانە،
خوێنی من و، خاکی گوندم
سەر لەنوێ نیشتمان زیندوو دەکەنەوە([2])

(بیابانی عەرعەر) شوێنێکی ناهۆگر و تۆقێنەرە. ڕەهەندێکی سایکۆلۆژیشی هەیە، هەر یەکێک لە ئێمە کاتێ گوێ بیستی ئەو ناوە دەبین یەکەسەر بیرمان بۆ ئەوکاتانە دەچێتەوە، کە ڕژێمی بەعس خەڵکی سڤیل و بێتاوانی ئەم کوردستانەی بەرەو بیابانی

---

([1])کەژاڵ ئیبراهیم خدر ، تاریکی شەو و پەنجەرەی عەشق، ل١٨٦.
([2])سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٦-١٨٧.

عەرعەر و سەرجەم بیابانەکانی تری باشووری عیراق برد و لە گۆڕی بەکۆمەڵ ناشتنی، بۆیە ئەو شوێنە هەمیشە ناحەز و ناهۆگرە .
شاعیر لەم شیعرانەدا وێنەیەکی جوانی ئەو ژنانەمان پیشان دەدات کە بەرەو بیابانەکانی عەرعەریان بردن، کە چەندە دڵسۆزی نیشتمانەکەیانن، هەرچەندە لەوێ ئازار بچێژن، بەڵام سۆز و خۆشەویستییان بۆ نیشتمان وادەکات کە هەرگیز نیشتمانەکەیان لەیاد نەچێت .
(کەژاڵ ئیبراهیم) لە شیعرێکیتردا کە باس لە (زیندان) دەکات ئەم گۆڕانکارییەمان نیشان دەدات کە زیندان وەکو شوێنێکی ناهۆگر نەبۆتە هۆی ئەوەی کاریگەری سلبی هەبێ لەم بارەیەوە دەڵێت :-

مێیەکی ئازا و بەجەرگ،
لەناو زیندانی دڵڕەقی،
دەپاڕایەوە فێری یەک و دووی کەن،
کەفێر بوو،
بەحونجە دەینووسی،
لە یەکەم و دوا ڕستەی خۆمدا....
ڕۆژێک دێت، خوا ئاوڕێک لە ئێمەش بداتەوە...([1])

هەر لەبارەی زیندانەوە دەڵێت :-

ئەو کچۆڵەی لە گوندەکەی شەرم خواردی،
لە زینداندا ببوو بە شێر،
بوو بەژنێک
پیاوەکانیش لێی دەترسان.
چونکە شۆڕەژنی گەرمیان بوو...([2])

---

([1])کەژاڵ ئیبراهیم خدر ، تاریکی شەو و پەنجەرەی عەشق ، ل١٨٧.
([2])سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٩.

به شێوەیەکی گشتی (زیندان) ترس و دڵەڕاوکێ و خەمباری لەخۆ دەگرێت، شوێنێکە زۆربەمان ڕقمان لێیەتی، چونکە مرۆڤ تەواوی ئازادییەکانی لەدەست دەدات و جۆرێک لە نیگەرانی ناخی دادەگرێت.

زیندانی کردن یەکێکی ترە لەو ناخۆشی و نەهامەتییانەی کە بەسەر گەلی کورددا هاتووە بە تایبەتیش زیندانەکانی ڕژێمی بەعس، کە چەندین گەنجی بەتوانا و پیر و منداڵانی لەوێدا بەند دەکردن، چونکە بەعس هیچ کات جیاوازی نەدەکرد لەنێوان ڕگەز و تەمەن، چونکە مەبەستی سەرەکی لەناوبردنی گەلی کورد بوو، جا لە هەر ڕەگەز و تەمەنێکدابن.

شاعیریش لەم شیعرەیدا باسی ژنێکی گەرمیانی دەکات، کە لە زینداندا وەک شێر ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە، ئەویش بەهۆی ورە بەرزی و چۆکدانەدانی بۆ دوژمن و خۆشەویستی بۆ نیشتمانەکەی.

کەواتە لێرەدا زیندان وەک شوێنێکی ناحەز کاریگەری (سلبی) نەرێنی لەسەر ئەم ژنە دروست نەکردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە کاریگەری ئەرێنی (ئیجابی)یشی دروست کردووە، بەهۆی خۆڕاگری و ئەو هەست و خۆشەویستییەی کە بۆ نیشتمان هەیەتی وای کردووە دوژمنان هەر لە پیاوانی بەردەرگاو کاربەدەستانی بەندیخانە بتۆقێنێ.

**٥- شوێنی کراوە :-**

ئەو شوێنەیە کە هەموو کەس دەتوانێ بەکاری بێنێ، واتە تایبەت نییە بە تاکە کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک، بەڵکو بۆ هەموو کەسێکە و هەموو کەسێکیش دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی تیایدا بێن و بچن وەک شار، گوند، شەقام، کۆڵان، چایخانە، نەخۆشخانە، مزگەوت، بازاڕ، دامودەزگە و فەرمانگە میریەکان...هتد.

هەروەها جۆرێکی تر لە شوێنی کراوە ئەویش شوێنە سروشتییەکانە، وەک ((کەژ و کێو- ئەشکەوت –بیابان..هتد، ئەمانەش دیسانەوە هەموو کەسێک دەتوانێت بەکاریان بهێنێت.))(١)

هەموو مرۆڤێک کاتێک لە شوێنێکدا دەژی، ئەوا ئەو شوێنە یان کراوەیە، یان داخراوە، لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانین بڵێین مرۆڤ ژیانی ئاسایی خۆی لە شوێنی کراوە بەسەر دەبات و کارە نهێنییەکانیش لە شوێنی داخراودا ئەنجام دەدات.

---

(١) تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح، بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، ل١٠٩.

((بنیاتی شوێنی کراوە ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە گوزارشتکردن لە پرسە کۆمەڵایەتی و هزری و سۆزدارییەکانەوە، بە پێچەوانەی شوێنی داخراو، لەبەر داخرانەکەی چەند ڕەهەندێکی کەسایەتی وەردەگرێت، کە هەڵقووڵاوە لە لایەن ئەو کەسەی کە لە شوێنێکەدا نیشتەجێییە.))([1])

شوێنی کراوە جەخت کردنەوەیە لە ئازادی تاک، یان جەخت کردنەوەیە لە دەرچوون لە خودەوە بۆ یەکێکی دیکە، ((مرۆڤ لە هەڵچوون و داچوونێکی جەدەلی دەژیت لەنێوان ئارەزووی بڵاوبوونەوە و دەرچوون لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی دیکە و لە جووڵەی دەرچوون بۆ دەرەوە و، نێوان ئارەزووی داکشانەوە و کەوتنە نێو جووڵەیەکی ڕاکێشراو بەرەو ناوەوە.))([2]) ئازادی وا لە مرۆڤ دەکات کە توانای هەبێت شوێن چێ بکات و ئەپارتمانەکان بنیات بنێت، ((زەوتکردنی ئازادی ئەو توانایەی بە شوێن بەخشیوە بۆ دووبارە داڕشتنەوەی کەسایەتییەکانی دیکە و دووبارە سەر لەنوێ ئاوەدانکردنەوەی، ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ ئەو ڕاستییەی کە ئازادی لە پێکهاتەی شوێن و سروشتەکەیدا نییە، بەڵکو لە ناخی ئەو مرۆڤەدایە کە دەتوانێت ئەو ئازادییە لە ناخی خۆی دەربکات بۆ ئەوەی کۆت و بەندی شوێن بگۆڕێت – بە چاوپۆشین لەو شوێنەی کە لێی دەژێت- بۆ ئەوەی ئازاد بێت لە شوێنە وابەستەکان، هەروەها دەتوانێت لەناوی ببات، بۆ ئەوەی وابەستە (مقید) بێت لە شوێنێکی ئازاددا.))([3]) کاتێک (باشلار) شیکردنەوەی لە جەمسەرە شوێنییەکانی دەرەوە و ناوەوە کرد، ئاماژەی بەوە داوە کە ناوەوە هەمیشە شوێنێکی هۆگر و خۆش نییە، دەرەوەش هەمیشە شوێنێکی ناخۆش و دژوار نییە، چونکە بەهاکانی جێگۆڕکێیان پێ دەکرێت، بۆیە شوێنە کراوەکان هەمیشە جێگەی خۆشی نین، شوێنە داخراوەکانیش هەمیشە ناخۆش نین. (قەرەداغی) لە شیعرێکی تریدا دەڵێت :-

لەئاشتیدا
کۆڵان پڕ دەبێ لە دەنگە دەنگی خۆشی مناڵی و
هاواری سەرکەوتنی گڕ و گاڵ
بەپێپلیکانەی سادەی تەمەندا
لە ئاشتیدا
گیان دێتەوە بەبەری دارتێلەکانا

---

([1]) احمد حسين الجارالله، البنية السردية في قصص الطيفة الدليمي، الاقلام، السنة السادسة والثلاثون، ع٣، ٢٠٠١، ص١١٠.

([2]) جماليات المكان، مجموعة من الباحثين، ص٦٠

([3]) شاكر النابلسي، جماليات المكان في الرواية العربية، ص٣١٨.

سروە خۆی لە ڕۆحی تەڕ و بڕی دارسێوەکان دەسوێ ([1])

باسکردنی سوودەکانی ئاشتی و زیانەکانی شەڕ ناوەرۆکی ئەم شیعرەیە. وەک دەزانین لە کاتی شەڕ و شۆڕدا زەرەرمەندی یەکەم منداڵە کە بەهۆیەوە لەوانەیە تووشی دەربەدەری یاخود لەدەستدانی باوکی یاخود هەر ئەندامێکی تری خێزان تەنانەت خۆیشی بێت، پێچەوانەی ئەوە ئەگەر ئاشتی هەبێ، ئەوا منداڵان دووچاری ئەو لەدەستدانە نابنەوە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە هەڵبژاردنی شوێنێکی (کراوە)یە، کە ئەویش (کۆڵان)ـە لە لایەن شاعیرەوە کە ڕەنگە پەیوەندی بە منداڵانەوە هەبێ بەگشتی، چونکە ئەوان زۆرجار لەگەڵ هاوڕێ و هاوتەمەنەکانیاندا لە کۆڵان یاری دەکەن و کاتی خۆشی بەسەر دەبەن، هاواری سەرکەوتنی گرۆ گاڵیش ئاماژەیە بۆ ئەو منداڵانە .

هەروەها دەڵێت :-

ئەی شار
ئەی شۆخ و شەنگترین وەهم
ئەی شارێک
کە لە هەموو شارەکانی
دونیا زیاتر
شاعیرت هەن.... جەللادت هەن
قوربانیت هەن ([2])

هەر لە بارەی (شار)ـەوە دەڵێت :-

یەکەمین کتێب شار بوو کڕی
یەکەمین کتێبخانە شار بوو داینا
یەکەمین نامە شار بوو ناردی
یەکەمین جار شار بوو سەفەری کرد
شار حەزی لەگەڕانە
شار حەزی لە گۆڕانە

---

([1]) دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب١، ل٨١-٨٢.
([2])سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٥.

شار حەزی لە خۆگۆڕینە ([1])

(شار) هێمایەکە بۆ واقیعێک بە هەموو گشتگیری و فراوانییەکەیەوە، جیهانێکی ڕەنگاو ڕەنگە، هەر یەک لە کۆڵان و گەڕک و شەقام و ...هتد، تێدایە، بەڵام لێرەدا ئەوەی (قەرەداغی) مەبەستییەتی ڕەهەندە ناوەرۆکییە هێماگەریەکەیەتی کە گرنگن و ئاماژەن بۆ شارەکە، چونکە شار فەزایەکی فراوانە و پڕە لە خەم و ئازار، ژیانی کۆمەڵێک خەڵک دەگرێتەوە بە سەرجەم ئاوات و خواستەکانیانەوە.
لە شیعرێکی تریدا دەڵێت :-

ئەنفال چاو و هەناسەمانی پڕکرد لە خۆڵ
داری بەسەر بەرد و
هیچی بەسەر هیچەوە نەهێشت
ئەنفال وتی: منالینە سەیر کەن... چ دەبینن؟
وتمان هیچ:.... جگە لە سەحرا هیچ!
ئەنفال درۆی کرد... جگە لە سەحرا هیچمان نەدی
تەنها گوێمان لە ترپەی دڵی خۆمان بوو
کە مردین! ([2])

( سەحرا ) شوێنێکی سروشتی کراوەیە، هەروەها وەکو شوێنێکی چۆڵ و دوور لە ئاوەدانی بە شوێنێکی نا هۆگر و ناحەزیش دادەنرێن، چونکە مەترسی لەناوچوون (مردن)ی مرۆڤی تێدایە، ئاشکرایە (ئەنفال)یش واتای مەرگ دەدات، وەک دەزانین پرۆسەی ئەنفال لە بیابانەکانی باشووری عێراق جێبەجێکرا. (بیابان) وەکو (شوێن) و (ئەنفال)یش وەکو ( ڕووداو ) واتا لێرەدا شوێن بۆتە هۆی لەخۆگرتنی ڕووداوەکە.

---

([1]) دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب٢، ل١١٠.
([2]) سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل١١١-١١٢.

(کەژاڵ ئیبراهیم) لەم شیعرەیدا باس لە دوو شوێنی واقیعی پێچەوانەی یەک دەکات و دەڵێت :-

هەمیشە چاوم لەو چیایەیە
کەتۆ بە تولە ڕێیەکانیدا دەڕۆی
تفەنگێکت کردۆتە شان
ناوی خۆت ناوە پێشمەرگەیەکی کوردستان
شیعری منیش دەبێتە کارمامزێکی
ئەو پێدەشتە و
تینوو تینوو دەبێتە کانیاوێکی نیشتمان (١)

(چیا) شوێنێکی سروشتی کراوەیە، واتە هەموو کەس دەتوانێ بچێتە ئەو شوێنە. دیارە لە کوردستان چیا ڕەمزی خۆی هەیە، ڕەمزێکە بۆ خۆڕاگری دەکرێ بەماڵێکیش دابنرێ بۆ حەوانەوە، چونکە لە کوردستاندا چەند ساڵانێک لەمەوبەر واتە لە کاتی ڕژێمی بەعسدا، پێشمەرگە لە شاخ و چیاکانی کوردستان بەرگری لە خاک و نیشتمان دەکرد، چیاکان شوێنێک بوون بۆ حەوانەوە و لەخۆگرتنی پێشمەرگەکان.

لەم شیعرەدا (کەژاڵ) دوو شوێنی پێچەوانەی بەرجەستە کردووە، چیا وەکو شوێنێکی سەخت و دەشتیش وەکو شوێنێکی ئاسایی و سانا، شاعیر دەیەوێ پێمان بڵێ هەرچەندە ئێمە لە دەشتدا واتە لە شارەکاندا بە ئاسوودەیی ژیان بەسەر دەبەین، بەڵام ئەمە بەهۆی قارەمانییەتی پێشمەرگە بووە کە لە شاخ و چیاکاندا خەباتیان کردووە، کەواتە دەتوانین بڵێین شوێنێکی وەک چیای لە خزمەت دەشتدا بەکارهێناوە.

هەروەها دەڵێت :-
چوومە سەر لووتکەی شاخێکی بەرز
کەوێکی جوانکیلەم بینی
هەر بە دەنووک شیعری ناسکی بۆ دەووتم
بەڵام ئەوەی من گوێم لێ بوو
هەرچیاو بەفر و باران بوو(١)

---

(١)کەژاڵ ئیبراهیم خدر، تاریکی شەو و پەنجەرەی عەشق، ل٥٧.

ئەگەر سەیرێکی وشەکانی ئەم شیعرە بکەین دەبینین هەموو وشەکان، وشەی سادەن، بەڵام لە ڕاستیدا واتایەکی قووڵیان هەیە. وا دەردەکەوێ مەبەستی شاعیر لەم شیعرەدا جیاوازی گوتار و ڕەفتار بێ، چونکە بە شێوەیەکی گشتی کاتێک مرۆڤ گوتارێک یان بەڵێنێک دەدات، بەرپرسیار دەبێت لە جێبەجێکردنی گوتار و بەڵێنەکەی، کەچی لەم شیعرەدا دیارە مرۆڤێک پێچەوانەی گوتارەکەی ڕەفتاری کردووە، ئەمەش بە پشت بەستن بەو بەڵگانەی کە لەم شیعرەدا هەیە. (شیعری ناسکی بۆ دەوتم) واتە مەبەستی لە گوتاری مرۆڤە کاتێک کەسێک گوتارێک یان بەڵێنێک دەدات. (بەڵام ئەوەی من گوێم لێبوو هەرچیا و بەفر و باران بوو) واتە هەمان گوتارە بێ جێبەجێ کردن، (نەبردنە سەری گوتار و بەڵێنەکان) شاعیر بە شێوەی ڕەمز ئەم وێنەیەی لەم شیعرەدا بەرجەستە کردووە، کە ئەویش بۆتە هۆی بنیاتنانی شوێن کە (چیا)یە. ئاشکرایە چیا شوێنێکی کراوە و گشتییە و هەموو کەسێک دەتوانێت پێیدا بێت و بچێت .

### ٦- شوێنی داخراو:-

ئەم شوێنە پێچەوانەی شوێنی کراوەیە، شوێنێکە لە ڕووی بەکارهێنانەوە تایبەتە بە کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک، واتە شوێنێکی داخراوە و هەموو کەسێک ناتوانێت بەسەربەستی تێیدا هەڵسوکەوت بکات وەک (ماڵ، ژوور،کێڵگە، زیندان، ئۆفیس، ڕەشماڵ، ...هتد) هەندێ جار شوێنی داخراو هۆگرییەکەی نامێنێت و واتایەکی ناهۆگری و ناحەز وەردەگرێ، کەسایەتییەکە کاردەکات بۆ گۆڕینی دووبارە گەڕانەوەی واتا ڕەسەنەکەی بۆ ئەو شوێنە، بە تایبەتی ئەم خاڵە بە گرنگترین تەوەری ململانێی سەرەکی نێوان کەسایەتییەکە و ئەم شوێنە دادەنرێت کە تێیدا دەژێت. ((داخران لە یەک شوێندا بەبێ ئەوەی بتوانیت جووڵە بکەیت، دیارە ئەو حاڵەتە دەربڕینە لە پەکەوتەیی و بێ توانایی لە کردار و کارلێک لەگەڵ جیهانی دەرەکی یان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا.))([٢])

کرانەوە و داخرانی شوێن دەگەڕێتەوە بۆ سایکۆلۆژیەتی گۆشەگیری یان کرانەوەی تاکە کەسەکە، ئەوەش بەوە شرۆڤە دەکرێ کە مرۆڤ چەندە هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکات لەو شوێنەی کە هەڕەشەیە بۆی، لەبەر ئەوەی ((هەڕەشەی شوێن بریتیە لە هەڕەشە بۆ سەر قەوارەی تاک و ناسنامەکەیی و ئەو چوارچێوەیەی کە هیچ شتێکی تێدا

---

([١])کەژاڵ ئیبراهیم خدر، تاریکی شەو و پەنجەرەی عەشق، ل١٣٠.

([٢]) سیزا قاسم، بناء الرواية (دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ)، مطابع الهيئة المصرية العامة، ١٩٨٤، ص١٠٣.

نییە تەنیا ئەو نەبێت، شوێنیش بە تایبەتی شوێنی هۆگری وەکو ماڵ کە دەربڕینە لە خود، بۆیە هەموو ئەو دەستدرێژیانەی دەکرێتە سەر شوێن، دواجار دەستدرێژییە بۆ سەر خود.))([1])

کرانەوە و داخران خاسیەتێکە لە شوێن، هەروەها خاسیەتێکیشە لە زمان، لەو بارەیەوە (باشلار) ئاماژە بەوە دەکات کاتێک دەڵێت: ((ئاخاوتن خۆی هەڵگری جەدەلی کرانەوە و داخرانە. واتە وشە ماوەی ماناکەی داخراوە، بەڵام لە کاتی دەربڕینی شیعریدا دەکرێتەوە.))([2]) هەروەها کرانەوە و داخران بە یەکێک لە جەمسەرە سەرەکییەکان هەژمار دەکرێت کە دەتوانین لە ڕێگەی ئەوەوە لە ئیستاتیکای شوێن لە دەقی شیعریدا نزیک بینەوە، ڕەنگە (باشلار) یەکەم کەس بووبێت لە پرسی ناوەوە و دەرەوە توێژینەوەی کردبێت. شوێنی ناوەوە بە شوێنی داخراو و ئارام دادەنێت، شوێنی دەرەوەش کە کراوەیە کەمتر پارێزراوی تێدا دەستەبەر دەبێت، بە واتایەکی تر ناوەوە بریتیە لە (ماڵ) بە هەموو ئەو بەهایانەی لە سەقامگیری و خۆشی کە هەیەتی، بەڵام دەرەوە بریتیە لە گەردوونێک کە پێچەوانەی ماڵە. وەکو (دلاوەر قەرەداغی) لە شیعرێکیدا دەڵێت :-

ئەمجارەشیان هەر تۆ دەڕژێیت و
ئێمەش وەک گەڕەکێک منالّی لاسار
لێکدا لێکدا بە ژوور و پێپلیکانە و
هەیوان و ژێر زەمین و
سەربان و بانیژە و حەوشە و کەلەبەر و قوژبنی
ئاسمانی تابلۆکانتا
ڕادەکەین و دەنوڕین و دەفڕین
پێدەکەنین و دەبارین([3])

ژوور و هەیوان و سەربان و بانێژە و حەوشە، سەرجەم شوێنە داخراوەکانی ئەم شیعرەن، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو شوێنێکی داخراو لە شوێنە کراوەکاندا دروست بووە، واتە شوێنە داخراوەکان بەشێکن لە شوێنە کراوەکان، شاعیر هەر وەکو خۆی لە خوارەوەی شیعرەکە ئاماژەی پێکردووە، ئەم شیعری بۆ هونەرمەند (ئازاد شەوقی)

---

([1]) قادة عقاد، دلالة المدينة في الشعر العربي المعاصر، ص٢٥٩.
([2]) غاستون باشلار، جماليات المكان، ص١٩٩.
([3]) دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب١، ل٣٣٥-٣٣٦.

نووسیوە، کە دەمێکە لێیەوە دوورە، بۆیە لە شیعرەکەیدا هیوای ئەوە دەخوازێت کە جارێکی تر چاوی پێبکەوێتەوە .

(کەژاڵ ئیبراهیم) لە شیعری (تریفەی مانگ و غەمگینی دڵم)دا دەڵێت :-

کە ڕۆیشتی
ئەو کاتانەی کە تەنیا بوویت
چراکەتم بۆ داگیرسێنە
پەنجەرەی ژوورەکەت بکەوە
تا وەک بایەک بە ژاوەژاوێکەوە
خۆم بکەم بە ماڵەکەتدا
ئەمجارەیان وەک دایک
پڕت بکەم لە سۆزی دایە و
شیعری لایلایە([1])

هەرچەندە ژوور داخراوە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، واتە هەموو کەس ناتوانێ بە ئارەزووی خۆی هاتوچۆی بکات، بەڵام لەم شیعرەیدا شاعیر پێمان دەڵێت ژوور و ماڵەکان دەبێ کراوەبن لەبەردەم عاشقاندا، چونکە وەک دەزانین ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی داخراودا دەژین، ئەگەر دوو عاشق بیانەوێ یەکتر ببینن، لەوانەیە نەتوانن بە ئاسانی و ئاشکرا لەماڵدا یەکتر ببینن .

لە شیعرێکی تریدا دەڵێت :-

شەهید نامرێ و
ئەگەر بێت و دیوانە شیعرێک
بۆنی نیشتمان و
تاجە گوڵێنەیەک
لەسەر گۆڕی دابنرێ
من دڵنیام هەڵدەستە سەرپێ و
بە پەلە دەڕواتە لای بێرییەکی شۆخ و

([1])کەژاڵ ئیبراهیم خدر ، تاریکی شەو و پەنجەرەی عەشق، ل١٣.

لەگەڵیدا دەچێتە جێ ژوانێ([1])

(گۆڕ) شوێنێکی هێمایی و واقیعییە و کۆتایی قۆناغی ژیانی دونیایە، داخرانەکەیشی ئەبەدییە، کرانەوەیشی پەیوەندی بە جیهانی نادیارییەوە هەیە .

لە ڕاستیدا هەرچەندە داخرانی گۆڕ ئەبەدییە، بەڵام لەم شیعرەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە شەهید هەڵدەستە سەرپێ و دەڕواتە لای بێرییەک، ئەمەش واتای کرانەوەی گۆڕ دەگەیەنێت، بەڵام لەم شیعرەدا (کەژاڵ) وێنەیەکی سەرنجڕاکێشی دروست کردووە، چونکە مەبەستی لەو کرانەوەیە، کرانەوەی ڕاستی نییە، بەڵکو ڕۆحی شەهیدە، واتا دەیەوێ پێمان بڵێ ئەگەر ئێمە هەمیشە دڵسۆز و بەوەفا بین بەرامبەر بە نیشتمان و خاک و وڵاتمان، هەروەها ڕێز لە شەهیدەکانمان بگرین و لە یادیان نەکەین، ئەوا شەهیدەکان ڕۆحیان شاد و دڵخۆش دەبێ و هەمیشە بە نەمری دەمێننەوە.

### ٧- شوێنی دەروونی:-

درک کردن بە شوێن درککردنێکی هەستەکییە، واتە دەکرێ لە ڕێگەی هەستەکانەوە درک بە شوێن بکەین، کاتێ لە ڕێگەی هەستە دەروونییەکانمانەوە دەستمان بە شتە بەرجەستەکان دەکەوێت، کەواتە شوێن لە دووتوێی ئەو شتانەی کە بۆشاییەکە پردەکەنەوە بەدیار دەکەوێت. دەق ڕادەبێت بە پەنابردن بۆ وێناندنی شوێن بەچەند وێنەیەکی ڕەوانبێژی، کاتێ کە شوێن واتایەکی دەروونی یان هێماگەری وەردەگرێ، لە پێناوی جێبەجێ کردنی پانتاییەکی وێناکردن کە گرنگی بە شوێن دەبەخشێت، واتە زمان چەند هاوکێشەیەکی دەروونی دروست دەکات، کە جیهانی ناوەوەی شاعیر ڕووناک دەکاتەوە، ئەو جیهانەی کە خۆی لە شوێندا دەبینێتەوە و پەیوەندی چارەنووسسازی نێوان شوێن و بەرهەمهێنەری دەق و توانای داهێنانی سروشت بەدیار دەخات، کە یارمەتی دەری شوێن بوو لە دروستکردن و بڵاوکردنەوەی لە زەینی داهێنەر و دەروونیدا.

لە ڕاستیدا سەبارەت بە شوێنی دەروونی دەتوانین بڵێین کەوا ((سیفەتە بابەتییەکانی شوێن تەنیا ئامرازێکن لەو ئامرازە پێوانەییانەی کەوا هەڵسوکەوتی نێوان خەڵکان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ئاسان دەکات، ڕێک وەک پێوانە بابەتییەکانی کات.))([2]) هەروەها ئەو شوێنانەی وەکو واتایەکی دەروونی بە نیشانەی کاریگەری جیادەکرێنەوە کە لەنێوان

---

([1])کەژاڵ ئیبراهیم خدر ، تاریکی شەو و پەنجەرەی عەشق،ل٥٦.

([2]) عزالدين اسماعيل، التفسير النفسي للادب، د.ت، دار العودة، بيروت - لبنان، ص٥٩.

مرۆڤ و شوێندا دروست دەبێت. ((بۆیە ئەو شوێنە لەهەڵگری واتایەکی دەروونی و هەواڵی لە ناخی بوونەوەرەکە، دەبێتە واتای هێمایی شاعیری و شیعری، شاعیرییە کە تێیدا شاعیر واتای تایبەت بە خۆی دادەنێت، شیعریشە لەبەر ئەوەی هێمای دەستاو دەستکراو لەنێوان کۆمەڵێک لە شاعیران دروست دەکات.))[1] کەواتە شوێنی دەروونی لە شیعردا پەیوەستە بە لایەنی دەروونی شاعیرەوە .

( دلاوەر قەرەداغی ) باس لە ڕووداوی یەکی شوباتی شاری هەولێر دەکات و دەڵێت :-

شار دیارە... شار خۆی دەشوات بەو بەیانییە
بەو بەیانییە زووە
شار تا ئەژنۆ خۆی هەڵکردووە
پێ دەکەنێ... شاری میهرەبان
شاری دڵپاک
شاری پیر
شار دیارە مەولا
مەولا.. دەگری شار
شار مناڵترە لە جاران... مەولا
مەولا... شار دڵناسکترە لە جاران
شار بەدەمی پڕ لە نوقڵەوە دەگری
شار بە جلی نوێی جەژنەوە دەگری
شار بە پێڵاوە تازەکانییەوە دەگری ([2])

( شاری پیر- بەیانی – گریان- جەژن و نوقڵ- پێڵاوی تازە...هتد) بە پشت بەستن بەم دەستەواژانە وا دەردەکەوێ کە مەبەستی شاعیر لە تەقینەوەکەی شاری هەولێرە.

ڕووداوەکەی یەکی شوباتی شاری هەولێر یەکێکە لەو ڕووداوە دڵتەزێنە دیارانەی کە بەسەر ئەو شارەدا هاتووە، وەکو ئاشکرایە لە یەکی شوباتی ساڵی (٢٠٠٤) و لەیەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانی پیرۆزدا دوو تەقینەوەی بەهێز شاری هەولێری کردە ئامانج و

---

([1]) الاخضر بن السايح (د)، سطوة المكان وشعرية القص في رواية ذاكرة الجسد، ط١، عالم الكتب الحديث، اربد- الاردن، ٢٠١١، ص١٤٥.

([2]) دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب١، ل٣١٢-٣١٥.

بەهۆیەوە چەندین کەسایەتی سیاسی و خەڵکی سڤیلی ئەم شارە بوونە قوربانی، هەندێ لە نووسەران و شاعیران لە نووسین و شیعرەکانیاندا ئاماژەیان بەم ڕووداوە کردووە، وەک دەربڕینی هاوخەمییەک بۆ شارەکە، ئەم کارەساتە کاریگەری دەروونی هەبوو لەسەر هەموو تاکێکی کوردستان دیارە (قەرەداغی)یش وەک شاعیر و تاکێکی کورد بەدەر نەبووە لەو کاریگەرییە دەروونییە .

هەروەها دەڵێت :-

هەڵمانگرە ئەی بادی سەبا
لەسەر لەرەی دەنگت
تا لە شوێنپێی سەرابیی هیجرەتتا
باڵ بگرم
هیجرەتە... هیجرەت... هیجرەت
هیجرەتی شار و شیعر و شنروێ
هیجرەتی هەڵەبجە ([1])

هەڵەبجە بۆتە سیمبوڵی کورد، کوردی بە جیهاندا ناساند، پایتەختی پێنج هەزار شەهید و پایتەختی ئاشتی، هەڵەبجە واتە مەرگی هەزارەها بێتاوان و قەتل و عامی سەدان منداڵ. کاریگەری ناخۆشی لە دڵ و دەروونی کوردستانیان بەجێ هێشتووە.

(کەژاڵ ئیبراهیم)یش باس لە نەهامەتییەکانی کوردستان دەکات و دەڵێت :-

لەناو فەرهەنگی گشت خەمەکانی دنیادا
من خەمی تۆ دەناسمەوە
ڕیش سپییە و
خوێنی سوور ئەینووسێتەوە
هەگبەیەکی بەکۆڵەوە
پڕیەتی لە شیعری خەمی ئەنفال و
خەمی هەڵەبجە و خەمی گشت
کیژە خێر لەخۆنەدیوەکانی تێدایە
بۆیە هەرگیز چۆک دانادا و
بۆ دوژمنێ

([1]) دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک ، ب١ ، ل٢١٢.

بێدەنگ نابێ لەبەردەم
ئاهوونالەی هیچ کەسێ (1)

لەم شیعرەدا (کەژاڵ ئیبراهیم) باسی هەموو ئەو کارەسات و نەهامەتییانە دەکات کە بەسەر کوردستاندا هاتوون، وەک دەزانین کوردستان ئەنفال و کیمیاباران و کۆڕەو و ... هتد، چەندان کارەساتی تری بەخۆیەوە بینیوە، بۆیە بۆتە فەرهەنگێکی پڕ لە کارەسات و ناخۆشی. شاعیر ئاماژە بەوە دەکا لەناو هەموو خەمەکانی جیهان خەمی کوردستان دەناسێتەوە. وەکو لە شیعرێکی تریدا دەڵێت :-

ئەو ساتەی وا بەعسی فاشست
هەڵەبجەی کرد بە خەزان و
قەڵادزێی قەڵای شێرانی کردە
مەملەکەتی ئافات
حیلەی ئەسپی سپی
لەنێو جەنگڵەستانی ڕەشدا
هەڵی کردوو، وەک گەردەلوول
تاریکی و شەوەزەنگی
ڕاماڵ کرد و وەپێش خۆیدا (2)

(کەژاڵ ئیبراهیم) لە ڕێگەی ئەو شیعرانەی کە تیایاندا شوێن ڕەهەندێکی دەروونییان هەیە، توانیویەتی سەرنجی خوێنەر بۆ شوێنی ڕووداوەکان ڕابکێشێت، جگە لەوەش ئازار و خەمی قووڵی نیشتمان لەو شیعرانەیدا بەرجەستە بکات .

هەموو ڕووداوێکی ڕاستەقینە و لە شوێنی ڕاستەقینە کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە، کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر دەروونی شاعیران هەیە. ئاشکرایە شاعیرانیش بە شێوەیەکی گشتی شیعر وەکو ئامرازێک بەکار دێنن بۆ دەربڕین لە خودی خۆیان .

---

(1) کەژاڵ ئیبراهیم خدر ، تاریکی شەو و پەنجەرەی عەشق، ل١١.
(2) کەژاڵ ئیبراهیم خدر ، ئاوەنگی وەرینی گوڵەکان، ل ١٦٠-١٦١.

## ٨- شوێنی جەستەیی:-

مەبەست لەو شوێنانەیە کە شاعیر لەسەر جەستەی مرۆڤ دیارییان دەکات، واتا ((ئەو شوێنەی جەستەیە، کە دەبێتە مەیدانی سەرەکی دەقەکە، یان جێگەیەکی فراوان لە پانتایی دەقەکەدا داگیر دەکات، وەکو (دەم، لووت، لێو، سینە، ڕان، قژ...هتد).))([١])

لە ڕووی ڕەخنەیشەوە چەمکی ئەو زاراوەیە ( شوێنی جەستەیی) لە دەستنیشانکردنی ئەو تەکنیکە هزری و هونەرییەی دیاری دەکرێت کە لە یەک کاتدا لە بنیاتی دەقی ئەدەبی بەدیار دەکەوێت. ((کاتێک وێنەکانی لەگەڵ ئەندامانی جەستە هەڵسوکەوت دەکات، وەکو هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ چەمکەکانی شوێنی، لەژێر کاریگەری ئەوەشدا ئەو ئەندامانە بنەماکانی شوێن و ئەرکەکەیی و ئیستاتیکایەکەیی و هێماکان و سروشە جۆراوجۆرەکانی وەردەگرێت.))([٢]) هەندێجار پەیوەندییەکی دۆستانە و توند و تۆڵ لەنێوان مرۆڤ و شوێن و نێوان شوێن و جەستەدا هەیە، لێرەدا دوو دیاردەی ڕاست دەبینین:

یەکەمیان، جەستەی مرۆڤ پێش هەموو شتێک لە خاک دروست بووە، وەکو ڕاستییە ئایینی و زانستییەکان دەیسەلمێنن، وەکو لە قورئانی پیرۆزیشدا هاتووە{ ومن اياته ان خلقكم من تراب پم اڑا انتم بشر تنتشرون } {سورە الروم ،٢٠} لەبەر ئەوەی زەوی خۆڵە و بنچینەی هەموو شوێنێک و جێگەی مرۆڤیشە، ئەوەش ئەوەمان بۆ شرۆڤە دەکات کە پەرۆشی (توق) مرۆڤە بۆ شوێنی دایکایەتی (سروشت- زەوی) و ڕەگەزەکانی. ڕاستی دووەمیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ نیشتەجێی جەستەی تایبەت بەخۆیەتی، ئەو جەستەیەش جێگە و شوێنی مانەوەی خودی خۆیەتی، لە هەمان کاتیشدا هەڵگری ناسنامەی کەسایەتی جیاکەرەوەیەتی . ([٣])

هەندێک لە فەیلەسووفەکان لێکچوونێکیان لەنێوان ئافرەت و زەوی و شوێندا کرد ((لەوانەش "گاستۆن باشلار" کە لە پەرتووکی "ئیستاتیکای شوێن" پاشان بیرۆکەکەی فراوان کرد ئەویش لە کتێبی "ئیستاتیکای زیندەخەون" "شاعريە احلام اليقڤە" کە باس لە پرەنسیپی حەسانەوە و نیشتەجێبوون و ڕووگەکانی مێیایەتی دەکات، جا ئەوە لە شوێن بێت یان ئەوەی کە پەیوەندی پێوە هەیە، یان ئەوەی کە لەنێو دەقی مرۆڤایەتی و

---

([١]) سەباح ئیسماعیل، چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، ل٥٥.

([٢]) لطيف محمد حسن(ا.م.د)، الجسد المكان في ديوان (انا بهاء الجسد)، لمحمد ادم، مجلة جامعة تكريت، المجلد١٧، العدد٤، ٢٠١٠، ص٣٨٨.

([٣]) سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٨٩.

داهێنانەکانیدا هەیە.))([1]) گومانیش لەوەدا نییە کە جەستەش ئەرکی خۆی هەیە بە تایبەتیش ئەرکی ئەندامەکانی جەستەی ئافرەت بە شێوەی ئەرکی شوێنی هاتووە، کە بەشێک لەو ئەندامانە پشکی شێری بەرکەوتووە وەکو (( تایبەتمەندییەکی شوێنی وەکو چاو و سینگ، وەکو تێبینی دەکەین چاو لە زۆر وێنەدا بە شوێنی ئاوی چوێنراوە، ڕەنگە ئەوەیان بەهۆی ئەوەوە بووبێت هاوبەشییەکی لەگەڵ ئاودا هەیە )) ([2])

لە ڕاستیدا توێژەران کەمتر باسیان لە شوێنی جەستەیی کردووە بەبەراورد لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی شوێن، لەوانەشە هۆکارەکەی یاخود پەیوەندی بە کەلتوورەوە هەبێت، کە ڕەنگە باسکردنی هەندێک لە ئەندامەکانی جەستە یاساغ بێت، هەر بۆیەشە توێژەران کەمتر بەلایەوە چوونە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە شاعیرانی کوردی بەلایەوە نەچوونە، بەڵکو بە پێچەوانەوە شاعیرانی کۆن و نوێش کەم تا زۆر لە شیعرەکانیاندا ئاماژەیان بە جۆرەکانی شوێنی جەستەیی کردووە. ((فۆلکلۆری کوردی گرنگیەکی زۆری بە ئەندامە شوێن داوە، بە جورئەتەوە باسی کردووە و گەلێ هۆنراوەی بەسەردا هەڵداوە، ئەگەر زیادەڕۆیی نەبێت دەتوانین بڵێین فۆلکلۆری کوردی لە فۆلکلۆری زۆربەی زۆری میللەتانی تر زیاتر پانتایی شوێنی جەستەیی داگیر کردووە و بە ئەندامە شوێندا هەڵیداوە.))([3]) لای شاعیرانی نوێخواز و هاوچەرخیش ئەمە بە زەقی دیارە، وەک دەبینین بەشێکی زۆری شیعرەکانی (کەژاڵ ئیبراهیم خدر) ئاماژە بە شوێنی جەستەیی دەکەن، هەروەها لای شێرکۆ بێکەس و زۆرێکی تر لە شاعیران باسییان لێوە کردووە.

زۆرجار دەبینین شاعیران لە شیعرەکانیاندا وێنەی ئافرەتیان بە زەوی و شوێن بەستۆتەوە، یاخود (( وا سەیری "خاک- نیشتمان" کراوە بە سیفەتی ئافرەتێک یان ئافرەتێکی خۆشەویست و، بە لێشاو وشەکانی تایبەت بە خۆشەویستی و سۆزیان بۆ هەڵڕشتووە، زۆرجاریش وێنەی ئافرەت لای شاعیران تێکەڵ بە زمانی شیعر کراوە))([4])

کەواتە: تێڕوانینیان بۆ ئافرەت لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە جەستە- شوێن و نیشتەجێبوون وەسف دەکرێن، بۆیە هەندێ جار دەبینین جەستە یاخود بەشێک لەو

---

([1]) فاطمة عبدالله الوهيبي (د) ، المكان والجسد والقصيدة، ط١، المركز الثقافي العربي، بيروت- لبنان، ٢٠٠٥، ص٢٠-٢١.

([2]) لطيف محمد حسن (ا.م.د) ، الجسد المكان في ديوان (انا بهاء الجسد) لمحمد ادم، ص٣٩٧.

([3]) سەباح ئیسماعیل، چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، ل٥٥.

- مەبەست لەوشوێنانەیە کە شاعیر لەسەر جەستەی مرۆڤ دیاریان دەکات .

([4]) فاطمة عبدالله الوهيبي(د)، المكان والجسد والقصيدة، ص٢٠.

جەستەیە، شوێنگەی سەقامگیری شاعیرە لە دەقی ئەدەبیدا، بە شێوەیەک کە دەتوانین پێی بڵێین ( شوێنی بایۆلۆژی )* کە ئەوەش جیاوازە لەوانی دیکە، لەبەر ئەوەی شوێنێک نییە خاوەن ڕەهەندی جوگرافی یان شوێنێکی چەق بەستوو بێت، بەڵکو پشت بە جەستە دەبەستێت وەکو شوێن و لای شاعیر هەستێک دەستەبەر دەکات بە شێوەیەک کە جەستە دەبێتە شوێنێکی هۆگر بۆ شاعیر یانیش دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لێی.

( دلاوەر قەرەداغی) لە ڕێگای بەکارهێنانی هەندێک لە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ وەک (دڵ، چاو، لەپی دەست) شوێنی جەستەیی لە دەقەکەیدا بەرجەستە کردووە :-

لە دڵما هەڵتدەگرم
لە چاوما دەتشارمەوە
لەسەر لەپی دەستم ڕۆتدەکەم
بە هەتاو دەتشۆم
دەتخەمە ڕستەیەکەوە نیهادی فڕین و گوزارەی فڕین
دەتنێمە زوبانێکەوە ئەوەڵی ئەوین و کۆتایی ئەوین
بە گەورەیی لەسەر کۆلارەیەک دەتنووسم (1)

شاعیر هەندێک لە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤی لەم شیعرەدا بەکارهێناوە کە لە شوێنی جەستەییدا بەرجەستەی کردووە، ئەمەش بۆ نیشاندانی هەستی شاعیرە بۆ نیشتمان.

لە شیعرێکی تریدا دەڵێت :-
چۆنیت برادەر
تا من دەچمە ژووریٚ و
ئەمانەتەکان دەگەیەنم
تۆزێک باراناو
بۆ تەیرەن ئەبابیلە گوناهەکانی
سەر شان و مل و سەرم
ڕۆبکەن (2)

---

(1) دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب2، ل26.
(2) سەرچاوەی پێشوو ،ب1، ل121-122.

یان دەڵێت :-
توند توند ئامێزم پێداکە
تا دڵتەنگیم نەبینیت
سەر دەنێمە سەر سینگت
تا هەست بکەم هەموو دونیا
دەبێتە هی خۆم... هی خۆم!(1)

لێرەدا (قەرەداغی) پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ شوێندا هەیە، پەیوەندییەک لەسەر بنەمای سۆز و خۆشەویستی تا ئەو پەڕی ئاوێتەبوون لەگەڵ نیشتمان بە ڕادەیەک وای لێهاتووە کە ڕۆحی بەبەر نیشتماندا کردووە و وەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ کردووە. وا هەست دەکات خەم و ئازارەکانی لە باوەشی نیشتماندا دەڕەوێتەوە.
(کەژاڵ ئیبراهیم) لەم شیعرەیدا شوێنی جەستەیی بەرجەستەکردووە کە بە شوێنێکی هۆگری لەقەڵەم دەدات و دەڵێت :-

هەر کات ویستم
خۆم بخزێنمە باوەشتەوە
ڕێگەم بدە
من ئەو منداڵە بێ نازەم
لە باوەشی تۆدا نەبێ
ژیر نابمەوە؟(2)
لێرەدا ئامێز بۆتە شوێنگەیەکی سەقامگیر بۆ شاعیر کە تیایدا هەست بە خۆشی و هۆگری دەکات. کەواتە جەستە ئەرکی خۆی بینیوە بەوەی کە چێژ و هۆگری دەبەخشێت. هەروەها لە شیعرێکی تریدا دەڵێت :-

سەرت بنێ بە سنگمەوە
لە من زیاتر کەسێ نییە
لە ئازاری دڵەی پەشۆکاوت بگا

(1)دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب٢، ل٣٧٦.
(2)کەژاڵ ئیبراهیم خدر، ئاونگی وەرینی گوڵەکان، ل٣٧.

کەسێ نییە
وانەی عەشقی لەگەڵ خوێندبێ
کێ لە زمانی هەناسەی
دەروونت دەگا. (١)

یان دەڵێت :-
لە دەفتەری یاداشتەکەم
قەت ناوەکەت تۆمار ناکەم
لەنێو هەستمدا دەینووسم
دەشێ، دەبێ
دەفتەر ونبێ و بدڕێ
بەڵام هەرگیز لە ناخمدا
ناوت ناسڕێ (٢)

هەرچەندە ( هەست و ناخ ) هەستپێکراوە، واتا لای مرۆڤ هەستی پێ دەکرێت، بەڵام وەکو ئەندامەکانی تری لەش دیار نییە و نابینرێ، تەنیا هەستی پێ دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر بە شوێنێکی جەستەیی دادەنرێت ، وەک لەو شیعرەشدا دەیبینین (هەست و ناخ) ، کە شوێنێکی جەستەییە، بۆتە هۆکاری دروستبوونی شوێن .

هەروەها دەڵێت : -

ڕێم بدە بێمە باوەشتەوە
تابزانم لەنێو دڵتا
خەم و گریانی ژن هەیە
ئەی تۆبڵێ ی لەنێو دڵتا
وڵاتێکی جیاواز هەبێت
بۆعاشقانی وڵاتەکەم

(١)کەژاڵ ئیبراهیم خدر، ئاونگی وەرینی گوڵەکان، ل١٠٣.
(٢)سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢.

ژوانگەیەکی ئازاد هەبێ..(١)

شیعرەکانی (کەژاڵ ئیبراهیم خدر) زۆرترین ئەندامی جەستەی مرۆڤی تێدا بەکارهاتووە، بە تایبەتیش جەستەی ئافرەت وەک ( لێو، لەپی دەست، سەر، ڕوومەت، چاو، شان، سینگ، باوەش، ...هتد.) دیارە (کەژاڵ ئیبراهیم) وەک دەنگێکی مێینەی دیاری ناو شیعری هاوچەرخی کوردی، بوێرانە دەستی بۆ ئەم بابەتە بردووە بەبێ هیچ سڵکردنەوەیەک لە دابوونەریتی کۆمەڵگا، چونکە وەک دەزانین ڕەنگە تاکو ئێستاش باسکردنی ئەندامەکانی جەستەی ئافرەت بەلای هەندێ کەسەوە یاساغ بێت بە تایبەتی لە کۆمەڵگای کوردی کە تا ڕادەیەک کۆمەڵگایەکی داخراوە.

خاڵی گەوهەری ئەم شاعیرەش ئەوەیە کە لە شیعرەکانیدا ئافرەتانە هاتۆتە گۆ، چونکە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی شیعری کلاسیک، ئەوا هەمیشە پیاوان باسیان لە جەستەی ئافرەت کردووە و بە بەژن و باڵایاندا هەڵگوتووە، بەڵام ئێستا دەبینین هەندێ لە ئافرەتە شاعیرەکان لە ناویشیاندا بە دیاریکراوی (کەژاڵ ئیبراهیم) وەک ڕەگەزی مێ خۆی باسی ئەندامی جەستەی مێینە دەکات .

((ژنبوون هیچی دیکە نییە غەیری ئەوەی کە ژن خودی خۆی بێت، ژن، ژن بێت و پیاو نەبێت، ژنبوون ئەوەیە، ژن بێ ترس لە کۆمەڵ، بێ شەرم کردن لە دابونەریت، بێ سڵکردنەوە لە تابوو، بێ دڵەڕاوکێ خودی خۆی بنووسێتەوە))(٢)

زۆربەی شاعیران هەر لە کۆنەوە لە بەرهەمە ئەدەبیەکانیاندا (ڕەمز)یان بەکارهێناوە، (کەژاڵ)یش یەکێکە لەوانەی بۆ ئەوەی واتای شیعرەکە جوانتر بکات (ڕەمز)ی بەکارهێناوە، وەک لەو شیعرەدا بینیمان ڕەمزی بەکارهێناوە، کەبۆتە هۆی دروستبوونی شوێنی جەستەیی .

**٢-٢: تۆبۆگرافیای دەق :-**

زاراوەی تۆبۆگرافیا (topography) زاراوەیەکە لە بواری جوگرافیادا بە واتای (وەسفکردنی شوێن دێت ، کە لە بنچینەدا دەستەواژەیەکی یۆنانییە و، لە دوو وشە

(١)کەژاڵ ئیبراهیم خدر، ئاونگی وەرینی گوڵەکان، ل٨٦.

(٢) حەمە سەعید حەسەن، شیعر لە زاری ژنەوە، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣، ل٣٠.

پێکهاتووه (topo) بە واتای زەوی یاخود شوێن دێت، (graphy) بە واتای ئاشکراکردنی وێنە و نموونەکانی بەرزی و نزمی زەوی دێت.)([1])

هەر لەمیانەوە چەمکی (تۆبۆگرافیای دەق) بە مانای پانتاییەکی نووسین دێت، کە دەق جۆرێک لە فەزای شوێن داگیر دەکات و پشت بە جۆراوجۆری شوێن و دابەشبوونی فەزای بینین دەبەستێت، کە لە ڕێگەی نووسینەوە ئەنجام دەدرێت.

ئەگەرچی شاعیرانی کلاسیک شیعرەکانیان بە شێوەی چەند دێڕێکی بەرامبەر یەک یان چەند دێڕێکی یەک لە دوای یەک دەنووسی و پابەندی سیستەمێکی دیاریکراو بوون لە قاڵبی نووسراوە شیعرییەکانیاندا، هەندێکیشیان ئامانجیان ڕازاندنەوە و جوانکاری بوو زیاتر لەوەی ئامانجی دەربڕین بێت هەموو ئەوانەش ببوونە هۆی ئەوەی کە ڕەشایی زاڵبێت بەسەر سپیەتی لاپەڕەدا .

بۆ نموونە: ئەگەر سەیری دابەشکردنی وشە و ڕەشی لە کۆندا بکەین، دەبینین لای هەموو شاعیرێک بەم شێوەیە بووە :-

ڕەشی بۆشایی ڕەشی.

بەڵام شاعیرانی نوێ ئەم جۆرە سیستەمەیان تێکشکاند، واتا لە شیعری نوێدا ئەم بنیاتە شێوەکارییە گۆڕا. (( لە شیعری کێشداردا فەزای بەیت تێکدراوە و شاعیری نوێ لەجیاتی بەیت بە ئارەزووی خۆی تەفعیلەی بەسەر ڕووی کاغەزدا دابەشکردووە. بۆ نموونە- بە ویستی خۆی- ڕەنگە لە دێڕێکدا تەفعیلەیەکی دانابێت لە دێڕێکی تردا دوان، لە دێڕێکی تردا شەش، لە دێڕی چوارەمدا دوو یان یەک، یان هەشت...هتد)) ([2])

ئەمە وای کرد جۆرە نوێخوازییەک لە شیعردا بێتە کایەوە کە پێی دەوترێت شیعری بینراوی کە لە بەیەکاچوونی دوو هونەر پێکهاتووە، ئەویش هونەری شیعر و هونەری شێوەکارییە .

دیارە ئەو نوێخوازییەی شیعریش واتا شیعری بینراو ((بۆ یەکەمجار لە لایەن چەندین شاعیری ئەوروپی و ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەرازیلەوە هاتووەتەکایەوە، کە هەوڵیانداوە تێگەیشتنێکی دینامیکی بۆ شیعر دابڕێژن، ئەویش بە دەرچوون لە ژێر پاڵەپەستۆی لاسایی و ئەو نەگۆڕان و ڕیتم و فراوانکردنی جۆرەکانی و بەخشینی فەزای ئازادی و زیادکردنی چالاکییەکانی هێماگەری.))([3]) بەم شێوەیە شیعر لەسەر چەندین

---

(1) pollcedz.keuf. net

(٢) عبداللە تاهیر بەرزنجی، دەقی بینینکاری و خوێندنەوەی ، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە(١٢-١٣)، ١٩٩٩، ل١٨٥.

(٣) محمد حافظ دیاب، طوبوغرافيا النص الشعري، مجلة المنار، العدد ٥١، ١٩٨٩، ص١١٦.

شێوەی بینینەوە دەرگای لەسەر کرایەوە لە شکاندنی ئەو چوار چێوەیەی کە هەبوو لە بۆتە و قاڵبی نووسینی شیعریەوە، کە بوارێکی بۆ شاعیران ڕەخساند لە دروستکردنی تۆبۆگرافیای ناوازە وەکو جۆراوجۆرکردنی پەیوەندی نێوان نووسین و فەزای لاپەڕە و هەڵوەشاندنەوەی دەق لەسەر شێوەی بەش و بڕگە و پیت، یان ڕێکخستنی لەسەر شێوەیەک لە شێوەکانی واتای خۆیەوە، ئەمە سەرەڕای بەکارهێنانی شێوە ئەندازەییەکان و نیشانەکانی خاڵبەندی، وەکو ڕوونکردنەوەی شێوازی بینراوی. (( بەمەش خوێندنەوەی دەق بە کوێری نەمایەوە، بەڵکو وای لێهات چاپکردن ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێ لە پرۆسەی وەرگرتنی دەق کە دەوڵەمەندە بە شێوە هونەرییەکەیەوە، کە وای کرد چاو ببێتە ئامرازێکی گرنگ لە ئامرازەکانی چوونە نێو دنیای دەق و تێگەیشتن لە شاعیرانی سەردەم، واتە خوێنەر لە قۆناغی وەرگرتنی دەقی شیعری لە ڕێگەی گوێچکەوە بگوازێتەوە بۆ قۆناغی بینراوی، کەوامان لێبکات شیعرەکە ببینین پێش ئەوەی بیخوێنینەوە.))([1]) کەواتە داهێنانی چاپ پاڵپشتییەکی باش بوو بۆ بەهێزکردنی لایەنی ماددی شیعر بە گشتی و شیعری نوێ بە تایبەتی، چونکە فەزایەکی سەربەستی بە شاعیر بەخشی تا لە شیعردا بە ئارەزووی خۆی بایەخ بە بنیاتی ماددی شوێن بدات. بەمەش دەقی شیعری تەنیا وەکو چەند دێڕێکی بەرامبەر یەک و چەند دێڕێکی یەک لەدوای یەک نەمایەوە، بەڵکو بووە شێوەیەکی چاپ بە واتای وشە، ((چۆنیەتی نووسینی وشە و ڕستە بۆتە شتێکی زۆر گرنگ بۆ پیادەکردنی شیعر لەسەردەمی نوێدا، چونکە وەک چۆن گوێ لە بیستنی شیعر بەشدارە، دەکرێ چاویش بەشداربێ.))([2]) کەواتە لە شیعری بینراویدا چاو دەسەڵاتێکی فراوانی لە خوێندنەوەدا هەیە.

(( بێگومان بەکارهێنانی تەکنیکەکانی چاپکردن لە دەقدا دەلالەتی خۆی لە سەر ئاستی دەروونییەوە هەیە، نووسەر ئەو فەزایەی پێی باشە لە فەزای هێڵەکانییەوە دروستی دەکات.))([3]) لە تۆبۆگرافیای شیعری نوێدا ((شاعیر بە شێوەیەکی فیزیایی دەقەکەی دەکاتەوە، لە ڕێگەی دروستبوونی دەق لە شێوەی نووسینی جۆراجۆر لە (پەخشان، شیعر، شێوە، ڕەنگ.....هتد.) لەبەر ئەوەی شیعر چیتر پشت بە بنەمای ڕیتم و ئیقاع نابەستێت، بەڵکو کاردەکات بۆ کردنەوەی پانتاییەکی نوێی دەق.))([4]) چونکە لە شیعری

([1]) فتحية كحلوش، بلاغة المكان (قراءة في مكانية النص الشعري)، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت، لبنان، ٢٠٠٨، ص١٣٧.
([2]) سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧.
([3])سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
([4])سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩.

بینراودا بنیاتی شوێن و شێوەی ماددی دەکرێت بە بنەما بۆ ئەنجامدانی خوێندنەوە. ((بنیاتی زەمەنیش وەک ئیقاع و کێش یان کز دەبن یان دەوەستێنرێن یان بزر دەبن، چونکە ڕۆڵی وایان نامێنێ، بەڵکو دەوری کاغەز دێت کە دەقەکەی بەسەردا دەڕژێ.))(1)

شێوە و شتە بینراوەکانی شیعریش دەبن بە خاڵی دەستپێکردنی خوێندنەوە، دینامیکیەت بە ناوەوە دەبەخشێ و دەلالەتی شیعری بەرهەم دێنێت.

لێرەدا ئەوەی تێبینی دەکرێت نەبوونی دەستەواژەیەکی یەکگرتووە بۆ ئەو جۆرە شیعرە کە چەندین ناوی دیکەی هەیە. ((شیعری بینراو- بینین- بەرجەستە—شێوەکاری وێنەیی- وێناکردنی هەستپێکراو- ئەلیکترۆنی- جەستەیی- ڕووت-...هتد. ئەو پرسەش دەگەڕێتەوە بۆ دیاری نەکردنی ڕەهەندەکانی و، هەروەها بۆ چەندایەتی دەستەواژەی بیانی کە ئاماژەیە بۆ ئەمە.))(2)

هەندێک لە شاعیرانی ئەوروپی ئاماژەیان بە ڕەهەندی شوێن لەنێو دەقدا داوە بۆ نموونە: (مالارمێ) پێی وایە کە ((بە تەنیا وێناکردنی وشەکان نابێتە واتای شتەکان بە تەواوی، ئەو بۆشاییە سپیانەش جێگەی گرنگی پێدانە.))(3) کەواتە وشە ڕیزکراوەکان لە لای مالارمێ نابێتە مایەی شتە تەواوەکان، لە دواتریش نابێتە واتایەکی تەواو. هەروەها سپیەتی لە ڕووبەری نووسیندا لای (رامبۆ) گرنگی تایبەتی خۆی هەیە. ((تەنیا ئەوە شیعریەتی دەق دیاری دەکات بە واتایەک لە واتاکان کە دەڵێت: "ئەی نەفسی من شیعر بەو پیتانە دروست مەکە کە وەکو بسمار دەچنە خوارەوە، بەڵکو بەوەی کە ماوەتەوە لە سپیاییەک لەسەر کاغەزدا."))(4)، بەڵام سپیەتی پەراوێز لای (پۆل ئیلوار)ی شاعیر شوێنێکە بۆ بەکارخستنی بیر ((شیعر بەردەوام پەراوێزی سپی گەورەی تێدایە، پەراوێزێکە لە بێدەنگی کە بیر دەخاتە کار بۆ دووبارە دروست بوونەوەی وڕێنەیەکی بێ ڕابردوو.))(5)

(تۆدۆرۆف)یش چەمکی فەزای دەق زیاتر تایبەت دەکات بە شیعر نەک بە پەخشان، تێبینی ئەوەش دەکرێت ئەگەرچی پەخشان هەوڵیداوە شوێنێکی دیاریکراو بۆ خۆی دابین بکات، بەڵام زۆرجار ملکەچی سیستەمێکی سەقامگیر بووە.

---

(1) عەبدوللا تاهیر بەرزنجی، دەقی بینینکاری و خوێندنەوەی، ل188.

(2) محمد حافظ دیاب (د) ، طوبوغرافیا النص الشعري، ص111.

(3) فتحیة کحلوش، بلاغة المكان، ص85

(4)سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

(5)سەرچاوەی پێشوو، ل85-86.

(تۆدۆرۆف) پێناسەی سیستەمی شوێن دەکات کە ((بوونێکی ڕێکخراوی دیاریکراوە بۆ یەکەکانی دەق بە شێوەی یەک لەدوای یەک، بەم جۆرەش پەیوەندییە لۆژیکی و زەمەنییەکان لە پلەیەکی کەمتر بەدیار دەکەون یاخود بزر دەبن، دیارە پەیوەندییە شوێنییەکانیش لە نێوان ڕەگەزەکان دەبێتە هۆی دروست بوونی سیستماتیک.))([1])

(میشال بۆتۆر) پێناسەیەکی پاک و بێگەردی بۆ پەڕتووک خستەڕوو وەکو دەڵێت: ((وەک دەزانین پەڕتووک سێ ئاستی دووری هەیە بە پێی پێوەرێکی دوو لایەن، ئەویش درێژی دێڕ و سەرووی لاپەڕەیە.))([2]) هەروەها (بۆتۆر) ئاماژە بۆ کۆمەڵێک دیاردە دەکات کە فەزای دەق پێک دەهێنن، کە تەنیا گرنگی بە ئاخاوتن نادات، بەڵکو ڕەنگە لە هەموو پەڕتووک و نووسراوێکدا بەرچاومان بکەوێت، کە گرنگترینیان ((نووسینی ئاسۆیی، نووسینی ستوونی، پەراوێز، وێنە، شێوە، لاپەڕە لەنێو لاپەڕەدا، تابلۆی نووسین، پێرست.))([3])

(گریماس)یش ئاماژە بە نیشانە نازمانییەکان دەکات، کە ((پێویستە لە دەقدا گرنگی پێ بدرێت لەبەر ئەوەی دەکرێ ئاستەکانی سەروا لە ڕێگەی شێوەی هێڵکاریەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. دەقە چاپکراوەکە دابەش دەکرێت، پانتاییە سپییەکان (...) نیشانەی خاڵبەندی یان نائامادە، بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانی چاپکردن ڕێکدەخرێت.))([4])

(حەمید لەحمەدانی) لە میانی باسکردنی دەقی گێڕانەوەییدا فەزای دەقی بە فەزایەکی شوێنی هەژمار کردووە. ((لەبەر ئەوەی تەنیا لە ڕێگەی پانتاییەوە نەبێت پێک نایەت، کە پانتایی پەڕتووک و ڕەهەندەکانیەتی، بەڵام شوێنێکی سنووردارە و، پەیوەندی نییە بەو شوێنەی کە پاڵەوانەکانی تێدا دەخولێتەوە، کەواتە زۆر بە سادەیی بڵێین ئەوە فەزای نووسینە، بەو پێیەی کە چاپ دەکرێت.))([5])

هەندێک لە شاعیرە عەرەبەکانیش ئەم جۆرە شێوازەیان لە شیعرەکانیاندا بەکارهێناوە و ئەم جۆرە شیعرە لە شیعرەکانیاندا بەدی دەکرێت و بەشێک لە ڕەخنەگرەکانیشیان لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە و بە شیعری بینینکاری یان بەرجەستەکراو ناویان بردووە.

---

([1])فتحية كحلوش، بلاغة المكان، ص٨٦ .

([2]) ابراهيم الحجري، شعرية الفضاء في الرحلة الاندلسية نموذج القلصادي، ط١، دار النايا ودار محاكاة للدراسات والنشر والتوزيع، ديمشق- سورية، ٢٠١٢، ص٤٠.

([3]) ابراهيم الحجري، شعرية الفضاء في الرحلة الاندلسية نموذج القلصادي ، ص٤٠.

([4]) فتحية كحلوش، بلاغة المكان، ص٨٦-٨٧.

([5]) حميد لحمداني (د)، بنية النص السردي من منظور النقد الادبي، ط٣، المركز الثقافي العربي، للطباعة والنشر والتوزيع، الدار البيضاء- مغرب،٢٠٠٠، ص٥٦.

دیاره شاعیرانی هاوچەرخی کوردیش بێ بەش نەبوون لە بەکارهێنانی شیعری بینینکاری، وەکو دەبینین لای هەندێک لە شاعیرانی وەکو دلاوەر قەرەداغی و نەوزاد ڕەفعەت و قوبادی جەلی زادە و ئەحمەدی شاملو.. هتد، ئەم تەکنیکە نوێیەی شیعر بەدی دەکرێت .

هەروەها واتا و شێوە گۆنەکراوەکانی وەکو نیشانەکانی خاڵبەندی و چەندان شێوەی دیکەی وەکو هێڵی ڕاست و خوار...هتد، ناکرێ پشت گوێ بخرێت، چونکە شێوە گۆنەکراوەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە شیعردا دەگێڕن کە پانتاییەک لە بێدەنگی دادەگرێت و، دەکرێ واتاکانی تەواو بکات، وەکو واتا گۆکراوەکان ، بێ دەنگی بوارێک دەکاتەوە، شوێن دەڕەخسێنێت بۆ گوتەی داهاتوو.

شێوە گۆنەکراوەکان بریتین لە :-

**أ- نیشانەکانی سەرسوڕمان و پرسیار:**

ئەم نیشانانە بە ڕێگەی خۆیان بەشداری لەگەیاندنی سروشتی جۆراوجۆری دەنگ دەکەن، کە خوێنەر لەسەر بنەمای کەلتووری ئەم نیشانانە یان ئەوانی دیکە لە یادەوەری خۆیدا ڕەنگرێژی دەکات. ئەو نیشانانەش کە چاو دەیانبینێت ئاوازێک دروست دەکەن یان بانگەشە بۆ جۆرێک لە دەنگ و ئاواز دەکەن، یان خوێنەر هۆشیار دەکەنەوە و بۆ واتایەکی تایبەت، یان گرنگییەکی تایبەت بە ڕستەکە دەبەخشێت.

**ب-کەوانە :**

وەکو شێوەیەکی گۆنەکراو ڕۆڵێکی گرنگ لە ئیستاتیکای شیعردا دەگێڕێت، دەقێکی کەوانەدار خوێنەر لە ڕووی کات و شوێنەوە دەباتە دنیای گۆنەکراوی دیکە، یان شیکردنەوەیەکی دەرەکی .

ج- **خاڵ** :

ڕاوەستانێک دروست دەکات کە چەند ساتێکی بێدەنگی لە شیعردا بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە هەڵگری زیاتر لە واتایەکە :-

١- گواستنەوە لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی دیکە و، خوێنەر ئامادە دەکات بۆ گۆڕینی شوێنی ڕووداوەکە .

٢- هەڵوەستەکردن لەسەر دەنگێکی دیاریکراو هەتا وەڵامدانەوەیەکی مۆسیقی بەهەمان دەنگ ڕووبدات لە وشەکانی دیکەدا پێش گوتنی سەروا کە خوێنەر چاوەڕێی دەکات .

٣- بڕگەکردنی وشە لە ناوەڕاست و تەواونەکردنی بەخاڵ وەکو ئاماژەیەک بۆ وەستانی دەنگەکە بە شێوەیەکی لەناکاو بە کردەیەکی نا ئیرادی .

٤- پێدانی هەل بەدەنگێکی دیاریکراو بۆ ئەوەی پانتاییەکی کاتی گەورەتر لەوەی کە بۆی دانراوە داگیر بکات، بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی دەروونی دیاریکراو بە یارمەتی ئەو دەنگە بهێنێتەدی . ([1])

کەواتە قسەکردن لە شوێنی دەقی شیعری، شوێنکەوتنی هەموو ئەو ڕەگەزانەیە کە بەشداری لە چێبوونی وێنەی دەق دەکەن لەسەر لاپەڕەکانی شیعردا، زۆرێک لە ڕەگەزەکان دەچنە ژێرییەوە، لەوانە خاسیەتی سەروا و پرسی ململانێی نێوان ڕەش و سپی، دواتر سەرجەم جۆرەکانی چاپکردن کە پەیوەندی بە دەقەوە هەیە لە وێنە و شێوە و پەراوێز و چەندانی دیکە وەکو مامەڵەیەکی شیعری لە دەقەدا دەردەکەون و واتایەکی دیکە بە دەقەکە دەبەخشن .

گرنگترین جۆرەکانی تۆبۆگرافیای شیعری :-

١- بۆشایی (Spatialisme) :-

واتە بەجێهێشتنی بۆشایی بۆ لەیەک دوورخستنەوەی بڕگە شیعرییەکان، (مالارمێ) ئەو بۆشاییانە وادەبینێت کە ((بێ دەنگییەکە پڕە لە واتا، جوانییەکەی کەمتر نییە لەهەمان بڕگە شیعرییەکانی دیکە. لەبەر ئەوەی دەکرێ بنەمای هزری شیعرەکە خۆی ون بکات، بەڵام بەکارایی لەو بۆشاییانە دەردەکەوێت کە بڕگە شیعرییەکان سپیەتی لاپەڕە لەیەکتر جیادەکاتەوە.))([2])

شاعیر ئەو بۆشاییانە بە شێوەی وەستانی کاتی بەکاردەهێنێت و قسەکانی پێ هەڵدەپەسێرێت وەکو ئامرازێک بۆ چالاککردنی ئەوەی دیارە و ئەوەی شاراوەیە. ئەو

([1]) مجموعة من الباحثين،جماليات المكان، ط٢، الدار البيضاء، ١٩٨٨، ص٤٦.

([2]) محمد حافظ دياب (د)، طوبوغرافيا النص الشعري، ص١٠.

پانتاییە بەتاڵانەش کە سروش بە شیعرەکە دەدات، خوێنەر هەوڵدەدات پڕی بکاتەوە و واتای شیعرەکەی پێ تەواو بکات .
(دلاوەر قەرەداغی) لە شیعرێکی بەناوی (من لە باخچەدا پیر دەبم)دا دەڵێت :-

باغچە دەڕوا و
شتێک نییە لێی جێبمێنێ و ئێمە بتوانین هەڵیبگرینەوە
شتێک وەک ئاوێنە ... کە بشێت خۆمانی تێدا سەیرکەین
شتێک وەک کتێب ... کە بکرێ بیخوێنینەوە
شتێک وەک نامە ... کە بتوانرێ بینووسین
شتێک وەک حەکایەت ... کە بوار هەبێ بیگێڕینەوە
شتێک وەک وێنە ... کە بلوێ خۆمان بە سەیرکردنییەوە
بخلافێنین
شتێک وەک مناڵ ... کە بتوانین لەباوەشی بگرین
شتێک وەک ئەسپ ... کە بتوانین غاری پێ بدەین
شتێک وەک مەتەڵ ... کە بتوانین لاف بە هەڵهێنانییەوە
لێدەین .
.
شتێک وەک دروشم ... کە بتوانین
لە تەنگەتاوییە گەورەکانا بەرزی کەینەوە
باغچە دەڕوا و
جگە لە ئێمە
هیچ شتێک لەدوای خۆیەوە جێناهێڵێت. (١)

بۆشایی جۆرێکە لە جۆرەکانی تۆبۆگرافیای شیعری، لەم شیعرەشدا (قەرەداغی) لەم جۆرەی تۆبۆگرافیای بەکارهێناوە ، بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێ هەڵوەستەیەکی لەسەر بکات تاکو بە پێی تێگەیشتنی خۆی ئەم بۆشاییانە پڕبکاتەوە، چونکە سروشتی شیعر وایە کە هەندێ شت بە شاراوەیی دەهێڵێتەوە، ئەم شێوە تەکنیکە جۆرێک لە سەربەستیش بە خوێنەر دەبەخشێت، بۆ بنیادنانی زۆرێک لە واتا.

---

(١)دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک ، ب١، ل٣٩٩-٤٠٠.

(دلاوەر قەرەداغی) لە شیعرێکی تریدا دەڵێت :-

بەیانیت باش ئەی نیشتمان
بەیانی حیکایەتێکی نوێت باش
بەیانی دڵە خورپەیەکی تر... ئەی نیشتمان
ئەی نیشتمان ... ئێوەی ئومێدێکی ترت باش
بەیانی ژانێکی تر ... ئەی نیشتمان
ئەی نیشتمان ئێوارەی لە دایکبوونێکی ترت باش
بەیانیت باش ... ئەی نیشتمانی شەلاڵ بە حیکایەت
.
.
.
بەیانی (نالی)یت باش ... ئەی نیشتمانی خاکو خۆڵ
بەیانیت باش ... ئەی شاری دەردی غوربەت و سۆزی
هیجرەت
کە خەریکە دڵ بێ بە ئاو و بە چاوانما بکا عبوور
بەیانیت باش ... ئەی پەیکی شارەزا

وەی بادی خۆش مروور .([1])

نووسین لەسەر نیشتمان لە تاراوگەدا ئەمە ئەو دیاردەیەیە کە زۆرێک لە شاعیرانی گرتووەتەوە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ هەڵوێستێکی هزریی بەرامبەر بە پەیوەندییەکانی ئەو شوێنە و، هەروەها ئەو ڕەهەندانەی کە لە خۆی دەگرێت لە ڕووی مێژوویی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە.

لەم شیعرەشدا شاعیر بە شێوەیەکی کاتی دەوەستێ و قسەکانی ڕادەگرێ، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە گرنگییەکی زیاتر بدات بەوەی کە مەبەستییەتی دەریببڕی، کە ئەویش جەخت کردنەوەیە لەسەر وشەی نیشتمان، واتا دەرخستنی سۆزی شاعیرە بۆ نیشتمانەکەی کە ساڵانێکە لێیەوە دوورە، بەڵام لەبەر ئەوەی نیشتمان هێندە گەورە و پیرۆزە، ڕەنگە

([1])دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک ، ب٢، ل٢٢٩-٢٣٠.

نەتوانێ بە تەواوی وەسفی بکات، یاخود ئەوەی مەبەستییەتی بە خوێنەری بگەیەنێ، چونکە وشە بە تەنیا ناتوانێ دەلالەت بگەینێت، واتە دەلالەتێکی تێر و تەسەل، بۆیە دانانی خاڵ لە ناوەڕاستی دێڕ یاخود وشەکان واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم وشەیە یاخود ئەم بابەتە دەلالەتی زۆرتر دەبەخشێت لەوەی کە شاعیر بە وشە دەربڕینی لێ بکات.
هەروەها لە شیعرێکی تریدا دەڵێت :-

بڕوانە ئەی پەیکی شارەزا
نیشتمان چنگێکی ماوەتەوە
بمانبە .. سوودی نییە نامە
تەشریحی زەعیفی من و
غەمی ڕدێن سپی هەڵەبجە نایەتە تەحریر
هەڵمانگرە نەرم ... نەرم
لەسەر باڵی هاژەت
ریز .. ڕیز .. لە گوڵدانی بەر پەنجەرەی
نەخۆشخانەکانی تاراندا بمانڕوێنە
.
.
.
چنگێ هەناسە ... ئەی بادی سەبا
بۆ هەنگ ... بۆ هەڵەبجە ... بۆ هێرۆ
تۆزێک جریوە ئەی بادی سەبا
بۆ گەڵا .. بۆ گوڵ .. بۆ گڕوگاڵ (١)

لێرەدا (قەرەداغی) دەیەوێ زۆر شت بڵێت سەبارەت بە (هەڵەبجە)، واتا ئەو کارەساتە خوێناوییەی کە بەسەر ئەو شارەدا هاتووە، بەڵام وەک لە پێشتریش ئاماژەمان پێدا دانانی خاڵ لە ناوەڕاستی دێڕ یاخود وشە ئەوەمان پێدەڵێت کە هەرچەندە بە وشە باس لەو کارەساتە بکەین کە بەسەر ئەو شارەدا هاتووە، ئەوا ناتوانین بۆ تۆزقاڵێکیش حەقی ئەو بابەتە بدەین، بۆیە دانانی خاڵ دەلالەتی زۆرتر دەگەیەنێ کە پانتاییەک بە

(١)دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک ، ب١، ل٢١٣-٢١٤.

تێڕوانینەکانی خوێنەر دەبەخشێت بۆ خوێندنەوەی ئەو خاڵانەی کە پەیوەندی بەو بابەتەوە هەیە .

بەو شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کەوا فەزای دەق هەروا بەکارنایەت، بەڵکو لای شاعیر بنیاتێکی مەبەستدارە، هەروەها تەنها سەرنجی خوێنەر ڕاناکێشێت بۆ ئەم جۆرە بەکارهێنانەی شوێن کە جیاوازە لەوەی دەمانبینی، بەڵکو شتە ڕواڵەتییەکان کاریگەرییەکی قووڵی لە پەیوەندییەکانی شیعر لە ڕووی واتا و بنیاتەوە هەیە، شاعیریش ئەگەر دەقەکەی هەر لەسەر سیستەمی کۆنی شوێن پێشکەش بکردایە، ئەوە ئەو دەرفەتە فراوانەی بە بیرکردنەوەکانمان نەدەبەخشی .

٢- بە بڕگەکردن (التقطیع) ([١])

واتە هەڵوەشانەوەی دەقی شیعری لەشێوەی بەش و وشە و بڕگە یان پیت، جەختیشی لەسەر دەکاتەوە بەپێی زنجیرەیەکی ڕوون و ئاشکرا، وەکو ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی واتای هێمای دەقەکە لە کۆی پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکان و گەیشتن بە توانای دەربڕینێکی دوورتر. نموونەکانی ئەم جۆرە تەکنیکە جەخت لە پێداویستی بوونی پەیوەندی شێوازی بڕگەیی بە بنەمای واتایی دەقی شیعری دەکەنەوە، ئەگەر نا دەبێتە هۆی لەناوچوونی یەکانگیری تەواو (الوحده المتكامله) کە لە یەک کاتدا وەستاوە لەسەر پەیوەندی و جیاکاری لەنێوان بڕگەکانیدا .

ئەگەر سەیری دیوانەکەی (قەرەداغی) بکەین، دەبینین بە شێوەیەکی بەرچاو شێوازی بڕگە بڕگەیی بەکارهێناوە، کە جۆرێکە لە جۆرەکانی تۆبۆگرافیای دەقی شیعری.
لە شیعرێکدا بەناوی (شیرینترین تامی بەرسیلە) دەڵێت :-

لە دڵی خۆدا دەمزانی :
کە ئەم بەفرانەی ئاوها
بێ منەت
خەمسارد
بێ باک
لەو کتێبی پڕتەقاڵانەدا ڕاکشاون

---

([١]) محمد حافض دیاب، طوبوغرافیا النص الشعري، ص١١٨.

به وردو درشتەوە
خوا حافیز ... خوا حافیز
بە ڕاستمە
ئیتر من
دە
چ
م
ە
ش
ە
ڕ (١)

دەبینین لەم شیعرەدا دوو جۆر شێوازی بڕگەکردنی لەیەک شیعردا بەکارهێناوە، جارێکیان بە شێوەی وشە بە وشە و لە شێوەی پەیژەیی لەژێر یەکدا نووسیوە، جارێکی تریشیان نووسینە بە شێوەی پیت و بە هەمان شێوەی وشە بە وشەکە لەژێر یەکدا بە شێوەی پەیژەیی نووسیوە، ئەم جۆرە شێوازەی شیعر نووسینە هەم جەخت کردنە لەسەر وشەیەک یان دێڕێکی دیاریکراو، هەمیش ئاماژەیە بۆ باری دەروونی و دەلالەتی ڕستە شیعریەکە، چونکە شاعیر کاتێک وشەکان بە شێوەی پیت پیت دەنووسێت، ئەوە گوزارشتە لە حاڵەتی پەرش و بڵاوی ناخ و خودی شاعیرەکە، ئەم جۆرە حاڵەتەش زۆر ئەستەمە لە شیعردا دەربڕینی لێ بکرێت .

یاخود لە شیعرێکی تریدا دەڵێت :-

حەیفێک
هەر بەفەزاوە دەبین
وەک پەپوولە پاییزەیەکی شەرمن
کاڵ ... کاڵ
وەک تەمێکی تەنک

(١)دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب١، ل٩٣-١٠٠.

کاڵ ... کاڵ
وەک هەورێکی سپی
حەیفێک تاماوین
هەر
بە
فەزا
وە
دە
بی
ن ! ([1])

(هەر بەفەزاوە دەبین) ئەمە ئەو دەستەواژەیەیە کە (قەرەداغی)چەندین جار لەو شیعرەیدا دووبارەی کردۆتەوە، جگە لەمەش بە شێوەی بڕگەکردنیشی نووسیوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە شاعیر مەبەستیەتی و، دەیەوێ لە ڕێگەی ئەم دەستەواژەیەوە مەبەستەکەی بگەیەنێ. هەروەک دەزانین شاعیر لە دەرەوەی وڵاتە، بەڵام لەم شیعرە و زۆربەی شیعرەکانی دیکەیدا دەردەکەوێ کە هەرچەندە شاعیر لە دوورە وڵاتییە، بەڵام بە دڵ و بە هۆش لە کوردستانە، ئەمەش هەمیشە لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، کاتێکیش دەڵێ هەر بە فەزاوە دەبین، واتا شاعیر نە بەتەواوی لە دەرەوەیە و نە بە تەواویش لە کوردستانە، بەڵکو لە نێوان هەردووکیاندایە، واتا بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە لەنێوان دەرەوەی کوردستان و ناوەوەی کوردستان هەر بۆیەش دەڵێت حەیفە تاماوین هەر بە فەزاوە دەبین .

لەناو هەتاودا دادەنیشن
پێکەوە لەبەر باراندا پێدەکەنن
پێکەوە دەست دەنێنە گیرفان و
لەژێر بەفردا فیکە دەکێشن
پێکەوە دەنۆڕن و هێڵ بەژێر ژیاندا دەهێنن

([1])دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب١، ل٣٦٧-٣٦٨.

هێڵ بەژێر
هەر هەموو ئەو شتانەدا
کە گرنگن
کە سادەن
کە تازەن
هێڵ بەژێر هەر هەموو ئەو شتانەدا
کە گەمارۆ دراون
کە دیارنەماون
کە لە پەراوێز نراون
هێڵ بەژێر شیعرێکدا
کە گەورە نەبووە
هێڵ بەژێر ساوایەکی لە پەتۆیەکی پڕ
لە پەپوولەوە پێچراو(١)

یاخود:

من دڵنیام ... دڵنیا
کۆڵانەکەمان
شەوانە بەدەم خەوەوە
دەفڕێ
دڵنیام کۆڵانەکەمان
ڕۆژانە لەژێر باری قورسی
ئامرازەکانی پەیوەندیدا
دەمرێ
م
ن
د
ڵ

(١)دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب١، ل٣٨٥.

ن

ی

ا

م ! ([1])

ئەمانە و چەندین دەقی شیعری دی (قەرەداغی) لە دیوانەکەیدا بەکاریهێناوە، کە بە شێوەی پیت یاخود وشە و ڕستە کە ئاماژە بە شتێک دەکەن، کە بەشێکیان ڕەنگە پەیوەندی یاخود ئاماژە بێت بۆ باری دەروونی شاعیر.

وەکو لە پێشتریش ئاماژەمان پێدا کە (قەرەداغی) لە دیوانەکەیدا بە شێوەیەکی بەرچاو تەکنیکی بە بڕگەکردنی بەکارهێناوە، لێرەدا بە پێویستی دەزانم بە خشتەیەک ئامارێک بۆ ئەم تەکنیکە بخەمە ڕوو، بۆ ئەوەی زیاتر ڕوون بێت.

| ئاستەکان | ژمارەی دەق |
|---|---|
| لەسەر ئاستی ڕستە | ١٢ |
| لەسەر ئاستی وشە | ١١ |
| لەسەر ئاستی پیت | ١٤ |

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم خشتەیەی سەرەوە، دەبینین شاعیر زۆرترین شێوازی بە بڕگەکردنی لەسەر ئاستی (پیت) بەکارهێناوە، ئەمەش ڕەنگە پەیوەندی بە باری دەروونی شاعیرەوە هەبێت بەهۆی ئەو ململانێیە ناوەکییەی کە شاعیر پێیەوە دەناڵێنێت.

**٣- دەقی پەراوێز (النص الحواشی)([2]):-**

پەراوێز بە شێوەیەک لە شێوەکانی تۆبۆگرافیای شیعری لە ڕووی شوێنەوە هەژمار دەکرێت، ڕەنگە پەراوێز نواندنی جۆرێک لە پێشکەشکردن بێت کە هاوڕێیەتی دەقی شیعری دەکات، یان ئەو دەقانەی وەرگیراون کە شاعیران هەمیشە پێش دەقەکانیان ئاماژە بە خاوەنەکانیان دەکەن. ڕۆڵی پەراوێز تەنیا شتێکی شێوەیی نییە، بەڵکو تا ڕادەیەک بەشداری لە کەمکردنەوەی نادیاری و ئاڵۆزییەکانی دەکات.

---

([1])دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب١، ل٢٢٣-٢٢٤.

([2]) فتحية كحلوش، بلاغة المكان، ص١٢٢.

- **پێشکەشکردن (الاهداءات)([1])**

جۆرێکە لە دەقی پەراوێز. هەندێکجار شاعیر دەقێکی پەخشان لە کۆتایی شیعرەکەی دەنووسێت و واژووی خۆی یاخود ناوی خۆی لە دوایی دەنووسێت. هەندێک جاریش لە لاپەڕەی یەکەم دەنووسێت پێشکەشە بە بۆ نموونە کەسێک یاخود شارێک، واتا شیعرێکی خۆی پێشکەش بە کەسێک یاخود شارێک یاخود هەر شتێکی تر کە خۆی مەبەستییەتی دەکات. هەندێ جاریش بۆ یاد و بۆنەکان دەنووسێت، بۆ نموونە دەنووسێت لە یادی کارەساتی هەڵەبجە، یاخود لە یادی نەورۆز... هتد. جۆرێکی تری پەراوێزی پێشکەشکردن هەیە، ئەویش لەناوەڕاستە بۆ نموونە شاعیر دەنووسێت پێشکەشە بە هەولێر یاخود سلێمانی و خەتیشی بەژێردا دەهێنێت .

ئەم پێشکەشکردنە تەنیا جۆرێک نییە لە جۆرەکانی چاپ (گباعی)، بەڵکو ڕۆڵی لە ڕێنمایی و ئاراستەکردنی خوێنەردا هەیە .

(قەرەداغی) ئەم جۆرە تەکنیکەی بەکارهێناوە، لە شیعرێکدا کە ( بۆ زامە سارێژ نەبووەکانی هەڵەبجە) نووسیویەتی و دەڵێت :-

ئەو ئێوارەیە
میلی کاتژمێر، بیست و پێنج جار
بەنێو شپرزەیی ڕۆحی ئەودا فڕی
ساڵ بووە پێنج وەرز
بەهار، هاوین، پاییز، هەڵەبجە، زستان
خۆر سەری ئاوابوونی لێ هاتەوە یەک
لە چاوتروکانێکدا سەری وڵاتم سپی بوو
.
.
ئێمە قەبیلەیەکی گوناە بووین ..گوناە
بە زیندوویی مۆمیا کراین
باڵەکانمان کرا بە باوەشێن
چاومان کرا بە موروو
پەنجەکانمان کرا بە تەسبیح

---

([1])فتحية كحلوش، بلاغة المكان، ص١٢٣-١٢٤- ١٢٥.

دڵمان کرا بە گوڵدان
بمانبە لەسەر باڵی هەناسەت ئەی بادی سەبا
بە مۆزەخانەی دڵ و چاو و قامکی مناڵیی خۆماندا
بمانگێڕە (١)

(دلاوەر قەرەداغی) وەک دەربڕینی هاوخەمییەک بۆ خەڵکی بێ گوناهی ئەم شارە، ئەم شیعرەی نووسیوە کەجۆرێکە لەجۆرەکانی تۆبۆگرافیای شیعری لەشێوەی (پێشکەش کردن )، ئاماژە بەوە دەکات کە خەڵکی ئەم شارە بەبێ تاوان تووشی ئەم کارەساتە هاتن و بە زیندوویی مۆمیا کران .

---

دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب١، ل٢١١-٢١٥.

# بەشی سێیەم:-

# پەیوەندی شوێن بە ڕەگەزەکانی تری هونەرییەوە

## ٣-١: شوێن و وێنەی هونەری :-

وێنەی هونەری لە کۆمەڵێک ڕەگەز و وێنەی جۆراوجۆر پێکهاتووە ، کە هەر یەک لەو ڕەگەز و وێنانە بەشێک لە بنیاتی شیعری پێکدێنن. شاعیر بەهۆی وێنەی شیعرییەوە ئەوەی ، کە لە هەست و بیریدا هەیە بە خوێنەری دەگەیەنێت.

ئاشکرایە وێنەی هونەری بۆتە لایەنێکی گرنگ لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکاندا ((بەکارهێنانی وێنەی هونەری وەک ئامرازێکی ڕەخنەیی و پێوەرێکی گرنگ ، کە ڕێگا بۆ ڕەخنەگر خۆش دەکات ، بەناخی دەقی شیعریدا بچێتە خوارەوە و نهێنییەکانی دەست نیشان بکات، چونکە وێنەی هونەری کرۆکی هەمیشەیی شیعرە.))(١) کەواتە وێنەی هونەری ڕەگەزێکی کاریگەری نێو دەقی شیعرییە.

بۆ دیاری کردنی ڕۆڵ و پێگەی ڕەگەزی شوێن لە پێکهاتەی وێنەی هونەریدا، لەنێو شیعرەکانی (دلاوەر قەرەداغی و کەژاڵ ئیبراهیم خدر)دا بە ڕەچاوکردنی خودی شیعرەکانیان بەم شێوەیە لە جۆرەکانی وێنەی هونەری دەدوێین:-

أ- جۆرەکانی وێنە بەپێی ئاستی پێکهاتنیان

١- وێنەی تاک یان (سادە) :-

بریتیە لە تاکە وێنەیەکی بچووک، کە لە ڕووی پێکهاتنەوە بە سادەترین شێوەی وێنەی هونەری دادەنرێت. زۆرجار لە شیعردا تەنها لەنیوە دێڕێک وێنەیەکی تاک دروست دەکرێت، هەندێک جاریش کۆمەڵە وێنەیەکی تاک لەتەک یەک دێن و بەمەش وێنەیەکی گشتی دروست دەکەن. ((کۆمەڵە وێنەیەکی تاک دەچنە پاڵ یەک و بە گشتیان وێنەیەکی گشتی دێننەئاراوە کە یەکێتی ئۆرگانی وێنەکە دەگەیەنێت.))(٢) بنیاتی وێنەی تاکیش لە ڕێگەی بەکەس کردن و بەرجەستەکردن و بەتەن کردن و، هەروەها بەهۆی لێکچواندن و وەسفی ڕاستەوخۆ و هەستەکان دروست دەبێت.

(قەرەداغی) لەم کۆپلەیەدا کە لەسەر شێوازی (بەتەن کردن) بنیاتی ناوە وێنەیەکی تاک لە شوێنی هونەری دەکێشێت :-

---

(١) سەردار ئەحمەد حەسەن، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١) نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٥١.

(٢)سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥.

مۆمێک داگیرسێنە
لەسەر تاقی ژوورەکانی تاریکی
بۆ هەر بانیژەیەکی تەنیایی
درەنگانێک
چرایەک ببە بەدیاری([1])

هەردوو چەمکی ( تاریکی و تەنیایی ) چەمکی ژیرین، واتە هیچ قەبارەیەکی ئەوتۆیان نییە، بەڵام شاعیر هاتووە قەبارەی بە هەردووکیان بەخشیوە، ( تاق ) ی بۆ (تاریکی ) و ( بانیژە ) ی بۆ ( تەنیایی ) بەکارهێناوە، کە هەر یەک لەم وشانە شوێنن و قەبارەیەکی دیاری کراویشیان هەیە. بەتەنکردنی ئەم چەمکانە بۆ خزمەتکردنە بە واتای دەقە شیعریەکە .

لە وێنەیەکی تردا دەڵێت :-

بیدەنەوە... ئاوێنە درز تێبووەکەی بدەنەوە
کە بەیانیانێک تیایدا ... تا تەنیایی بڕکا
لە سەحراکانی غەریبی خۆی ڕادەما([2])

خودی چەمکی (غەریبی) چەمکێکی (موجەڕەدە) بەو مانایەی، هیچ قەبارە و بارستاییەکی نییە، بەڵام شاعیر بە تەنی کردووە و قەبارەیەکی بۆ دروست کردووە، ئەویش لە شێوەی شوێن ، کە ( سەحرا ) یە. دیارە ئەمەش بۆ ئەوەیە ، کە لە زەینی خوێنەر جێگیر بێت، چونکە شاعیر ئاماژە بە کارەساتی ئەنفالی گەرمیان دەکات ، کە چۆن بەغەریبییەوە لە سەحراکانی باشووردا نێژران، بە دەربڕینێکی دی شاعیر کردەی (بەشوێن کردنی چەمکێکی موجەڕەد)ی کردووە، دیارە خودی چەمکی (غەریبی)یش پەیوەندییەکی بەهێزی بە شوێنەوە هەیە، لێرەوە شاعیر بەم وێنەیە قەبارە و قووڵی غەریبییەکە بەرجەستە دەکات.

(قەرەداغی) وێنەیەکی تاک لەسەر شێوازی (بەکەس کردن) دەکێشێت :-

---

([1])دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب٢، ل١١٩.
([2])سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٥١.

کێ دڵی نیشتمانی شکاند
کێ دوعای خراپی لە نیشتمان کرد
کێ بەیانییەک زوو... قۆڵی کرد بە قۆڵی نیشتماندا و
بۆ پیاسەی بردا! (١)

(بەکەس کردن) یەکێکی ترە لەو شێوازانەی کە وێنەی تاکی لێ بنیات دەنرێت کە لە ڕێگەیەوە شاعیر دێت سیفاتی مرۆڤ بە شتە بێگیانەکان دەبەخشێت و وەکو مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

لەم شیعرەشدا ئەوەی جێگەی سەرنجە شاعیر ڕۆح و چالاکی بەم شوێنە (نیشتمان) بەخشیوە، واتە گواستنەوەی وێنەیە لە حاڵەتی زەینی بۆ حاڵەتی هەستی.

لە شیعرێکی تریدا دەڵێت :-

مەنفا
هەمیشە لێمان مۆن و
هەمیشە لێمان بە گومانە
چونکە دەترسێ ڕۆژێک لە ڕۆژان
دەوری چۆڵکەین (٢)

( مۆن و گومان ) دوو سیفاتن بۆ مرۆڤ بەکاردێن، بەڵام (قەرەداغی) بەهۆی شێوازی بەکەس کردن  وێنەیەکی قەشەنگ لە شوێن بەهۆی بەکەسکردنی (مەنفا) بۆ بنیات ناوین، دیارە ئەم بەکەس کردنە بۆ سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر و پەیامی دەقەکەیش هەر لە پشت ئەم کردەیەی بە مرۆڤ کردنەوەیە.

(کەژاڵ ئیبراهیم) لە شیعری (ژن و شیعر و شاعیر) وێنەیەکی تاک دەکێشێت :-

شیعرێکم بۆ ئاسمان نووسی
زەوی خۆی لێ توورە کردم
شیعرێکم بۆ هەتاو نووسی
هەور خۆری لێ ون کردم

---

(١)دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک،  ب٢، ل٤٩.
(٢)سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٠.

.

.

شیعرێک بۆ خۆشەویستەکەم
هاتن گۆڕیان بۆ هەڵکەندم([1])

لەم وێنەیەدا ( زەوی ) وەکو مرۆڤێک نیشان دراوە، دیارە تورەبوون سیفەتێکە تایبەتە بە مرۆڤ بەڵام شاعیر ئەم سیفەتەی داوەتە پاڵ شوێنێکی وەکو (زەوی). کاتێک شاعیران پەنا بۆ ئەو جۆرە شێوازە دەبەن (بەکەس کردن) بۆ ئاشکرا کردنی شتە شاراوەکانی ژیانە، کە بەهۆی توانایی خەیاڵەوە ئەم وێنە هونەرییە بنیات دەنێن.

شاعیر پەردە لەسەر ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی لادەدات، ئەویش نەبوونی ئازادی ئافرەتە لە کۆمەڵگەی کوردیدا. (قەرەداغی) وێنەیەکی تاک بەهۆی شێوازی لێکچواندن بنیات دەنێت:-

هەموو ڕێیەکان دەچنەوە سەر شاری خەون
ئەو شارەی کە لە گەڵ تەنیایی بیابانەکانتا
دەڵێی سێوێکن و کراون بە دوو لەتەوە([2])

شار: لێچوو
تەنیایی بیابانەکان: لێچوو
دەڵێی: ئەوزار
سێو: لەوچوو
کراون بە دوولەت: ڕووی لێکچوون
جۆر: لێکچواندنی یەکخەر

( شاری خەون ) شوێنێکی خەیاڵیە و دروستکراوی خەیاڵدانی شاعیرە، شاعیر ئەو شوێنە خەیاڵییە لەگەڵ تەنیایی بیابانەکان هەردووکیانی بە سێو چوواندووە. ئەم جۆرە لێکچوواندنە پێی دەوترێت ( لێکچوواندنی یەکخەر )، چونکە ( لێچوو ) زیاترە لە یەک و (لەو چوو)ش یەکە.

---

([1]) کەژاڵ ئیبراهیم خدر، ئاونگی وەرینی گوڵەکان، ل١٢٦.
([2])دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب١، ل١٧٤.

(کەژاڵ ئیبراهیم)یش لەسەر بنچینەی شێوازی لێکچوواندن وێنەیەکی تاک بنیات دەنێت:-

دەرگای ماڵەکەشتی وەک
دەرگای کتێبخانەیەکی هەمیشە کراوە و
لە پێشوازیدا بوو ([1])
دەرگای ماڵەکە: لێچوو
وەک: ئەوزار
دەرگای کتێبخانە: لەوچوو
هەمیشە کراوە ولە پێشوازیدا: ڕووی لێکچوواندن
جۆر: لێکچوواندنی ڕەها

شاعیر شوێنێکی داخراوی وەک (ماڵ)ی چواندووە بە شوێنێکی کراوەی وەک (کتێبخانە)، لێکچوواندنەکە لە ڕووی پێشوازی و کرانەوەدایە، لێکچوواندنی ئەم دوو شوێنە بۆتە هۆی بنیاتنانی وێنەیەکی تاک لە شوێنی هونەری.

**٢- وێنەی لێکدراو :-**

وێنەی لێکدراو جۆرێکە لە جۆرەکانی بنیاتی وێنەی شیعری، ژمارەیەک وێنەی تاک لەخۆ دەگرێت، ((هەر یەک لەو وێنانە بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندی بەوەی دیکەوە هەیە، واتە لە تەواوی وێنە شیعریەکان پێکدێت، کە فراوان و گشتگیرە، هەروەها زیاتر بڵاوە و بەیەکەوە لکاون و پێکاچوون ))([2])
بنیاتی وێنەی لێکدراو بە ڕێگەی کەڵەکەبوونی وێنەی تاک و لێکچوواندنی وێنەی لێکدراوەوە بنیات دەنرێت .
(کەژاڵ ئیبراهیم) لە شیعری (تریفەی مانگ و غەمگینی دڵم) وێنەیەکی لێکدراومان بۆ دەکێشێت :-

ئەگەر ڕۆژێک نەتبینم

([1])کەژاڵ ئیبراهیم خدر، تارکی شەو و پەنجەرەی عەشق، ل١٢٢.
([2]) بدر نايف الرشدي، صورة المكان الفنية في شعر احمد السقاف، رسالة ماجستير، كلية الاداب والعلوم، جامعة الشرق الاوسط ٢٠٠١-٢٠١٢، ص١١٨.

ئەزمڕ بەدووچاوی منەوە
سەیرت دەکات
ئەگەر ڕۆژێ من گوێم
لە دەنگت نەبێ، گەرووی ئەشکەوتێک
گوێچکەی بیستنی منی تێدایە و
گوێت لێ دەگرێ
ئەگەر ڕۆژێک نەگەمە لات
خەمم هاوبەشی ژیانتە و
بۆنی پەنجە و بۆنی ماچی
یادگاری و ،
کزەی هەناسەتی تیایە ([1])

شاعیر بەهۆی سێ وێنەی تاکەوە، وێنەیەکی لێکدراوی لە شوێن بنیات ناوە، وێنەی یەکەم و دووەم (ئەزمڕ، گەرووی ئەشکەوتێک) وەکو دوو شوێن بەکەس کراون، وێنەی سێیەمیش بەهۆی هەستی بۆن کردن دروست کراوە، هەر یەک لەم وێنە تاکانە خزمەت بە بنیاتی وێنە لێکدراوەکە دەکەن و پەردە لەسەر خۆشەویستییەکی ڕەها لادەدەن.
لە وێنەیەکی تردا دەڵێت :-

هەزار خۆزگە
ئەو چڵە ڕەیحانە ڕەشەی سەر
سینگی سپی دایکت بام
جار ناجارێ
لەگەڵ باوەشی دایکتا
بۆنت کردبام([2])

وێنەی یەکەم بەهۆی هەستی بینین دروست کراوە، دووەمیش بەهۆی هەستی بۆن کردن، هەردوو وێنەکە بوونەتە هۆی بنیاتنانی شوێنی جەستەیی.

---

([1])کەژاڵ ئیبراهیم خدر، تارکی شەو و پەنجەرەی عەشق، ل١٣-١٤.
([2])کەژاڵ ئیبراهیم خدر، ئاونگی وەرینی گوڵەکان، ل٢٤.

له شیعری (خەونی پەپولەیەک) وێنەیەکی تری لێکدراو لە شوێن بنیات دەنێت و دەڵێت:-

من نازانم شەو دێ یا ڕۆژ
گۆڕستانی خونچەی دڵم
وەکوو پشکۆ گەش دەبنەوە
بەفراوی سەر ڕوومەتیشم
وەکوو دەریا شین دەچنەوە ([1])

لە دوو وێنەی تاکی شوێن دروست بووە، هەردوو وێنەکە بەهۆی لێکچوواندن بنیات نراون، جگە لەمە بەرهەستی ( بینین )یش دەکەوێت بەهۆی ڕەنگی ( شین- گەش )، هەردوو وێنە تاکەکە بوونەتە هۆی بنیاتنانی شوێنی جەستەیی وەکو ( گۆڕستانی خونچەی دڵ ) و ( سەر ڕوومەت ).

(قەرەداغی) بەهۆی کەڵەکەبوونی وێنەوە لەم پارچە شیعرەدا ئەم وێنە لێکدراوەمان بۆ دەکێشێت و دەڵێت :-

لەوێ بوویت... ئەو ڕۆژەی
(گولان) دڵی تێکەڵ هات و
(سیروان) لەپێ کەوت و
(مێژوو) ڕشایەوە
.
.
.
(دیوان) پەڕە پەڕە خۆی کوشت و
(قەسیدە) بەیت بەیت سەری هەڵگرت؟
لەوێ بوویت ئەو ڕۆژەی
شاخ گریا و
کانی قوڵپ قوڵپ زریکاندی و
ترێ هێشوو هێشوو وەری ؟ ([2])

---

([1])کەژاڵ ئیبراهیم خدر، ئاونگی وەرینی گوڵەکان، ل٢٢٥.
([2])دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب١، ل٢١٣-٢١٤.

ئەم پارچە شیعرە لە حەوت وێنەی تاک کە سەرجەمیان بەکەس کراون پێکهاتوون، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە بنیاتی شوێنی هونەرییەوە هەیە ئەو چوار وێنەن لە شوێن، کە شاعیر بە کەسی کردوون ، ئەوانیش (گوڵان ، سیروان، شاخ، کانی) کە هەر یەک لە سیفەتەکانی ( دڵی تێکەڵ هات ، لەپێ کەوت- گریا- زریکاندی) کە سیفەتێکن لە سیفەتەکانی مرۆڤ، شاعیر بەو شوێنانەی بەخشیوە، ئەمەش بۆ بزواندنی هەست و سۆز و ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەرە بەم شوێنانە.

(کەژاڵ ئیبراهیم) لە شیعری (شیعر و نەغمەی بولبولێکی سپی) وێنەیەکی لێکدراومان لە شوێن بۆ بنیات دەنێت لەسەر بنچینەی ( لێکچوواندنی لێکدراو )بەهۆی چواندنی شتێک بە دوو شت :-

من نیشتمانێکم هەیە جیا
هێندەی شەوانی تەنهاییت
پڕ لە بارانی عەشقە و
هێندەی باڵای لاسە شۆڕێ
باڵا بەرزە([1])

(لێچوو) یەک شتە و (لەوچوو) دوو شتە، واتە ( نیشتمان )ی بە دوو شت چوواندووە، یەکەمیان بە شەوانی تەنهایی و دووەمیشیان بە باڵای لاسە شۆڕێ .

### ٣- وێنەی گشتی :-

ئەو وێنەیەیە ، کە لە کۆمەڵێک وێنەی تاک و لێکدراو پێک دێت، وێنەکان یەک لەدوای یەک دێن و پەیوەستن بەیەکەوە ((لە دیمەنێکی گشتی تێکەڵ بە کۆمەڵێک وێنەی لاوەکی پێک دێت ، کە بەیەکەوە بەستراون لە دووتوێی چوارچێوەی خەیاڵێک ، کە لایەنەکانی دیاریکراوە ، هەرچەندە گشتیش بێت.))([2]) کەواتە لە کۆی هەموو وێنە تاک و لێکدراوەکان وێنەی گشتی لە شیعردا بنیات دەنرێت. بە هەمان شێوەی بنیاتی وێنەی تاک و لێکدراو، بنیاتی وێنەی (گشتی)یش لەم جۆرانەی خوارەوە پێک دێت:- ( بنیاتی کۆپلەیی، بنیاتی پۆستەری، بنیاتی بازنەیی، بنیاتی پێچاو پێچ ، بنیاتی درامی، بنیاتی چیرۆکی).

---

([1])کەژاڵ ئیبراهیم خدر، تارکی شەو و پەنجەرەی عەشق، ل٢٤.

([2]) بدر نايف الرشدي، صورة المكان الفنية في شعر احمد السقاف، ص١١٨.

(قەرەداغی) لە پۆستەرەی شیعری (مێرگ)دا وێنەیەکی چڕو پڕمان لە شوێن بۆ دەکێشێت :-

لەنێو مێرگێک ڕووناکیدا
دێم و دەچم
خۆم دەزانم
ڕۆژێک دادێ
پەلک پەلک
لەژێر تۆفانی ئەوینتا
وەکو سنەوبەر دەنەوم (١)

لە شیعرێکی تریدا بیر چڕ دەکاتەوە و لە پۆستەری نیشتمان وێنەیەکی گشتی لە شوێن بنیات دەنێت :-

دەرکی مەنفام کردەوە
جێگەی پاڵ کەسێک
چۆڵ بوو
جانتاکەم دانا،
لایەوە دانیشتم و سەیرێکیم کرد:
-ئۆ و ئەی نیشتمانی باوان وێران
خۆ ئەمە تۆیت! (٢)

(قەرەداغی) لە شیعرێکی تری بەناونیشانی ( شار ) وێنەیەکی گشتی لە شوێن بنیات دەنێت لە جۆری (بازنەی داخراو)، مەبەست لە بازنەی داخراویش ، واتە شاعیر شیعرەکەی بەو خاڵە کۆتایی پێ دێنێت ،کە لێیەوە دەستی پێکردووە، شاعیر شیعرەکەی بە وەسفی شار دەست پێدەکات و بە هەمان وەسف کۆتایی بە شیعرەکە دێنێت ، لە

(١)دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک ، ب٢، ل٧٩.
(٢)سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١-١٦٢.

ڕێگەی شوێنەوە جەخت لە گرنگی شار و گۆڕانی بەها کۆمەڵایەتییەکانی دەکات و دەڵێت:-

به گشتی شار جوانه
شار ترسناکه
شار لەخۆباییه
شار دڵ ڕەقه
شار بێوەفایه (1)

بەم جۆره بەردەوامی به شیعرەکه دەدات تا دەگاته ئەو هەڵوێستەی که لێیەوه دەستی پێکردووه، واته بەهەمان هەڵوێستی سەرەتا کۆتایی به شیعرەکه دێنێت.

شار ئیمانی خۆی هەیه و کوفری خۆی
شار وەفای خۆی هەیه و
بێ وەفایی خۆی!
به گشتی شار جوانه

له شیعرێکی تریدا وێنەیەکی ڕابردوومان بۆ دەکێشێ له ڕێگای وەسفی ڕاستەوخۆ بەمەش وێنەیەکی گشتی له شوێن بۆ بنیات ناوین .
بیرم دێ
ئێوارەیەکیان
کاتێ باران باری
کەشتییەک بەلای ماڵەکەماندا ڕەت بوو
کەشتییەک پڕی بوو
له منالی لاڵ و
له هەوری قژ بژ و
له پێغەمبەری ئالا بەدەست
کەشتییەک

(1)دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک ، ب٢، ل١٠٩-١١٢ .

منالێکی عیبریی لێی نووسی بوو:
وەرە برادەری ئازیز
بابچین بۆ داوەت! ([1])

(کەژاڵ ئیبراهیم خدر) لە شیعرێکیدا لەژێر ناونیشانی (کۆبەندی چەند حوزنێک بۆ تۆ ئەی شار) بەهۆی ( بنیاتی پێچاو پێچ ) وێنەیەکی گشتیمان لە شوێن بۆ دەکێشێت. مەبەستیش لە بنیاتی پێچاو پێچ ئەوەیە کە (( وێنەی گشتی لەسەر بنچینەی شعوورێکی یەکگرتوو، یان کۆمەڵە مەشاعیرێکی پاژەیی تەواو تێکەڵاو دروست دەبێت، بیری سەرەکی شیعرەکە وەکو تەوەرێکی سەرەکی لێ دێت، کە وێنەکان لە سەرییەوە هەڵدەستن، هەر وێنەیەک لەسەر تەوەرە سەرەکییەکە دەست پێدەکات خولێک بەدەوریا دەسووڕێتەوە و بازنەیەک دروست دەکا، بەڵام بازنەکە داناخا و دەگەڕێتەوە سەر تەوەرە سەرەکییەکە و وێنەیەکی تر دروست دەکاتەوە.))([2])

ئەی شار
وەختێ کزەی چاوەکانمان
ئەو هەموو مەرگە نەبینێ و
لە شەکانەوەی ئەو هەموو
کفنانەی گۆڕستان بێ ئاگاین
تۆ چی دەڵێی
ئۆباڵ بە چاویلکە شکاوەکانمانەوە دەدووری
یان تەپڵ بۆ بێ وەفایمان لێ دەدەی

ئەی شار
کە کلۆ بەفرێک هاتە خوار
وتی ئاسمان ڕقی لێتە و
کە پەڵەی هەورێک دابەزی
نەخشەی کارەساتێکی تری پێ بوو

---

([1])دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب١، ل١٦٢.
([2]) سەردار ئەحمەد حەسەن، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١)، ل٩٦.

تۆ چی دەکەی؟! ([1])

لێرەدا ( شار ) به واتای ( نیشتیمان ) دێت ، که تەوەری سەرەکی شیعرەکەیه و وێنەکان بەدەوری ئەو تەوەرەدا دەسوورێنەوە و به هەموویان وێنەیەکی گشتی له خزمەت شوێن بنیات دەنێن .

ب-جۆرەکانی وێنه له ڕووی هەستییەوە :-

وێنه له ڕووی هەستییەوە ئەو وێنانه دەگرێتەوە، به هۆی هەستەکانی مرۆڤ که بریتین له ( بینین، بیستن، بۆنکردن، چەشتن، بەرکەوتن ) دروست دەبێت، چونکه مرۆڤ بەهۆی هەستەکانییەوە درک به شتەکانی دەوروبەری خۆی دەکات و بەهۆی ئەو هەسته جیاوازانەش وێنەی هەستی له شیعردا بەرجەسته دەکات.

جۆرەکانی وێنەی هەستی بریتین له :-

**١- هەستی بینین :-**

هەموو ئەو وێنانه دەگرێتەوە ، که بەچاو دەبینرێن ((هەستی بینین له سەرەکی ترین هەستەکانی مرۆڤە، که کاریگەرییان بۆ مێشک و دەروون و ناخی شاعیر دەگوازێتەوە))([2])

(کەژاڵ ئیبراهیم) له شیعری (کاتێک دڵم بۆت دەدوێ) وێنەیەکی هەستی بینین له شوێن دەکێشێت :-

من ماڵێکم دەوێ به خشتی
سوور هەڵچنرا بێ
تۆ به گوڵی ماچەکانت وێنەی بکەی
من بەلێوم بۆیەی بکەم ([3])

([1])کەژاڵ ئیبراهیم خدر ، ئاونگی وەرینی گوڵەکان ، ل٢٠٩-٢١٠.
([2])هاوژین صلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری له شیعری (شێرکۆ بێکەس)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨، ل١٤١.
([3])کەژاڵ ئیبراهیم خدر ، ئاونگی وەرینی گوڵەکان ، ل٤٩.

له بنیاتی وێنەی شیعریدا ڕەنگەکان وەک هەستی بینین ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە و، هەڵگری واتای جیاوازیشن ، کە هەندێجار بە واتای خۆشی و ناخۆشی، هەندێجاریش ڕەهەندە جیاوازەکانی وەک ( سیاسی- ئایینی- کۆمەڵایەتی..هتد) لەخۆدەگرن. لەم شیعرەشدا ڕەنگی (سوور) مانای سۆز و خۆشەویستی دەگەیەنێت. لێرەدا هەستی بینین بۆتە هۆی بنیاتنانی شوێنی هونەری.

له شیعرێکی تریدا دەڵێت :-

ئای نیشتمان چەندە جوان بووی
سەرەتا بە بەرگی سەوز و
ئێستا بە بەرگی زەرد و
سبەی بە چەندەها بەرگ
ڕەنگ و ڕووت دەگۆڕن ([1])

وێنەیەکی هەستییە و بەر هەستی بینین دەکەوێت. لێرەدا هەردوو ڕەنگی (سەوز و زەرد) ڕەهەندی سیاسی لەخۆ دەگرن .

هەروەها لە شیعری (لەبەرد چوون) وێنەیەکی دیکە دەکێشێت :-

تەماشا ئەو بەردەش هاتۆتە قسە
سەیرکە ئەو کێوەش خەریکە دەفڕێ
کۆت دڵت هێندە ڕەق بێت
ئیدی بەرد چ مانایەکی هەیە
تەماشا ئەو چیایە لە ئاسمان چۆن خوول دەخوات
لەژێر پێدا قولپی قینە هەڵدەدات ([2])

ئەم وێنەیە بەرهەستی بینین دەکەوێت (سەیرکە، تەماشا) ڕاستەوخۆ ئەم هەستە دەخەنەڕوو. شاعیر لەم وێنە هەستییەدا باس لە سیفەتی دڵڕەقی مرۆڤ دەکات و بە بەرد دەیچوێنێ (کێو و چیا)ش وەکو دوو شوێنی هونەری ناو دەقە شیعرییەکە ئاماژەن بۆ مرۆڤی دڵڕەق .

---

([1])کەژاڵ ئیبراهیم خدر ، تاریکی شەو و پەنجەرەی عەشق، ل٢٢٥.
([2])کەژاڵ ئیبراهیم خدر ، ئاونگی وەرینی گوڵەکان ، ل١٥٧.

(قەرەداغی)یش هەر بە ڕێگای هەستی بینین بەهۆی ڕەنگی ( ڕەش و سپی )یەوە، وێنەیەکمان لە شوێن بۆ دەکێشێ. ئەم دوو ڕەنگە (ڕەش و سپی) دیارە دوو ڕەنگی پێچەوانە و دژ بەیەکن، مەبەستی شاعیریش لەم دوو ڕەنگە بۆ دەرخستنی جیاوازی شوێنەکانە .

هیچ جێگایەک وەک ئەم شارە ساردانە
ڕەش ناچێتەوە بە بەخت
هیچ شوێنێک وەک ئەم شارە ساردانە
سپی ناچێتەوە لە ئومێد (١)

**٢- هەستی بیستن :-**

هەموو ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە بەهۆی گوێیەکانمانەوە هەستیان پێ دەکەین، (( هەر وێنەیەکی شیعری لەسەر بنەمای دەنگ یان ئاواز یان مۆسیقا بنیات نرابێ، ئەوا لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە باشتر وەر دەگیرێ و هەست بە خۆشی و جوانی وێنەکە دەکرێ.))(٢)

(قەرەداغی) وێنەی شوێنێکی هونەری بەهۆی دەنگی (چپە)وە دەکێشێت و دەڵێت:-
چپەیەک سەرنجم بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت
تومەز ئەوە
چپەی شەقامە لەگەڵ خۆی
چپەی تەنیاییە لەگەڵ خۆی (٣)

دیارە (کەژاڵ ئیبراهیم)یش بەهۆی هەستی بیستن وێنەی شوێنێکی هونەری لە ڕێگای وشەی (گریا)وە، کە بە گوێ دەبیسترێ دەکێشێت :-

چیا بووە دوو کەرت
ئاسمان گریا و
ئاو لە ئاسمانەوە بە هەناسە بڕکێ هات (١)

---

(١)دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک ، ب٢، ل٢٣٩.
(٢) هاوژین صلیوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری (شێرکۆ بێکەس)دا، ل١٤٣.
(٣)دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک ، ب١، ل٢٦٣.

٣- هەستی بۆنکردن :-

بریتییە لەو وێنانەی کە لە ڕێگەی لوتەوە، واتا بۆنکردن وەردەگیرێن. (کەژاڵ ئیبراهیم) بەهۆی هەستی بۆنکردن وێنەیەکی هونەری شوێنی جەستەییمان بۆ دەکێشێ کە تیایدا بۆنی ماڵی دڵی بە بۆنی ئەو سنەوبەرانەی کە بوونەتە ماڵی فریشتەکانی بەهەشت دەچوێنێ و دەڵێت :-

ماڵی دڵم
بۆنی ئەو سنەوبەرانەی لێ دێ
کە بوونەتە ماڵی فریشتەکانی بەهەشت
ئیتر لەوێ دەخەوم و
ئارام، ئارام پشوو دەدەم (٢)

لە شیعرێکی تردا بەناوی (لاپەڕەکانی مێژوو) ئاوڕێک لە مێژوو دەداتەوە و بەو هۆیەوە وێنەیەکی هونەری شوێن لە ڕێگای هەستی بۆنکردن بنیات دەنێت و دەڵێت :-
ئەبێ کەی بێ،
فرمێسک و توڕەبوونەکان بگۆڕینەوە بە نێرگز
ئەوسا شەقامەکان بۆنی خوێن ناگرن
دایکان واز لە نزا دەهێنن و بەسەر ژانی

کۆرپەکانیانەوە نامرن (٣)

(قەرەداغی) لە شیعری (بۆنی بخوور لە ماڵەکەتەوە دێت) وەسفی ماڵێک دەکات کە سەرتاپای بۆنی بخووری لێ دێت، بەم جۆرە وێنەکە بەرهەستی بۆنکردن دەکەوێت :-

بۆنی بخوور
لە ماڵەکەتەوە دێ

---

(١)کەژاڵ ئیبراهیم خدر، ئاونگی وەرینی گوڵەکان ، ل٢٦١.
(٢)کەژاڵ ئیبراهیم خدر، تاریکی شەو و پەنجەرەی عەشق، ل٦٤.
(٣)کەژاڵ ئیبراهیم خدر، ئاونگی وەرینی گوڵەکان، ل٢١٢.

بۆنی بارووت لە کۆلان
وەختێتی مامە شێخ
بە سەر و قژی هەڵایساوی
ماش و برنجیتەوە
بەخۆت و نوورتەوە
بەخۆت و بۆنی بخوورتەوە
وەرە دەرێ ([1])

### ٤- هەستی بەرکەوتن (دەست لێدان) :-

مرۆڤ دەتوانێت بە ڕێگای بەرکەوتن یان بەرجەستە کەوتن هەست بە ساردی و گەرمی و ڕەقی و نەرمی و لووسی و زبری شتەکانی دەوروبەر بکات. لەشیعریشدا لەسەر ئەو بنەمایە هەستی بەرکەوتن بنیات دەنرێت .

(قەرەداغی) لە شیعری (من گەڕیدەیەکەم بەناو ئەو شارە ساردانەدا) باسی ساردو سڕی ژیانی تەنیایی و نائومێدی خۆی لەو شارانە دەکات، لەو ڕێگەیەوەش وێنەیەکی هونەری شوێن لە هەستی بەرکەوتن بنیات دەنێت :-

ڕۆژێک لە ڕۆژان بەفر دەبارێ و
من بۆ ئەوەی لەم شارە ساردانەدا
ڕەق نەبمەوە
پەڕەیەکی سپی دەردێنم و دەکەومە نووسین
بەبێ ئەوەی بزانم
نووسین لەم شارە ساردانەدا
تەنیا تر و
سەرما بردەڵەتر و
نائومێد ترم دەکات ([2])

---

([1]) دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب١، ل٣٠٧-٣٠٨.
([2]) سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٢٤٠.

هەروەها لە شیعرێکی تر لەژێر ناوی ( ڕۆیشتنێک بەڕێوەیە ) شوێنێکی هونەری لە هەستی بەرکەوتنی بنیات ناوە.

نەمزانیبوو
نیشتمان بەو ڕادەیە ساردە
کە بەشی ڕەقبوونەوەی سێ چوار نەوە دەکا
نەمزانیبوو نیشتمان خاوەن ئەو هەموو
کانگای سەرمایەیە
کە بەشی هەموو زستانەکانی مێژوو دەکا
نەمزانیبوو نیشتمان هێند دڵڕەقانە
پڕ پڕ لەو هەموو ڕەقبوونەوەیەیە! (١)

لەم شیعرەیدا ( دلاوەرقەرەداغی ) بەهۆی وشەکانی ( سارد، ڕەقبوونەوە) کەبەر هەستی بەرکەوتن دەکەون ئەم وێنەیەی بنیاتناوە .

(کەژاڵ ئیبراهیم) لە شیعرێکی تریدا دەڵێت :-

توند توند، پەنجە ناسکەکانت
لەم شەقامە سارد و سڕە توند بکە بنوو
تۆ نە دایک، نە باوک، نە لەتێ نان
نە بستێ خاکی نیشتمان
نە کەسێک و نە بێ کەسێ
لەم جەنجاڵی خەراباتە شک نابەی
سلاوێکت لێ بکا.. (٢)

---

(١)دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب٢، ل٣٥٠.
(٢) کەژاڵ ئیبراهیم خدر، ئاونگی وەرینی گوڵەکان، ل٧٥.

شاعیر باس لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات، بەم شێوەیە وێنەکەی دروست کردووە، شەقام وەکو شوێن و سارد وەکو هەستی بەرکەوتن بوونەتە هۆی بنیاتنانی شوێنی هونەری .

هەروەها دەڵێت :-

ناوێرم بێمە باوەشتەوە
چونکە ئەوەندە گەرمە
خوێنم لەژێریا قوڵپ ئەدا
لەنێوانی ناسکی ڕووت و
گەرمی باوەشتا
نازانم عەشق بۆ کوێم دەبا (١)

بەهۆی هەستی بەرکەوتن وێنەیەکی هونەری شوێنی جەستەیی بنیاتناوە، سۆز و خۆشەویستی و گەرمی باوەش بوونەتە هۆی بنیاتنانی وێنەی هونەری شوێن .

**٣-٢: دوالیزمی کات و شوێن :-**

لە ڕوانگەی زانستی و فەلسەفییەوە کات و شوێن دووانەن، هیچیان لەوەی دیکە جیانابێتەوە. هەموو سیستەمێکی فەلسەفی هەر لە کۆنەوە وێنایەکی بۆ خۆی داناوە ، کە ئەو دوو ڕەهەندە کۆدەکاتەوە ، تا ئەو ئاستەی ، کە بوونەتە ستوونێک و هەموو پەیوەندییەکی دیالێکتێکییان لەسەر بنیات دەنرێت، لە چوارچێوی ئەوەدا سیستەمێکی گەردوونی ڕێکدەخرێت لە وێناندنی فەلسەفی و تیۆری و زانستییەوە. تیوَری ڕێژەیی ئەنشتاین (١٨٧٩-١٩٥٥) ئەوەی سەلماندووە ، کە بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەتینەی ، لەنێوان ئەم دووانەدا هەیە هیچ بوارێک بۆ جیاکردنەوەیان نییە، بۆیە شوێن کەسایەتی زەمانی وەردەگرێت، لێرەدا دەتوانین جیاوازی لەنێوان دوو جۆر کات بکەین، ((کاتێکی ماتماتیکی گەردوونی و، کاتێکی ویژدانی، کاتی ماتماتیکی گەردوونی بە واتای کاتێک کە بە ساڵ و ڕۆژ و کاتژمێر دەپێورێت، کە پێکدێت لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو، بەڵام

---

(١) کەژاڵ ئیبراهیم خدر، تاریکی شەو و پەنجەرەی عەشق، ل٧-٨.

کاتی ویژدانی بریتیە لە هەستکردنێکی ناخەکی بە کات، کە هیچ بوونێکی ماددی هەستپێکراوی نییە.))([1])

لە ڕووی ئیستاتیکاوەش کات و شوێن پەیوەندییەکی گەوهەرییان لەنێواندا هەیە، کە لە ئەدەبدا بە شێوەیەکی هونەری وەرگیراوە، ( باختین ) ناوی ناوە (chronotop) کە واتای ( شوێنکات ) دەگەیەنێ، هەروەها کاتیشی دیراسەکردووە بەوەی ،کە ڕەهەندی چوارەمە بۆ شوێن . دەڵێت: شوێنکات ((واتایەکی شێوەکی پێکهاتەییە لە واتاکانی ئەدەبدا.))([2]) کەواتە : شوێنکات نواندنی ئەو کارلێکە بنچینەییە ، کە پەیوەندییە شوێنییەکان لە لایەک و کاتییەکان لە لایەکی دیکەوە تێکەڵ بە چنینی بەرهەمی هونەری دەکات .

هونەر و ئەدەب جۆرە تێکەڵاوییەکیان هەیە لە ڕووی بەهای شوێنکات بە جۆرەها پلە و قەبارەوە، هەموو بابەتێکی بەشەکی و هەموو ساتێکی بەش بەشکراو لە لایەن نووسەری هونەری بریتیە لە بەهایەک لەو بەهایانە. ((دروستبوونی شیعر سەربەخۆ نییە لە دروستبوونی کات، بەڵکو چێبوونەکەی تێکەڵییەکە لە یەک پرۆسەدا، کەواتە شیعر بنەمایەکی کاتی و شوێنی هەیە لە یەک کاتدا، بۆیە لە ڕاستیدا کات و شوێن پێکەوە تێپەڕ دەکات.))([3]) ئەدیبی داهێنەر لەو ساتانەی کات و شوێن لە دەقەکەیدا بەکار دەهێنێت، ئەوا هەموو ئەندێشە و مێشکی خۆی تێدا دەخاتە کار. ((هەر شاعیرێک کە هەڵسوکەوت لەگەڵ شوێن بکات، وەکو ئەوە وایە هەڵسوکەوت لەگەڵ کاتدا بکات، کاتیش ناوەستێت، لە دوایشدا ئامادەیی شوێن وەستانی نییە.))([4]) کەواتە جۆرە پەیوەندییەکی پێکەوە بەستراو و توندوتۆڵ لەنێوان کات و شوێندا هەیە بە شێوەیەک کە ((شاعیران بەهۆی زۆر لەیەک نزیکی ئەو دوانە ناتوانن وشەیەک کە واتاداری کات بێت وەربگرن بۆ دەربڕین لە شوێن.))([5]) هەر دوو چەمکی کات و شوێن بەیەکەوە بەستراون و هۆکارێکی گرنگ دروست دەکەن لە لێکۆڵینەوەی هەر دیاردەیەک کە بە تەنیا هەر لە شوێندا ڕوونادات، بەڵکو لە یەک کاتدا لە شوێن و کات ڕوودەدات. ((کات لە ئەدەبدا بریتیە لە کاتی مرۆڤانە، هۆشیاری ئێمەش بۆ کات بەشێکە لە پاشخانی نادیاری شارەزاییمان، پێناسەی کاتیش

---

([1]) حنان محمد موسى(د)، الزمكانية وبنية الشعر المعاصر، ص١١٣.

([2]) علي ابراهيم(د)، الزمان والمكان في روايات غائب طعمة فرمان، ص٩٨-٩٩.

([3]) عزالدين اسماعيل(د)، التفسير النفسي للادب، ص٥٠.

([4]) ياسين النيصر، اشكالية المكان في النص الادبي، ط١، دار الشؤون الثقافي العامة، وزارة الاعلام، بغداد، ١٩٨٦،ص٣٢١.

([5]) نوزاد احمد اسود، المدينة في قصص جليل قيسي، ص٣٠.

لێرەدا شتێکی تایبەت، کەسی، خودی، یان زۆرجار دەڵێن دەروونییە.))([1]) شوێن بە تەنیا گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵکو بە کات و ئەو جووڵەیەی تێیدایە بوون و گرنگی دەبێت، واتا ئەو کاتەی ، کە پێیدا تێپەڕ بووە و بە جووڵەی مرۆڤەکان کە سەرقاڵی دەکات و بەئیشی دەخات و ڕەنگاو ڕەنگی دەکات بەوە گرنگە .

پەیوەندی کات لە شوێندا چڕ دەبێتەوە، شوێنیش بە کات درک دەکرێت و پێوانە دەکرێت، ((ئەو یەکتر بڕینە لە نێوان مرۆڤەکان و ئەو تێکەڵبوونە لەنێوان پەیوەندییەکان، ئەوانەن شوێنکاتی هونەری جیادەکەنەوە.))[2] هەروەک دەزانین پەیوەندی نێوان کات و شوێن پەیوەندییەکی بوونییە، نەکات بەبێ شوێن دەبێت و نە جووڵەی شوێنیش بەبێ کات دەبێت، بەڵام سروشتی ئەو پەیوەندییە جیاوازە و بەپێی هەستکردنی مرۆڤ و بەپێی تێپەڕبوونی کات لە شوێندا دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە شوێنێکی وەکو شار بەهۆی ئەو سەرقاڵبوون و جەنجاڵیەی کە بەخۆیەوە دەبینێ، مرۆڤەکان زیاتر هەست بە تێپەڕبوونی کات دەکەن بە بەراورد لەگەڵ شوێنێکی وەکو گوند. بەهۆی پەیوەستبوونێکی گەوهەری کە لەنێوان کات و شوێندا هەیە ((لە هەندێ کاتدا باوەڕمان وایە ئێمە لە دووتوێی کاتدا شت دەزانین، لە کاتێکدا هەموو ئەوانەی دەیزانین بریتیە لەو شتانەی جێگیرن لە شوێنێک کە بوونەوەری مرۆڤایەتی تێیدا سەقامگیرە و، توانەوە ڕەتدەکاتەوە هەتا ئەوەی لە ڕابردووشدا تێپەڕیوە و، کاتێکیش دەست دەکات بە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو دەست بە کاتەوە دەگرێت.))([3])

هیچ شوێنێک دروست نابێت و ناگوازرێتەوە و دەرناکەوێت، تەنیا بە کردەی کاتێکی دیاری کراو نەبێت، ڕابوون و دیاریکردنی کاتیش تەنیا بەو شوێنە دەبێت کە دەیگرێتە خۆی و، وای لێ دەکات لە خودی خۆیدا ببێتە پەناگەیەک بۆ کات، کاتیش لە شیعر و ڕۆماندا بەپێی پێکهاتەی خۆیان، بریتیە لە تابلۆیەکی ناوازە کە وێنەکێش هەڵی گرتووە، ڕەنگەکانی تێکەڵ کردووە، هەروەها کاتیش وەکو ئەوە وایە کە بریتی بێت لە کۆمەڵێک ڕەنگی تێکەڵکراو لە پێکهاتەیەکدا، شاعیریش بە پێی حاڵەتی دەروونی خۆی ئەوەی گونجاو بێت لێی وەردەگرێت. کات و شوێن ئەستەمە لەیەکیان جیابکەینەوە ((مەگەر تەنیا

---

([1]) حنان محمد موسى حمودة (د)، الزمكانية وبنية الشعر المعاصر، ص١١٣.

([2]) ميخائيل باختين، اشكال الزمان والمكان في الرواية، ت:يوسف حلاق، منشورات وزارة الثقافة، ديمشق، ١٩٩٠،ص٦.

([3]) مدحت الجبار، جماليات المكان في مسرح صلاح عبدالصبور، ضمن كتاب جماليات المكان (مجموعة من الباحثين)، ص٢١.

بۆ (تەجرید) و لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردن، کات لە شوێن داببڕین، دەنا دوانەیەکی یەک جەستەیین.))([1]) چونکە هەر یەک لەوانە ئەوەی دیکە ڕادەکێشێت و پێویستی بە ئامادەبوونە، بەهۆی ئەو پەیوەندییە نادیار و شاراوەی نێوانیان، ئەگەر کۆچکردن بریتی بێت لە ڕەوکردن لە شوێن، ئەوا لە هەمان کاتدا ڕەوکردنە لە کات، لەبەر ئەوەی ناکرێت کۆچ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بکرێت، تەنیا لە چوارچێوەی کاتدا نەبێت. بە واتایەکی دیکە ئەگەر گەشتێک ئەنجام بدەین، جا ئەو گەشتە لە وشکانی یان لە دەریا یان لە ئاسمان و فەزای دەرەکی بێت، لە یەک یەکەی کات و شوێندا ئەنجام دەدرێت. جا ئەگەر ڕێگەی سەد کیلۆمەترمان بەیەک کاتژمێر بڕی، ئەوا واتای ئەوەیە کە کات و شوێن یەکگرتوون، هەروەها پێداویستییەکانمان بە جووڵەی جەستەمان لە ساتێکی دیارکراودا لەسەر شوێنێکدا بەسەر دەبەین، ئەوەش شوێنکاتە .

(دلاوەر قەرەداغی) لە شیعری (مەرحەباتان لێ بێ گوڵەکان) شوێنکاتێکی هونەری دەچنێت و دەڵێت :-

بە دواما مەگەڕێ هاوڕێم
تا گەڵا بە درەخت و
ترێ بە ڕەز و
مناڵ بە کۆڵان و
کچان بە شەقامەوە بن
من لەوێم
ئێوارانێکی درەنگ
گەر سۆراغت کردم هاوڕێم
لە دوورترین سەوزەڵانیدا نوستووم.([2])

دیارە شوێن و کات پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە، بۆیە مرۆڤ ناتوانێت لە شوێنێکدا بەبێ کات بژیت، بەڵکو لەناو شوێن و کاتدا بەیەکەوە دەژین. لەناو ئەدەبیاتیشدا بە هەمان شێوە (شیعر و چیرۆک و ڕۆمان) بۆ نموونە کاتێ شاعیرێک وێنەی شوێنێک لەناو دەقەکەیدا دادەڕێژێ و بەرجەستەی دەکات، ناتوانێت دەستبەرداری

([1]) عبدالله سراج، بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤٨.
([2])دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک ، ب١، ل١١٣.

کات بێت. هەر لەو ڕوانگەیەشەوە شوێنکات لەو شیعرەدا بەدی دەکەین، کە شاعیر لەو دەقەدا بەرجەستەی کردووە، (ئێوارانێکی درەنگ لەگەڵ دوورترین سەوزەڵانی) جوانترین شوێنکاتی هونەرییە.

هەروەها لە شیعرێکی تردا دەڵێت :-
خولیام بوو جارێکی دی بتبینمەوە
ئەی ڕەنگێک هەمیشە ئامێزت واڵا
بتبینمەوە لە شار... لەژێر هەتاودا
خولیام بوو جارێکی تر
لە قەرەباڵغی لای سەعات شەش و نیوەکانی
بەردەم کتێبخانەی سلێمانیدا بتبینمەوە..(1)

شوێنکات واتا تێکەڵاوبوونی شوێن و کات بەیەکەوە. کات سەعات شەش و نیوە و شوێنیش بەردەم کتێبخانەی سلێمانییە، هەردووکیان کات و شوێنەکە بوونەتە هۆکاری دروست بوونی شوێنکاتی هونەری. (قەرەداغی)یش لە پەراوێزی شیعرەکەدا ئاماژەی بەوە کردووە ئەم شیعرەی بۆ هونەرمەند (ئازاد شەوقی) نووسیوە، باس لە خولیای خۆی دەکات بەوەی کە حەز بەوە دەکات جارێکی تر لە هەمان شوێن چاوی بەو کەسایەتییە بکەوێتەوە. وەک لە شیعرەکەدا دەردەکەوێ پێشتر لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا یەکتریان بینیوە، بۆیە دەڵێ جارێکی تر واتا مەبەستی دووبارە کردنەوەی ئەو یەکتر بینینەیە .

(قەرەداغی) لەم شیعرەیدا باسی کات و شوێنێکی دیاریکراو دەکات و بە ئاوێتەبوونی هەردووکیان شوێنکاتی هونەری بنیات دەنێت و دەڵێت :-

کوڕەکان
لە عەسرێکی پاییزدا
دێنەوە ماڵەوە
جانتای قوتابخانە تووڕ دەدەن و

(1)دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک ، ب١، ل٣٣٦.

جانتای سەفەر دەپێچنەوە
سوار قەتار دەبن و
هەر یەکەیان بۆ جێگایەکی دوور دەڕۆن
.
.
.
کوڕەکان بەیانییەک سەعات نۆ
لە چایخانەکەی گەراج
بەرامبەر یەک دادەنیشن
چایەک دەخۆنەوە و جگەرەیەک دەکێشن
پاشان جانتاکانیان هەڵدەگرن
سوار پاسێکی کۆستەر دەبن
زۆر غەمگین
جامەکەی لای خۆیان دەکەنەوە و
بەرەو جێگایەکی دوور دەڕۆن([1])

مەبەستی شاعیر لە کوڕەکان دیارە کە کوڕانی کوردستانە، هەر یەکێک لە کوڕان و گەنجانی کورد خەون و هیوا و ئاواتی خۆشیان هەیە لە نیشتمان، بەڵام کاتێ بۆیان نایەتەدی، بۆیە ناچارن بەرەو مەنفا بڕۆن. چایخانەش وەکو شوێنێک کە جێگای حەوانەوە و کات بەسەربردنە، لەو شیعرەشدا چەند کوڕێک سەعات نۆی بەیانی بەرەو چایخانە دەچن و لەوێ چایەک دەخۆنەوە و جگەرەیەکیش دەکێشن، مەبەست حەوانەوەیە بۆ ماوەیەکی کاتی، ئەم شوێنە (چایخانە) بۆتە هۆی کۆکردنەوەیان تا لەوێوە بەرەو ئەو شوێنە بڕۆن کە سەفەری بۆ دەکەن.

(کەژاڵ ئیبراهیم)یش لە شیعری (تریفەی مانگ و غەمگینی دڵم) شوێنکاتی هونەری لە دەقەکەیدا بەرجەستە کردووە و دەڵێت :-

ئەی پەخشندەترین مرۆڤ

---

([1]) دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب٢، ل١٩٩-٢٠٣.

ئەو کاتانەی لە گیرفان و لە بەرۆکی کوردستانا
بۆم دەگەڕێی
من ئەو کاتە لەناو گەرووی قەندیلدام و
دەبم بە تیشک و، بە باهۆز
ئەو شەوەش تۆ
دێیتە گەرووی قەندیلەوە
بۆم دەگەڕێی
بوومەتە هەور
چوومە چیای بونتەوە و
لەگەڵ باران و هەورە بروسکە
ئەبم بە تابلۆیەک
لەسەر شاخی بابەگوڕگوڕ(١)

هەروەها لە شیعرێکی تردا دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو و باس لە کاتێکی ڕابردوو دەکات کە لە شوێنێکدا ژووانیان هەبووە، بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو شوێنکاتی هونەری لەو دەقە شیعرییەدا چنیوە و دەڵێت:-

بەبیرت دێ
لە قەراغی شەقامێکدا
بە خۆت و گوڵێکی شپرزەوە
دەهاتی و دەچووی
چاوێکت لەسەر کاتژمێری دەستت و
ئەوی تریان لەسەر کۆڵانەکانی ماڵی ئێمە
نەسەعات ئەهات و ئەڕۆشت
نەتۆش لە تاماشام بێزار ئەبوویت
لەم ساتەدا بەیەکەوە
خەمەکانی دڵەڕاوکێ و
گەلاکانی خۆشەویستی هەڵ ئەوەرن(٢)

---

(١) کەژال ئیبراهیم خدر، تاریکی شەو و پەنجەرەی عەشق، ل١٥-١٦
(٢) سەرچاوەی پێشوو ، ل١٤٠

(کەژاڵ ئیبراهیم) بەهۆی تەکنیکی گەڕانەوە (فلاشباک) باس لە بیروەرییەکانی ڕابردووی خۆی دەکات، ئەو کات و شوێنانەی کە بوونەتە هۆی لەیەک نزیکبوونەوە و چاوپێکەوتنی لەگەڵ خۆشەویستەکەی. بەهۆی ئەو تەکنیکەوە هەردوو ڕەگەزی کات و شوێنی لە خزمەت ئەزموونی ئەدەبی لە دەقەکەیدا بەکارهێناوە.

# ئەنجام

**ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە :-**

لــە دووتــوێی لێکۆڵینــەوەمــان لــە (بنیــاتی شــوێن لــە شــیعری هاوچــەرخــی کوردیــدا- دەقــەکــانی دلاوەر قــەرەداغــی و کــەژاڵ ئیبــراهیم خــدر) وەک نموونــە گەیشــتینە ئــەم ئەنجامانەی خوارەوە:-

١- گرنگیدانی ( دلاوەر قەرەداغی ) و ( کەژاڵ ئیبراهیم خدر ) بە شوێن لە دیوانەکەیاندا ڕوون و ئاشکرایە ، بەڵام گرنگیدانەکەیان بەپلەی جیاواز دەردەکەوێت ، شوێن لای ( دلاوەر قەرەداغی) هێندە گرنگە تەنانەت ناونیشانی دیوانەکەیشی بەناوی شوێنەوەیە (جادەی مێخەک) ، ئەمە جگە لەوەی بەشێکی زۆری ناونیشانی شیعرەکانی بەناوی شوێنەوەن وەک (ئەو گوندە، ماڵێک لەناو زەریا ماڵێک لە تەنیشت بیابان ، باغچەی پاشا ، کۆڵان، کەلار، شار، جادەی مێخەک، هەیوانی تەنیایی، گەڕەکی شاعیران، ...هتد ) بەڵام لای (کەژاڵ ئیبراهیم) بەبەراورد لەگەڵ قەرەداغی کەمترە ( شاری شەهید، بیابانی گریان، باخچەی عەشق، نیشتمانێک لەئەرخەوان ....هتد).

٢- خاڵی لێکچوون لەنێوان ( دلاوەر قەرەداغی و کەژاڵ ئیبراهیم خدر ) ئەوەیە کە هەردووکیان شێوازێکی ئاشکرا و ڕوونیان هەیە لە ڕووی زمانی شیعرییەوە، واتا بە بەکارهێنانی زمانێکی ڕوون گفتوگۆیەکی قووڵ لەسەر شتەکان دەکەن .

٣- خاڵێکی تری لێکچوون ئەوەیە کە ( دلاوەر قەرەداغی و کەژاڵ ئیبراهیم خدر ) هەرچەندە شوێنی خەیاڵییان لە شیعرەکانیاندا بەرجەستە کردووە، بەڵام هەردووکیان بە شێوەیەکی زیاتر شوێنی واقیعیان بەکارهێناوە، دیارە ئەمەش هەم بۆ ئەوەی واقیعیەت بە شوێنەکان بدەن، هەمیش دیارە زۆربەی ڕووداوەکان لە شوێنی واقیعی ڕوویانداوە و ڕووش دەدەن .

٤- هەردوو شاعیر ( دلاوەر قەرەداغی و کەژاڵ ئیبراهیم خدر ) شوێنی کراوەیان زیاتر بەکارهێناوە وەک لە شوێنی داخراو، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە بەشێوەیەکی گشتی ڕووداوەکان لە شوێنی کراوە زیاتر ڕوودەدەن بە تایبەتیش هەردوو شاعیر لە شیعرەکانیاندا ئاماژەیان بۆ کۆمەڵێک ڕووداوی جیاواز لە شوێنی جیاواز کردووە

وەک ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و کارەساتی ١ی شوباتی شاری هەولێر و.. هتد, ئەمە جگە لەوەی کە ( دلاوەر قەرەداغی) بەهۆی ئەو نامۆییە دەروونییەی ،کە شاعیر تێیدا دەژێت، دەیەوێ لە ڕێگای شیعرەوە کەمێک لەو کاریگەرییە دەروونییە لاببات، چونکە بە گشتی شیعر دەربڕینی هەست و سۆزی شاعیرە لە خودی خۆی .

٥- خاڵی جیاوازیشیان، ( دلاوەر قەرەداغی) بەهۆی ئەوەی لە تاراوگەدا دەژیت، شوێن گۆڕکێی کردووە، ئەم شوێن گۆڕینە کاریگەری کردۆتە سەر شیعرەکانی، واتا بۆتە هۆی ئەوەی کە لە شیعرەکانیدا ڕەنگدانەوەی هەبێت، بەوەی کە تەنیایی و نائومێدی و نامۆیی لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێت، بەڵام (کەژاڵ ئیبراهیم خدر) شوێن گۆڕکێی نەکردووە، ئەگەر کردبێتیشی ئەوا نەبۆتە هۆی ئەوەی کە لە شیعرەکانیدا ڕەنگدانەوەی هەبووبێت .

٦- سەبارەت بە ناوەرۆکی شیعرەکانی ( دلاوەر قەرەداغی) لەبەر ئەوەی شاعیر دوورە لە نیشتمان و خاکەکەی، بۆیە زیاتر شیعرەکانی تایبەتن بە شوێن و خۆشەویستی نیشتمان و خاک و وڵات، بەڵام (کەژاڵ ئیبراهیم) لەبەر ئەوەی لە ژینگەیەکی داخراودا دەژێت، بۆیە دەبینین ناوەرۆکی شیعرەکانی زیاتر باس لە چەوسانەوە و خەم و ئازارەکانی ئافرەت و کۆمەڵگا و نیشتمان دەکات .

٧- لەبەر ئەوەی (کەژاڵ ئیبراهیم) خۆی لەناو بەشێک لە کارەساتەکانی (قەڵادزێ) بووە، بۆیە ئەم ڕووداوە کاریگەرییەکی زۆری لە ڕووی دەروونییەوە لەسەر جێ هێشتووە، بۆیەش دەبینین شاعیر لە کەسانی تر زیاتر لە خەم و ئازارەکانی هەڵەبجە و ئەنفال دەگات، بەم بۆنەیەوە چەندین شیعری لەسەر ئەم کارەساتانە نووسیوە .

٨- (کەژاڵ ئیبراهیم) لە جۆرەکانی شوێندا بە شێوەیەکی زۆرتر شوێنی جەستەیی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، کە ئەویش بە دوو شێواز لە شیعرەکانیدا بەرجەستەی کردووە. (ا) بە مەبەستی سیاسی و کۆمەڵایەتی یاخود خۆشەویستی بێ ئەندازەی بۆ شوێنێک وای کردووە کە ڕۆح بەبەر ئەو شوێنەدا بکات و، وەکو مرۆڤ لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناوە. (ب) شوێنە جەستەییەکانی ئاوێتەی سۆز و خۆشەویستی کردووە بۆ دەربڕینی هەستی خۆشەویستی خۆی بەرامبەر

خۆشەویستەکەی یاخود بەرامبەر مرۆڤ بە گشتی. (کەژاڵ) ویستوویەتی ئەو بەربەستە بشکێنێ کە ڕێگرە لەبەردەم دەربڕینی ئازادانەی ئافرەتاندا، بۆیە هەوڵی داوە وەکو ڕەگەزی مێ باسی شتەکان بکات بە تایبەتیش ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ .

٩- (قـەرەداغـی) بـە شـێوەیەکـی بـەرچـاو کـاری لـەسـەر (تۆبۆگرافیـای شـیعری) کـردووە، بـە تایبـەتـی شـێوازی بڕگـەکـردن لـە شـێوەی (پیـت)، دیـارە ئـەمـەش ئـەزمـوونی شـاعیر لـەم بـوارەدا دەردەخـات ، بـەڵام ئـەم تـەکنیکـە لـەشـیعرەکـانی (کەژاڵ ئیبراهیم ) بەرچاو ناکەوێت .

# سەرچاوەکان

## أ- سەرچاوە کوردییەکان :


**یەکەم: کتێبەکان :-**

١- پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

٢- جەبار ئەحمەد حسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عیراق (١٩٥٠-١٩٧٠)، چاپی یەکەم، دەزگەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٣- حەمە سەعید حەسەن، شیعر لە زاری ژنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣.

٤- دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، ب١-ب٢، چاپی یەکەم، چاپخانەی جایی، تاران، ٢٠١٣.

٥- سەباح ئیسماعیل، چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.

٦- عبدالله سەراج، بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٧- عەلی تاهیر حسێن، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، چاپی یەکەم، دەزگەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٨- کەژاڵ ئیبراهیم خدر، ئاوەنگی وەرینی گوڵەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٩- کەژاڵ ئیبراهیم خدر، تاریکی شەو و پەنجەرەی عەشق، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢.

١٠-نەجم ئەڵوەنی(د) سێ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی شیکاری لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

١١-نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، شیعریەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠١١.

**دووەم:- نامە زانکۆییەکان :-**

١- تانیا ئەسعەد محەمەد، بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە-ئەژدیها)، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٦.

٢- سەردار ئەحمەد حەسەن، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١)، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٢.
٣- هاوژین صلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی شیعری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، نامەی ماجستێر، کۆلیژی زمان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨.

**سێیەم:- گۆڤارەکان :-**

١- عبدالله تاهیر بەرزنجی، دەقی بینینکاری و خوێندنەوەی، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە(١٢-١٣)، ١٩٩٩.

**چوارەم:- فەرهەنگەکان :-**

١- عبدالرحمن شرفکندی (هەژار)، هەنبانە بۆرینە، (کوردی – فارسی)، چاپ سوم، چاپخانەی ئینتشارات سروش، تهران، ١٣٨١.
٢- محمد خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، بەشی یەکەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٠.

## ب-سەرچاوە عەرەبییەکان :

**یەکەم: کتێبەکان :-**

١- ابراهيم الحجري، شعرية الفضاء في الرحلة الاندلسية، نموذج القلصادي، قدم لة وراجعة: د.غسان غنيم، الطبعة الاولى، دار النايا و دار محاكاة للدراسات والنشر والتوزيع، ديمشق- سورية،٢٠١٢.
٢- الاخضر بن السايح(د)، سطوة المكان وشعرية القص في رواية ذاكرة الجسد (دراسة في تقنيات السرد)، الطبعة الاولى، عالم الكتب الحديث، اربد- الاردن، ٢٠١١.
٣- ارسطو طاليس، الطبيعة، ت:اسحاق بن حنين، عبدالرحمن بدوي، الدار القومية للطبع والنشر، القاهرة- مصر، ١٩٦٤.
٤- حبيب مونسي (د)، فلسفة المكان في الشعر العربي، قراءة موضوعاتية جمالية، مطبعة اتحاد الكتاب العرب، ديمشق- سورية، ٢٠٠١.
٥- حسين مجيد العبيدي، نظرية المكان في فلسفة ابن سينا، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد- العراق، ١٩٨٧.
٦- حميد لحمداني (د)، بنية النص السردي من منظور النقد الادبي، الطبعة الثالثة، المركز الثقافي العربي للطباعة والنشر والتوزيع، الدار البيضاء- مغرب، ٢٠٠٠.

٧- حنان محمد موسى حمودة (د)، الزمكانية وبنية الشعر المعاصر (احمد عبدالمعطي نموذجا)، الطبعة الاولى، عالم الكتب الحديث، عمان- الاردن، ٢٠٠٦.
٨- رولان بورنوف و ريال ئوئيلية، عالم الرواية، ت: نهاد التكرلي، مراجعة: فؤاد التكرلي و محسن الموسوي، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩١.
٩- زكريا ابراهيم (د)، مشكلة البنية، دار مصر للطباعة، القاهرة.
١٠- سيزا احمد قاسم(د)، بناء الرواية، دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ، مطابع الهيئة المصرية العامة، ١٩٨٤.
١١- سيزا احمد قاسم (د) ، القاريء والنص.. العلاقة والدلالة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ٢٠١٣.
١٢- شاكر عبدالحميد(د)، التفضيل الجمالي، عالم المعرفة، ٢٦٧، مطابع الوطن، الكويت، ٢٠٠١.
١٣- شاكر النابلسي، جماليات المكان في الرواية العربية، الطبعة الاولى، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٤.
١٤- صلاح فضل(د)، النظرية البنائية في النقد الادبي، الطبعة الثالثة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧.
١٥- عبدالرحمن بدوي، موسوعة الفلسفة، ج٢، منشورات ذوي القربى، ١٤٢٨هجري.
١٦- عزالدين اسماعيل، التفسير النفسي للادب، د.ت. دار العودة، بيروت- لبنان.
١٧- علي ابراهيم(د)، الزمان والمكان في روايات غائب طعمة فرمان، دراسة نظرية تطبيقية، الطبعة الاولى، الاهالي للطباعة والنشر والتوزيع، ديمشق- سورية، ٢٠٠٢.
١٨- غاستون باشلار، جماليات المكان، ت:غالب هلسا، الطبعة الثانية، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت- ١٩٨٤.
١٩- فاطمة عبداللة الوهيبي(د)، المكان والجسد والقصيدة، الطبعة الاولى، المركز الثقافي العربي، بيروت- لبنان، ٢٠٠٥.
٢٠- فاطمة عيسى جاسم(د) غائب طعمة فرمان روائيا، دراسة فنية، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠٤.
٢١- فتحية كحلوش، بلاغة المكان (قراءة في مكانية النص الشعري)، الطبعة الاولى، مؤسسة الانتشار العربي-بيروت- لبنان، ٢٠٠٨.
٢٢- فرانسيس.ت.ماك اندرو(ا.د.)علم النفس البيئي، ت:ا.د. عبدالطيف محمد خليفة و د.جمعة سيد يوسف، مطبوعات جامعة الكويت، ٢٠٠٢.

٢٣- قادة عقاد، دلالة المدينة في الشعر العربي المعاصر (دراسة في اشكالية التلقي الجمالي للمكان)، اتحاد الكتاب العرب، ديمشق، ٢٠٠١.
٢٤- مجموعة من الباحثين، جماليات المكان، الطبعة الثانية، الدار البيضاء، ١٩٨٨.
٢٥- ميخائيل باختين، اشكال الزمان والمكان في الرواية، ت: يوسف حلاق، منشورات وزارة الثقافة، ديمشق، ١٩٩٠.
٢٦- ياسين النصير، اشكالية المكان في النص الادبي (دراسة نقدية)، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦.
٢٧- ياسين النصير، الرواية المكان، دراسة في الرواية العراقية المعاصرة، الموسوعة الصغيرة ٥٧، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠.

**دووەم:- نامە زانكۆییەكان :-**

١- احمد رشيد وهاب الدرة، السردية في النقد الروائي العراقي (١٩٨٥-١٩٨٦)، رسالة ماجستير، كلية التربية للبنات، جامعة بغداد، ١٩٩٧.
٢- بدر نايف الرشيدي، صورة المكان الفنية في شعر احمد السقاف، رسالة ماجستير، كلية الاداب والعلوم، جامعة الشرق الاوسط، ٢٠١٢.
٣- حيدر لازم مطلك، المكان في الشعر العربي قبل الاسلام، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٧.
٤- شجاع مسلم العاني، البناء الفني في الرواية العربية في العراق، اطروحة دكتوراة، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٧.
٥- فيصل غازي محمد النعيمي، العلامة في ثلاثية ارض السواد لعبد الرحمن منيف، دراسة سيميائية، اطروحة دكتوراة، كلية التربية، جامع الموصل، ٢٠٠٥.
٦- نوزاد احمد اسود، المدينة في قصص جليل القيسي (قراءة سايكو- سوسيولوجية)، رسالة ماجستير، كلية اللغات، جامعة السليمانية، ٢٠٠٧.

**سێیەم:- گۆڤارەكان :-**

١- احمد حسين الجاراللة، البنية السردية في قصص لطيفة الدليمي، الاقلام، العدد الثالث، السنة السادسة والثلاثون، ٢٠٠١.
٢- اعتدال عثمان، جماليات المكان في الشعر، الاقلام، العدد الثاني، شباط، ١٩٨٦.

٣- شاكر عبدالحميد، الوعي بالمكان ودلالتة في قصص (محمد العمري)، مجلة الفصول، العدد الرابع، المجلد الثالث العشر، ١٩٩٥.

٤- شرييط احمد شرييط، الفضاء، المصطلح والاشكاليات الجمالية، المدى، العدد السادس، ١٩٩٤.

٥- غيداء احمد سعدون شلاش(د) ، المكان والمصطلحات المقاربة لة- دراسة مفهوماتية، مجلة ابحاث كلية التربية الاساسية، العدد الثاني، المجلد الحادي والعشر، ٢٠١١.

٦- لطيف محمد حسن(ا.م.د)، الجسد المكان في ديوان (انا بهاء الجسد لمحمد ادم)، مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية، كلية التربية- جامعة تكريت، العدد الرابع، المجلد السابع عشر، ٢٠١٠.

٧- محمد حافظ دياب (د)، طبوغرافيا النص الشعري القصيدة العربية نموذجا، مجلة المنار، العدد الحادي والخمسون، ١٩٨٩.

٨- نعمة محمد ابراهيم، نظرية المكان في فلسفة الحسن بن الهيثم الطبيعية ، مجلة اداب مستنصرية ، عدد ١٢ .

## چوارەم:- سەرچاوەی ئینتەرنیت بە زمانی عەرەبی :-

١- رشيد يحياوي، تجليات المكان الشعري، تحولات وفضاءات المقال www.Arrafid.ae

٢- عبدالرزاق المساوي، جمالية المكان في الشعر، مقاربة اسلامية للمفهوم...للشعر والمساجلات والمشاركات الشخصية والمنقولة www.ryomty.com

٣- http;//ar.wikipedia.org

٤- pollcedz.keuf.net

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# The Structure of the Place in the Contemporary Kurdish Poetry the Anthology of ( Dilawar Qaradaghi and Kazhal Ibrahim khdir )

## A Thesis

Submitted to the Council of the College of Language Salahaddin University - Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master of Arts in Kurdish Literature

**By**
**Kazhal Abdulqadir Osman**
**B.A. in Kurdish Langue and Lecture - 2009**

**Supervised by**
**Asst. Prof. Dr. Fuad Rashid Mohammed**

**Erbil, KURDISTAN**
**October 2015**

# Abstract

This dissertation is titled (the structure of place in the contemporary kurdish poetry : the anthology of ( dilawar qaradaghi and kazhal Ibrahim khdir as examples) this dissertation is an attempt to examine and evaluate how the concept of place reflects in the Kurdish contemporary poetry drawing examples from texts of both poets, the content of this dissertation is divided into the following three chapters.

The first chapters consists of three discussion parts, in the first discussion part the researcher talks about the relations between man and the place from both physical and philosophical dimensions

In the second discussion the researcher addresses the presence of the place in the literature

And in the third discussion the researcher explained and clarified the concept of structure term.

Furthermore, the researcher talkes about the place in the poetry in particular.

The second chapter consists of two discussions; in the first discussion the researcher talks about the quantity and the quality of the presence of the place element within the anthology of the two poets (dilawar qaradaghi and kazhal Ibrahim khdir)

And in the second discussion, the researcher focused on the topographical anthology and it is types

The third chapter consists of two discussions; the first discussion the researcher talks about place and artistic images and symbols



The third chapter consists of two discussions; the first discussion the researcher talks about place and artistic images and symbols



In the second discussion the researcher talks about the dualism of time and place.